هۆگر تاهیر تۆفیق

# ئەلفوبێی کوردی

## بە پیتی عەرەبی و پیتی لاتینی

## دروستبوون و پەرەسەندنی

## 1898 - 1932

وەرگێڕانی

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

❋ ناوی کتێب: زمانەوانی
❋ نووسینی: هۆگر تاهێر تۆفیق
❋ وەرگێڕانی : نەریمان عەبدوڵڵا خۆشتاو
❋ تایپیست: کۆچەر ئەنوەر
❋ نەخشەسازی: عەبدوڵڵا ڕەحمان
❋ چاپ: یەکەم
❋ چاپخانە:
❋ تیراژ: 1000 دانە
❋

پێشکەشە بە :

- دایکم و باوکم.
- خوشك و براکانم.
- هاوسەری ژیانم.
- کۆرپەکەم.



# ناوەرۆك


پێشەکی ........ 5

ئەلفوبێی کوردی پێش ئیسلام........ 13

زمانی کوردی لە چەرخی نوێدا........ 16

سەرهەڵدانی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی و یەکەم پەرتووك کە لەلایەن (خەلیل خەیالی)ەوە لەبارەیەوە نووسراوە 1898 ـ 1910........ 25

ڕۆڵی کۆمەڵەی (هێڤی) لەپێشڤەبردنی ئەلفوبێی کوردیدا 1912 ـ 1914........ 39

گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)........ 41

ئەلفوبێی سالح بەدرخان........ 49

ئەلفوبێی ئۆردۆ........ 52

ئەلفوبێی عەبدولڕەزاق بەدرخان 1913........ 54

پێشکەوتنی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی لە کوردستانی باشوور لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا........ 60

گۆڤاری دیاری کوردستان........ 67

ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی 1913 ـ1932........ 78

ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان........ 87

کۆتایی........ 101

پاشکۆکان........ 104

سەرچاوەکان........ 148

# پێشەکی

مەسەلەی ئەلفوبێی کوردی لەسالانی (1898)ەوە تا (1932)، پانتاییەکی گرنگی لە مێژووی زمان و ڕۆشنبیری کوردی گرتۆتەوە، گرنگی ئەم بابەتەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەلفوبێی کوردی لەبەرایی سەرهەڵدانیەوە، هەروەها ژین و ژیننامەی ڕۆشنبیرو پراکتیککارانی پەرەسەندنی زانستەکە، پاشان ڕاراییی و بیروڕا جیاوازەکان لەمەڕ وەرگرتن و پەیڕەوکردنی پیتەکانی زمانی عەرەبی و ڕووسی و لاتینی و یۆنانی...... هتد. هەموو دەخاتەڕوو.

جگە لەدەرەنجامەکانی هەموو ئەم کۆششانە پێشکەش دەکات بەتایبەتی پێویستە بزانین کە ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردی لەبەر دەستدان زۆر دەگمەن و کەمن، و سەرچاوە مێژووییەکانیش کەمتر ناوی ئەو زانستەیان هێناوە، جا توێژینەوەو لێکۆڵینەیان لەسەر کردبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەو بەرهەمە ئەدەبی و زانستیانەی لەو ماوەیەدا کە لەکوردستان نووسراون ونبوونە، چونکە لەو ماوەیەدا کوردستان ڕووداوی زۆر گەورەو دڵتەزێنی بەخۆیەوە بینیوە، پاشان بووە هۆی دابەشبوونی کوردستان لەنێوان چوار دەوڵەتدا، کە (تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا)یە، ئەم حاڵەتەش بگرە هەندێك لەو دەوڵەتە داگیرکەرانە دانیان بەبوونی نەتەوەی کوردیش دانەدەنا، نەك هەر



پەراوێزخستنی لایەنی ڕۆشنبیری و زمانە کوردیەکەی، بەڵکو لەتورکیا بەکورد دەوترا تورکەکانی چیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ماوەیە بەبنەمای دامەزراندنی ڕۆشنبیریی و زمانی کوردی لەقەڵەم دەدرێت، لەم ماوەیەدا میللەتی کورد، بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە لەڕیزی دواوەی ژین و ژیاری پێشڤەچووی میللەتاندان بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دراوسێی خۆیاندا، وەکو (تورك و فارس و ئەرمەن گەڕاندەوە و عەرەب)، ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە هۆکارەکانی ئەم دواکەوتنەیان بۆ نەزانی و نەخوێندەواری بەزمانی کوردی، کە چەندەها سەدەیە زمانی کوردی تەنها زمانی گوتارو قسەکردنە، نەك زمانی زانست و زانین و خوێندن، کەچی میللەتانی دی زمانی نووسین و ئەلفوبێی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بەرهەمە ڕۆشنبیریی و ئەدەبیەکانی خۆیان پێ دەنووسن.

میللەتی کورد هەر لەسەرەتاوە دەرکیان بەوە کردووە کە زمانێکی پاراو و سەربەخۆیان هەیەو نەتەوەکەشیان چەندەها جیاکاری لەخۆگرتووەو جوگرافیاو کەلتورو مێژوو و داب ونەریتێکی بێ وێنەیان هەیە، کە لەمیللەتانی دی جیایان دەکاتەوە، کەواتە بۆچی بە زمانەکەی خۆیان نەنووسن و زمانەکانی دی بەکار نەهێنن بۆ نووسینی ڕۆشنبیرییەکەیان، ئایا زمانی کوردی بەکەڵکی نووسین نایەت؟ ئەی بۆچی زمانی فارسی و تورکی بۆ نووسین بەکاردێن؟ بەڵام هەمان ئەو پرسیارە سەبارەت بەزمانی عەرەبی ناکەین، چونکە زمانی قورئانی پیرۆزە، لێرەوە ڕۆشنبیری کورد

گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەنووسین و دروست کردنی بەرهەمە ڕۆشنبیریەکاندا، هیچ لەمپەرێك لەئارادانییە بۆ ئەو مەرامە پیرۆزەش، تەنها پێویستی بە ئەلفوبێیەك هەیە کە بە کەڵکی نووسین و هۆنینەوە بێت، بۆیە ئیتر لەم پێگەیەوە ڕۆشنبیرە کوردەکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بۆ زمانی کوردی، هەروەك چۆن لەجیهانی ئیسلامدا میللەتانی دیکەی موسڵمان ئەم کارەیان ئەنجامداوەو بەپیتی عەرەبی دەنووسن ، پاشانیش بیر لەوە کرایەوە کە ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو هەڵبژێرن، چونکە بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی هەندێك گرفتی تێدایە، وەکو نەبوونی هەندێك دەنگ لەزمانی عەرەبیدا، هەروەها بەپێچەوانەشەوە بوونی ئەو دەنگانە لەزمانی کوردیدا، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە، ڕۆشنبیرانی کورد پێیان باش بوو ئەلفوبێیەکی کوردی دابمەزرێنن، ، پاش ئەوەش ئاراستەیەك لەناو میللەتی کورددا دروست بوو بۆ پەیڕەوکردنی پیتی لاتینی لە ڕێنووسی کوردیدا ، ئیتر ئەم دوو ئاراستەیە بوونە تەواوکەری یەکدی و ڕۆشنبیرانی کوردی بوونە دوو بەشەوە لەنێوان پیتی عەرەبی و پیتی لاتینیدا، بۆیە کوردەکانی عێراق و ئێران ئەلفوبێیەکی کوردییان بەکارهێنا، کە پشت بە پیتە عەرەبیەکان دەبەستێ و بەرامبەر بەوەش کوردەکانی تورکیاو سوریا ئەلفوبێیەکیان هەڵبژارد، کە پیتی لاتینی تیادا بەکاردەهێنن.

بەڵام دیاریکردنی بابەتەکە بەم چوارچێوە کاتیەوە ، واتە لە (1898)ەوە تا (1932) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم ساڵە ساڵی



(1898) یەکەم چاپکراوی کوردی تیادا دەرچوو کە ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، و هەردوو ڕۆشنبیران (میقداد مدحەت بەدرخان) و (عەبدولرەحمان بەدرخان) دەریان کردو تاساڵی (1902) بەردەوام بوو. دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە گوڕێکی مەزنی بە ڕۆشنبیری کوردیدا و پاڵنەرێکیش بوو بۆ ڕۆشنبیرانی کورد کە زیاتر بیر لە دامەزراندنی ئەلفوبێیەکی کوردی ڕەسەن بکەنەوە.

بەڵام وەستانی ئەم هەڵمەتە ڕۆشنبیرییە لەساڵی (1932)، بۆ دەرچوونی گۆڤاری (هاوار) دەگەڕێتەوە ، کە بەزمانی کوردی دەرچوو و پیتی لاتینی تیادا بەکارهێنرابوو ، کە ئەمیر (جەلادەت بەدرخان) لە (دیمەشق) دەریدەکرد. دەرچوونی ئەم گۆڤارە وەك دەسپێکی قۆناغێکی تازەبوو لەم بوارەدا ، کە تاکو ئێستا لەهەردوو وڵاتی تورکیا و سوریا کوردەکان لەڕێنووسی خۆیاندا پەیڕەوی ئەم پیتە لاتینیە دەکەن.

هەرچی سەبارەت بە نەخشەی ئەم بابەتەیە ، ئەوا بۆ پێنج تەوەرو بەراییەك پۆلێن کراوە ، جگە لە کۆتایی و لیستێکی گرنگترین پاشکۆکان، بەرایی ئەم توێژینەوەیە دوو مەسەلەی گرنگی گرتۆتەخۆ، یەکەم شت ئەلفوبێی کوردییە پێش ئیسلام و خستنەڕووی چۆنێتی لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە، دووەم شتیش خستنەڕووی مەسەلەی زمانی کوردی لەم چەرخەدا و بەتواناترین ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاریان کردووەو زمانی کوردیان تۆمارکردووە؟ جا لەڕووی تەوەرەکانەوە، ئەوا تەوەری یەکەم سەرەتاکانی دامەزراندن و سەرهەڵدانی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی

عەرەبی خستۆتەڕوو (1898 ـ 1910). ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بەیەکەمینی کۆششکارانی ئەم بوارە هەژمار دەکرێن، هەروەها ئەم تەوەرەیە باس لە (خەلیل خەیالی) و نووسینی ئەلفوبێی کوردی دەکات ، کە لە پەرتوکێکدا باسی لێوە کردووەو بەیەکەم پەرتوك لە بواری ئەلفوبێی کوردیدا دادەنرێت.

هەرچی تەوەرەی دووەمیشە باس لە ڕۆڵی کۆمەڵەی هێڤی لەنێوان سالآنی (1912 ـ 1914) دەکات لەگەڕان بەدوای ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو، ئەویش لەڕوانگەی ئەو بابەتگەلەی کە لەسەر ڕووپەرەکانی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) لەمبارەیەوە بلاوی کردۆتەوە، هەروەها ئەو بیروڕایانە دەخاتەڕوو کە ڕۆشنبیرانی کورد دەربارەی ئەلفوبێیەکەیان لەو ماوەیەدا خستوویانەتەڕوو.

تەوەری سێیەمیش باس لە ئەلفوبێیەکەی (عەبدولرەزاق بەدرخان) دەکات کە پیتە ڕوسییەکانی لەئێران لەساڵی (1913) دا تیایدا پەیڕەوکردووە و هۆکارەکانی ئەم ڕەوتەو دەرەنجامەکانی ئەم پەیڕەوکردنەشی خستۆتەڕوو. تەوەری چوارەمیش باس لە ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی و هەموو پەرەسەندنەکانی لەکوردستانی باشووردا دەکات لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا ، سەرباری ئەو کەسانەی کە کۆششیان لەمبارەدا خستەگەڕ، و ئەو چاپکراوانەی کە باس لەم بابەتە دەکەن، تەوەری پێنجەم و کۆتاییش سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی و گرنگترین کۆششەکانی ئەم بوارەیە، ئەم تەوەرە بەدرێژی باس لە



ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان) دەکات کە بەیەکەم ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی هەژمار دەکرێت، کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێنا، تاکو ئێستاش کوردی تورکیاو سوریا لەنووسیندا بەکاری دەهێنن. جا پاش ئەم تەوەرانەش پوختەی دەرەنجامەکان خراونەتەڕوو ، پاش ئەمەش لیستێکی پاشکۆکان نمایش کران، کە (13) پاشکۆ لەخۆ دەگرێت و لە وێنەکانی دەستنووسی ئەو ئەلفوبێیە کوردیانە پێك دێت، کە تاکو ئێستا کورد بەرهەمی هێناون، لەوانە ئەلفوبێیەکەی (خەلیل خەیالی)ە، جگە لە چەند دەقێکی نووسینی کوردی پێش بیرکردنەوە لە مەسەلەی ئەلفوبێی کوردی، لەکۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان دێت، کە توێژەر بۆ نووسینی بابەتەکە پشتی پێ بەستووە.

ئەم بابەتە پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوە بەستووە، کە هەندێکیان ڕۆڵێکی مەزنیان لەدەوڵەمەندکردنی بابەتەکەدا گێڕاوە، لەپێش هەموویشیانەوە یاداشتنامەکانی (زنار سلۆپی)ە ، کە لەژێر ناونیشانی (60 ساڵ خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد دژ بە کۆیلایەتی)، (زنار سلۆپی) گەواهیدەرێکی ڕاستەقینەی ئەم ماوەیەیە، چونکە لەناو جەنجاڵی ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانی ئەو قۆناغەدا بووە، تاکە کەلێنێك کە لەیاداشتنامەکانیدا هەبووبێ ئەوەیە، کە ڕووکەشیانە بەسەر هەندێ ڕووداودا تێدەپەڕێ ، هەرچەندە بەقووڵی تاووتوێی هەندێك ڕووداوی مێژوویی کردووە، بەڵام تەم ومژەکانی هەموو لەسەر لانەداوە، هەروەها لەتوێی ئەو پەرتووکانەی دی کە ئەم توێژینەوەی بەردەستتان سوودی لێ

بینیوە، پەرتووکی (mehemet Bayrak) کە بەزمانی تورکی نووسیویەتی و بەناونیشانی (kurdoloji Belgeleri) ، نووسەری ئەم پەرتووکە پەرتووکەکەی (خەلیل خەیالی) بڵاوکردەوە، کە سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردییەو ساڵی (1909) نووسیویەتی، بەڵام لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی (خەلیل خەیالی) کارێکی شایستەیە، چونکە بەو لەچاپدانە پەرتووکەکەی (خەلیل خەیالی) لەناوچوون پاراست، جگە لەوەی کە بە بڵاوکردنەوەی ئەو پەرتووکە ڕۆشنایی خرایەسەر قۆناغێکی گرنگی مێژووی ڕۆشنبیری و زمان و ئەلفوبێی کوردی، هەروەها پەرتووکی (Alfabeya kurdi) کە (Celadet celiker) بەزمانی کوردی و بەپیتی لاتینی نووسیویەتی، لەگرنگترین ئەو پەرتووکانە هەژمار دەکرێت کە باس لەڕەوشی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی دەکات، بەتایبەتی ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان)، لەو پەرتووکانەی تریش کە زۆر سوودمان لێبینی پەرتووکی (ڕێنووسی کوردی لەسەدەدیەکدا)یە ، کە (حامید فەرەج) بە زمانی کوردی و بەپیتی عەرەبی نووسیویەتی، ئەم پەرتووکە بەگرنگترین نووسراو لەمبوارەدا دادەنرێت، چونکە پەرتووکەکە ڕەوشی زمان و ئەلفوبێی کوردی لەماوەی (100) ساڵدا دەخاتەڕوو، جگە لەکۆکردنەوەی بابەتی باش و بەپێز سەبارەت بە مێژووی زمانی کوردی، سەرباری ئەم هەموو پەرتوکانە ئەم توێژینەوەیە پشتی بەچەندەها نووسین و وتار بەستووە کە گرنگیان لەوانی دی کەمتر نییە، و لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.



### دەستپێك

## ئەلفوبێی کوردی پێش ئیسلام

ژمارەیەك سەرچاوە ئاماژەیان بەوە کردووە ، کە پێش ئیسلام، کورد پیتی تایبەتی خۆی هەبوو پێیان نووسیوە، بۆ نموونە (بلەچ شێرکۆ) باسی کردووە، کە زمانی کوردی لەپێش ئیسلامدا و ڕێنووسی کوردی ئەوکاتە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرا، و ئەلفوبێیەکی سەربەخۆشی بۆ زمانی کوردی هەبووە ، کە لەسەر شێوەی ئەلفوبێی ئاشوری و ئەرمەنی بووە.

بەڵام پاش موسڵمان بوونی میللەتی کورد و ئەو پیتە کوردیانەیان وازیان لێهێناوە و دەستیان بە ئەلفوبێی عەرەبییەوە گرت، زمانی قورئانی پیرۆزە[1]، سەرباری ئەوەی توێژەرو مێژوونووسانی کورد باسی ئەم بابەتەیان کردووە و سەلماندویانە بۆ نموونە (حوسێن حوزنی و گیوی موکریانی) کە لە بەرهەمەکانیاندا، و وتوویانە کە کورد (2800) ساڵ پێش زایین ، واتە پێش هاتنی ئیسلام، پیت و ئەلفوبێی تایبەت و سەربەخۆی خۆیان هەبووە، و وێنەی دەقێکی نووسراو و دەقێکی تری ئەلفوبێی کوردیان لەگەڵ سەرچاوەکەیدا بڵاوکردۆتەوە، کە پەرتووکی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام)ی (ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر کوڕی

[1] - د. بلەج شیرکو، القضیة الكوردية، ماضي الكورد وحاضرهم، مصر، 1930، ص 16.

وەحشی نەبەتی کلدانی)ە، کە مێژووی نووسینی بۆ ساڵی (241) ی کۆچی (856)[1]ی زایینی دەگەڕێتەوە.

پاش ئەویش (محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) توێژینەوەیەکی سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەنجام داوەو دانەیەکی لەپەرتووکی (شوق المستهام) پەیداکردووە و توێژینەوەی دەربارەی کردووە و بۆی دەرکەوتووە، کە کورد پێش هاتنی ئیسلام پیتی سەربەخۆی خۆیان هەبووە و وتوویەتی نووسەری (شوق المستهام) لەهەردوو لاپەڕەی (134) و (135) پاش ئەوەی کە ناوی خەتەکان (ئەبجەدیاتەکان)ی ئەوکاتە دەهێنێت و لەژێر ناونیشانی (**سیفەتی پێنووسێکی تر لە پێنووسە کۆنەکان**) ئاماژە بە خەتێکی نامۆ دەکات، دەربارەی ئەو خەتە وتویەتی ((چەند پیتێکی زیادەی سەبارەت بەڕێساکانی پیت نووسین تیادایە، کە (کوردەکان)ی پێ دەوترێت، گوایە ئەو قەڵەمە بووە کە (بینوشادو ماسی سوراتی) هەموو زانست و هونەرەکانی خۆی بەو قەڵەمە نووسیوە، باقی پیتەکانی تریش هیچ نموونەیەك و درکاندنێکمان دەربارەیان نە لەهیچ زمان و نە لە هیچ قەڵەمێکدا نەدۆزیوەتەوە، چونکە ئەم پیتانە لە قەڵەمە

[1] - حوسێن حوزنی موکریانی، نیشانەی مێژووی کوردانی پێشینێ، گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە(18)، رەواندوز، 27ی ئاداری 1929، ل 2–3. لە : زاری کرمانجی، ئامادەکردنو پێشەکی: کوردستان موکریانی، هەولێر، 2002. گیو موکریانی، گیونامە، هەولێر، 1960، ل 20–21. محمد الملا عبدالکريم، كان للكورد ايضا حروفهم التي يكتبون بها، مجلة گولان العربي، العدد(40)، اربيل تشرين الاول، 1999، ص 97.



سەرسوڕهێنەرو ڕێنووسە نامۆکانن...هەروەها لەشاری بەغدا لە (ناوس)[1] نزیکەی (30) پەرتووکم بینیوە، کە بەمجۆرە ڕێنووسە نووسراوە، لە شامیش دوو پەرتووکی لەمجۆرە هەبوون، پەرتووکێکیان سەبارەت بە ناشتن و کشتوکاڵی (ترێ و دارخورما) بوو و پەرتووکەکەی تریش دەربارەی (گرفتەکانی ئاوەڕۆ و چۆنێتی دەرهێنانی ئاو لەو زەویانەدا کە ئاوەدان نین)بوو، منیش ئەو دوو پەرتووکەم لەزمانی کوردییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی خەڵکی سوودی لێ ببینن))[2] .

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە کورد ئەلفوبێی تایبەتی و سەربەخۆی خۆیان هەبووە، کە پێش ئیسلام لەنووسین و خوێندندا بەکاریان هێناوە، نووسەرەکە ئاماژەی بەوە کردووە ، کە نزیکەی (30) پەرتووکی لەمجۆرەی بینیوە، و دوو پەرتووکیشی لەم ڕێنووسەو لەم زمانەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، بەکارهێنانی میللەتی کورد بۆ ئەم ئەلفوبێیە کە داهێنان و زادەی هزری خۆیانە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە توانایەکی تایبەت و سەربەخۆیان هەبووە وەك گەلێکی خاوەن کیان لەو کاتەدا، جگە لەو خەسڵەت و جیاکاریانەی کە لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا هەیانبووەو ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد دێرینترین گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

[1] - ناوس، گۆڕستانێکی مەسیحییەکانە، بڕوانە: محمد الملا عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو ، ل 101.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 98. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (1).

## زمانی کوردی له چەرخی نوێدا

پـاش موسـڵمانبوونی کـورد، نووسـینی کـوردی پاشەکـشەی کـردو میللەتی کورد زیاتر دەستیان دایە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تـورکی و بەو زمانانە بەرهەمەکانی خۆیان لـەبوارەکانی مێـژوو یـان لـە بـواری ئەدەبدا. دەهۆنییەوە نەتەوەی کورد زۆر گرنگیـان بـەزمانی عـەرەبی دا، چونکە زمانی قورئانی پیرۆزە، هەروەها گرنگیان بەهەردوو زمانی فارسی و تورکیدا ، چونکە زمانی فەرمی شاو سوڵتەکان بوو لە هەردوو دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بوون.[1]

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییـە کـە میللـەتی کـورد هـیچ شـتێکیان بەزمانەکەی خۆیان نەنووسـیبێ، بەتایبـەتی لـەبواری ئـەدەب و زمـان و ئایینی ئیسلامیدا. بۆ تۆمـارکردنی زمانەکەشـیان ئـەلفوبێی عـەرەبیان بەکارهێنا، بۆ نموونە چەندەها شاعیر هەن کە لەسەرەتای سەدەی (11) ی زاینیەوە[2] شیعرەکانی خۆیان بەزمانی کوردی تۆمارکردووە، وەکو (عەلی حـەریری) و (بابـا تـاهیری هەمـەدانی 935 ـ 1010)...هتـد. چـەند شاعیرێکی تـریش دەرکـەوتن و بەرهەمـەکانی خۆیـان بـەزمانی خۆیـان تۆمارکرد، وەکـو (فـەقێ تـەیران) و (مـەلای بـاتێ 1492 زایینـی) و (بێسارانی 1641 ـ 1702)[1] و (ئەحمەدی خـانی 1650 ـ 1707) کە لە هەموویان پێشەنگترە و خاوەنی داستانی ناسراوی (مـەم و زیـن)ە، ئەحمەدی خانی بەڕاشکاوی دەڵێ کە ئەم داستانەی لەبەر ئەوەی بـەزمانی کوردی نووسیوە ، تاکو بێگانەکان، کورد بە نـەزانین تۆمـەتبار نەکـەن و نەڵێن کورد تەنها بۆ کوشتن و بڕین باشن و بۆ هـیچ شـتێکی دی دەسـت نادەن، هەروەها خانی گوتوویەتی کە فەرهەنگێکی (عەرەبی ـ کوردی) بۆ زارۆکان نووسیوەو ناوی ناوە (نەوبەهارا بچووکان)[2] .

---

1 - باسیل نیکتین، ا لکرد: دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة، ترجمة : نوري طالباني، ط3، اربیل، 2004، ص 300-301. بدرخان السندي، المجتمع الكوردي في المنظور الاستشراقي، اربیل، 2002، ص 426.

2 - جێگای ئاماژە پێکردنە، کە هەندێ دەقی ئایینی ئێزیدی هەن، لەوانە دەقی کتێبەکەیان(جیلوە)، کە بە خەتو ئەلفوبێی غەریبو نامۆ چاپکراوە، بەهۆیەوە لێکۆڵەرانو مێژوونووسان جیاوازیان هەیە لە ساڵی چاپکردنو بڵاوکردنەوەی ئەم دەقە، لەوانە هەندێکیان دەیگەڕێنەوە بۆ سەدەی (11–12)ی زایینی،و ئەوانی تر بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمی زایینی دەگەڕێنەوە، هەروەها هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ مێژووی کۆن، کە بۆ سەرەتای ئایینی ئێزیدی دەگەڕێتەوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، سامي سعيد احمد، اليزيدية احوالهم ومعتقداتهم، بغداد، 1971، ج1، ص 194-197، قناتی کوردۆ، ل بابەت نڤیسکار: زمانو ئەلفبایێ پەرتوکێت دینێ ئێزیدیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، 1973، ل 132–172.

1 - بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ئەم نووسەرو شاعیرانە، بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، سەدەکانی چوارەم–هەژدەهەم، هەولێر، 2002، ل 39–40. تۆما بوا، تأریخ الاکراد، ترجمة: محمد تیسیر میرخان، دمشق، 2001، ص 166-170.

2 - اسماعیل بیشكجي، كردستان مستعمرة دولية، ترجمة، زهير عبدالملك، سويد، 1998، ص 172-273.

سەرباری ئەو شتانەی کە گوتمان لەهەردوو سەدەی (19) و (20)دا چەندەها ئەدیب و شاعیری کورد دەرکەوتن، کە بەرهەمەکانی خۆیان بەزمانی کوردی نووسیوە، وەکو (نالی 1797 ـ 1855)، (سالم 1800 ـــ 1866)، (مەولەوی 1806 ـ 1882)، (کوردی 1809 ـ 1849)، (حاجی قادری کۆیی 1815 ـ 1897)، (شێخ ڕەزای تالەبانی 1835 ـ 1909)... هتد.[1] بێگومان ئەم کەڵە پیاوانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپێش بردنی زمانی کوردی.

هەروەها چەند نووسەرێکیش پەیدابوون کە لەبواری پەخشانی کوردیدا بەپیتی عەرەبی بەرهەمیان داهێناوە، وەکو (عەلی تەرەماخی) کە لەنێوان ساڵانی (1591-1592زایینی ) ڕێزمانی عەرەبی بە زمانی کوردی نووسیوە، لەگەڵ هێنانەوەی چەند نموونەیەك بەهەردوو زمانی فارسی و کوردی[2] ، هەروەها (شێخ مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندی 1779 ـ 1827) زایینی، هەستا بە کۆکردنەوەو کورت کردنەوەی (لب العقائد) ساڵی (1818)، کە پەرتووکێکە باس لەعەقیدەو

[1] - بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ژیانی ئەم کەسایەتیانە، بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، نیوەی یەکەمی سەدەمی نۆزدەم 1801–1850، هەولێر، 2003، ل 43–385.

[2] – بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی عەلی تەرەماخیو پەرتووکەکەی، بڕوانە: رەشید فندی، عەلی تەرەماخی ئێکەمین ڕێزمان نڤیسو پەخشان نڤیسێ کوردە، بەغداد، 1985، ل 5–45.



بیروباوەڕی ئیسلامی بەزمانی کوردی دەکات،[1] بەهەمان شێوەش (شێخ حوسێنی قازی 1791 ـ 1780) کە لەساڵی (1860) ی زایینیدا دەستنووسی پەرتووکەکەی خۆی بەناوی (مەولودنامە) واتە (ژیاننامەی پێغەمبەر) بەشێوازی کرمانجی ناوەڕاست نووسیوە.[2]

پەخشاننووس و چیرۆکنووسی کورد (مەلا مەحمودی بایەزیدی) (1799 ـ 1867) لەپێشەنگی ئەو ئەدیب و نووسەرانەدا دێت ،کە لەبواری پەخشانی کوردیدا بەرهەمیان هۆنیوەتەوە، ئەم نووسەرە چەندەها ڕووداو و سەرفرازی کوردی لە داستانی (مەم و زین)دا بەشێوەزاری کرمانجی باکوور تۆمارکردووە، بەسوود وەرگرتن لە داستانەکەی (ئەحمەدی خانی)، ئەویش لەسەر داواکاری ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ئەلیکسەندەر ژابا 1803 ـ 1894)[3] ، جگە لەنووسینی چەندەها چیرۆك و هۆنینەوەی چەندەها دەق سەبارەت بەکوردو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری میللەتی کورد لەو

[1] – بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (2).

[2] - عادل گرمیانی، دور الصحافة الكوردية في ازدهار الادب الكوردی، مجلة الگولان العربي، العدد(60)، اربيل، 31 ايار2001، ص 124.

[3] – ئەلێکسەندەر ژابا: ساڵی 1803 لە پۆلۆنیا لەدایکبووە، ساڵی 1828 خوێندنی باڵای تەواو کردووە، دوای ئەوەی چەند پۆستێکی زانستی وەردەگرێ، لە ساڵی 1848 دەبێتە قونسوڵی روسیا لە ئەرزەڕۆم، هەر لەوێش فێری زمانی کوردی دەبێت، پاشان لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی کورد لە بواری ئەدەبو شیعری کوردی کاردەکات، لەسەرووی هەمووان مەلا مەحموودی بایەزیدی، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فەرهاد پیربال، سەرچاوەکانی کوردناسی، سلێمانی، 1998، ل 53–55.

ماوەیەدا[1] . بەم شێوەیە ئەم نووسەرە بەپێشەنگی ئەوانە هەژمار دەکرێت، کە نووسینەکانیان لەم بوارەدا تۆمارکردووە و کاریگەریەکی بێ وێنەی بەسەر زمانی کوردیدا هەبوو[2] .

سەرباری ئەوەش زمانی کوردی پارێزگاری لەڕەسەنایەتی خۆی کرد و لەبواری فۆلکلۆردا پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینی، کە بەسەر زارەکی لەسەر شێوەی چیرۆك لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی گوازرایەوە، بەو ڕادەیەی کە هەندێك ڕۆژهەلاتناسان وەکو (فیلجیفسکی)[3] بەو دەقانە بڵێین ((کە ئەم فۆلکلۆرە زیاد لەپێویست پێ گەیشتووە))[4] ، هەروەها (فیلجیفسکی) ئەم چڕیەی فۆلکلۆری کوردی بۆ نەخوێندەواری کورد دەگەڕێنێتەوە، کە ناتوانن بەزمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن[5] .

---

1 – بڕوانە: فەرهاد پیرباڵ، مەلا مەحمودی بایەزیدی 1799–1867، یەکەمین چیرۆکنووس‌و پەخشاننووسی کورد، هەولێر، 2000، ل 27–34.

2 – بڕوانە : پاشکۆی ژمارە (3).

3 – فلیجفسکی: یەکێکە لە لێکۆڵەرانی رووسی، چەند لێکۆڵینەوەیەی لەبارەی گەلی کورد هەیە، لەوانە: 1–دەربارەی پەیوەندییە کشتوکاڵییەکان لەکوردستان. 2–کەلوپەلی لینینگرادی لە مێژووی جیاوازی کۆمەلایەتی لەکوردستان. 3–کوردەکانی موکری، بڕوانە : ن، ئا، خالفین، الصراح علی الکردستان: المسألة الکوردیة في العلاقات الدولیة خلال القرن التاسع عشر، ترجمة: احمد عثمان ابوبکر، بغداد، 1969، ص 160.

4 - باسیل نیکتین، سەرچاوەی پێشوو ، ل 300.

5 – هەمان سەرچاوە،ل 300.



جا لەسەر ئەم بۆچوونەی (فیلجیفسکی) ئەم چڕیەی فۆلکلۆری کوردی بۆ بلاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نەزانی دەگەڕێنێتەوە ، ئەمەش لەخودی خۆیدا حاڵەتێکی پۆزەتیڤانەیەو وا دەگەیەنێ کە زمانی کوردی قابلیەتی نەشونماکردن و گونجاندنی لە هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێکدا هەیە، زۆر میللەتان لەو بارودۆخەی ئەوکاتەدا لەناو جەنجاڵی گرفتی ئابووری و سیاسیدا ژیانیان دەگوزەراند ، بەلام دەقە فۆلکلۆریەکانیان بەو دەوڵەمەندیی و بەو چڕیەی فۆلکلۆری کوردی نەبوو، جا ئەو حاڵەتە زۆر گرنگ و پۆزەتیڤەی کە بۆ کورد هەژمار دەکرێت ، گونجانی زمانی کوردی بەبێ ئەوەی نووسین و ڕێنووس هەندە ڕۆڵی هەبووبێ ، هەروەها بلاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نەزانی بووە هۆی چڕبوون و دەوڵەمەندبوون و پێشڤەچوونی فۆلکلۆر و گواستنەوەی دەقە هەمەجۆرەکانی بەشێوازی سەرزارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، جا گەر ئەو دەقە فۆلکلۆریانە نەبوونایە، ئەوا زمانی کوردی ئەو بریق و باق و درەوشاوەیەی جارانی نەدەبوو.

هەرچی لەبواری مێژووشە، کورد بەزمانی خۆیان مێژوویان نەنووسیوە تا کاتێکی درەنگ، واتە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم، یەکەم پەرتووکیش کە کورد سەبارەت بەمێژووی خۆی نووسیبێتی، پەرتووکی (شەرەفنامە)یە ،کە میر (شەرەفخانی بەدلیسی) بەزمانی فارسی نووسیویەتی و ساڵی (1596)ی زایینی لەنووسینی لێ بووەوە، هەروەها مەلا مەحمودی بایەزیدی لەنێوان سالانی (1858 ـ 1859)دا کورتی

کردۆتەوەو وەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی، ئەویش لەو کاتەدا کە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ئەلیکسەندر ژابا) لەبواری ڕۆشنبیری کوردیدا کاری دەکرد، و پەرتووکی (شەرەفنامە)ی ساڵی (1860) بەزمانی فارسی لەشاری (سانت پترس بۆرگ)ی ڕووسی لەچاپدا، پاشان بۆ چەند زمانێکدا جیهانی وەرگێڕدراو لەچەند وڵاتێکیش بەچاپ گەیەندرا.[1]

سەرباری ئەوە زۆر لەڕۆژهەڵاتناسان دەستیان دایە ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی زمانی کوردی، پێشەنگی ئەم کارانەش پەرتووکەکەی قەشەی ئیتالی (گارزۆنی) بوو، کە لە (ڕۆما) ساڵی (1787)ی زایینی لەچاپدرا، (گارزۆنی) لەشارۆچکەی (ئامێدی) نیشتەجێ بوو، کە ئەوکات پایتەختی میرنشینی (بادینان) بوو، و گوێگرێکی قسەکەرانی زمانی کوردی بوو و گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد، تاکو توانی ئەلفوبێیەکی تایبەت بەزمانی کوردی دابنێت[2] و، چەند یاساو ڕێسایەکی زمانەوانی لێ هەڵبگۆزێت، و ژمارەیەکی زۆریش لە وشەی کوردی ڕەسەن لەفەرهەنگێکدا کۆکردەوە ، کە ژمارەی لاپەڕەکانی گەیشتە (187)[3]

[1] – بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: شرف خان البدليسي، شرفنامة، ترجمة : محمد جميل الملا احمد الرۆژبەیانی، ط2، اربيل، 2002، ص 26–27: فەرهاد پیربال، مەلا مەحمودی ...، ل 15.

[2] – بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (4).

[3] – بدرخان السندی، سەرچاوەی پێشوو، ل 45، فەرهاد پیربال، سەرچاوەکانی ....ل 41.



لاپەڕە. هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (م. ئۆگست جابا) لەساڵی (1879) فەرهەنگێکی (کوردی ـ فەرەنسی)[1] ئامادەکرد ، کە وشە کوردییەکانی بەپیتی عەرەبی و بەڕێنووسی فارسی نووسی، جگە لەچەندەها توێژینەوەی دی کە ژمارەیەك لەڕۆژهەڵاتناسان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان سەبارەت بەکوردو زمانی کوردی ئەنجامیاندا، بەڵام مخابن زۆربەی زۆری ئەو توێژینەوانە لەبەر ئەو بارودۆخە ناسکەی کوردستان بەدەستمان نەگەیشتوون[2]. هەروەها شێخ (یوسف زیائەددین پاشا خالیدی مەقدسی)[3] لەساڵی (1892) کە کاتێکی بەپیت بوو سەبارەت بەزمانی کوردی، هەستا بەبڵاوکردنەوەی فەرهەنگەکەی خۆی کە ناوی نا (الهدية الحميدية في اللغة الكردية) ، گرنگی ئەم پەرتووکە لە بەها مێژوویەکەیدایە، چونکە لەکاتێکدا نووسرا کە زمانی کوردی پێویستی بەمجۆرە توێژینەوانە هەبوو، تا ڕاددەیەکیش پەراوێز خرابوو، ئەم پەرتووکە

[1] – حامد فەرەج، ڕێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا، بەغدا، 1976، ل 7–9.

[2] – بڕوانە: فەرهاد پیربال، سەرچاوەکانی ، ل 35–64.

[3] – شێخ یوسف زیائەددین پاشای کوڕی سەید محەمەد ئەفەندی مەقدسییە، ، بە ڕەگەز عەرەبە، ساڵی 1842 لە قودس لەدایك بووە، ساڵی 1906 لە قودس کۆچی دوایی کردووە، پۆستی کارگێڕی لە قودس وەرگرتووە، لەوانە بەڕێوەبردنی کەرتی(موتکی) لە ویلایەتی بەتلیس لەباکوری کوردستان،و زمانی دانیشتوانی ناوچەکەی بە تەواوی دەردەبڕی، و هەر لەوێ فەرهەنگەکەی دەرکرد، بڕوانە: عبدالله محمد حداد، الهدية الحميدية في اللغة الكوردية(عرض عام وملاحظات متفرقة)، جريدة التأخي، العدد(1207)، بغداد، 9 كانون الاول، 1972، ص 3.

ژمارەی لاپەڕەکانی (320) لاپەڕەبوو و ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی بەزمانی عەرەبی و هەندێك دێرە شیعری (ئەحمەدی خانی) و چەند بڕگەیەکی فەرهەنگە کوردی عەرەبیەکەی گرتبووەخۆ ، کە ناوی نا (نەوبەهار)، هەرچی فەرهەنگەکەشی بوو (232) لاپەڕەی لەپەرتووکەکەی گرتبووەوە، کە نووسەر شێوەزاری (زازایی) تیادا بەکارهێنابوو، کە لەباکووری کوردستان ناسراوە. دەرچوونی ئەم پەرتووکە لەوکاتەدا مایەی خۆشحاڵی ڕۆشنبیران و کەسایەتیە ئەدەبیەکانی کورد بوو ، چەند ڕۆژنامەیەکی ئەوروپیش ئاماژەیان بەم پەرتووکە کرد[1] ، جگە لەوەی کە ڕۆژنامەی (کوردستان)یش لەژمارەی سێیەمی خۆیدا کە لەمێژووی (20) ی ئاياری ساڵی (1898) کە لە (قاهیرە) دەردەچوو ئاماژەی پێ کرد.

[1] – جلیلي جلیل، نهضة الاكراد الثقافیة والقومیة في نهایة القرن التاسع عشر وبدایة القرن العشرین، ترجمة، باقي نازي، ولاتو، بیروت، 1986، ص 25-26. عبدالله محمد حداد، سەرچاوەی پێشوو، ل 3.



## سەرهەڵدانی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی و یەکەم پەرتووك کە لەلایەن ( خەلیل خەیالی ) موە لەبارەیەوە نووسراوە 1898 ـ 1910

دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە (قاهیرە) لەمێژووی (22) ی مانگی نیسانی ساڵی (1898) لەسەر دەستی (میقداد مدحەت بەدرخان)[1] و پاش ئەویش (میر عەبدولڕەحمان بەدرخان)[2]ی. برای

[1] – میقداد میدحەت بەدرخان کوڕی میر بەدرخان پاشای میری بۆتانە، بە ڕێبەرو پێشەنگی ڕۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێت، ساڵی 1898، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە دەرکردووە، و یەکێکە لە دامەزرێنەرە یەکەمینەکانی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەو مەعارفی کوردی، بۆ زانیاری بڕوانە: مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرة بوتان و محاضرة اجتماعات الجمعیة العائلیة البدرخانیة، ترجمة: شكور مصطفى، اربیل، 1998، ص 160-162.

[2] – عەبدولڕەحمان بەدرخان: ئەمەش کوڕی میری بەدرخانەو برا بچووکی میقداد میدحەتە، وەك ئەندامێك لە وەزارەتی پەروەردە لە ئەستەنبۆڵ کاری کردووە، لەدوای میقدادی برای ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی لە نێوان ساڵانی 1898–1902 گرتۆتە ئەستۆ، لەساڵی 1902 وەکو نوێنەری کورد لەگەڵ حیکمەت بابانو ئیسماعیل حەقی بابان ئامادەی کۆنگرەی ئیتحادو تەرەقی بوون لەفەڕەنسا، بڕوانە، فەرهاد پیربالْ، ڕۆژنامەگەری کوردی بەزمانی فەڕەنسی، هەولێر، 1998، ل 24–25: مالمسیانژ،

بەوەرچەرخانێکی هەنگاوێکی مەزن لەژیانی ڕۆشنبیری بەگشتی و لەزمانی کوردیدا بەتایبەتی دادەنرێت، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە یەکەم چاپکراوی کوردی بوو کە لەو دەمەدا بێتە ئاراوە، کە بەهەردوو زمانی کوردی و زمانی تورکی عوسمانی دەردەچوو، و لەنوسینیدا پیتی عەرەبی بەکاردەهێنراو بەڕێنووسی فارسی دەنووسرا، و (31) ژمارەی لێ دەرچوو[1] ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەشاعیران و ئەدیبانی کورد بەرهەمەکانیان بەزمانی کوردی تۆمار دەکرد، بەڵام ئەو بەرهەمانە بەدەستنووسی مانەوە، و لەسەدەی بیستەم نەبێ دەرفەتی لەچاپ دان و بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخسا، جگە لەوەی ئەم دەستنووسە دوور لەخەڵك مایەوە زۆریش لەو بەرهەمانە بزربوون و کەس نەیانی دۆزیەوە، لەبەر ئەوە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە کاریگەریەکی بێ وێنەی بەسەر پێشڤەچوونی ڕەوشی زمانی کوردیدا هەبوو.

---

رۆژنامەنووس‌و سیاسەتمەداری گەورەی کورد عەبوڵرەحمان بەدرخانە، وەرگێڕانی لە تورکییەوە:ئارام خدر قەڵادزەیی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (17)، هەولێر 1997، ل 131.

[1] – بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی رۆژنامەی کوردستان، بڕوانە: کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی 1898-1902، کۆکردنەوەو پێشەکی : کمال فوئاد، بەغدا، 1972، هۆگر تاهیر تۆفیق، دور الصحافة الكردية في تطوير الوعي القومي الكوردي 1898-1918، دهۆك، 2004، ص 95-140.



لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ڕۆشنبیرانی کورد دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەیان بە سەرەتایەکی ڕاستەقینەی دامەزراندنی ئەلفوبێیەکی کوردی دانا ، کە لەگەڵ دەنگەکانی کوردی شیاو و گونجاو بێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی ڕۆژنامەکە پیتی عەرەبی تیادا بەکارهێنا ، پیتە عەرەبییەکانیش هەروەك زانراوە چەند دەنگێك دەگرنەخۆ، وەکو (ث، ص، ظ، ذ) کە لەزمانی کوردیدا هاوشێوەی درکاویان نییە، هەروەها لەم ڕۆژنامەیەدا نیشانە و عەلامەتەکانی شیکردنەوە و پێکهتەی عەرەبی وەکو (سەر، ژێر ، بۆر ، وەستان) بەکارهێنرا ، ئەویش بۆ کۆنترۆڵکردنی وشە کوردییەکان.[1]

بەم شێوەیە ئیتر ڕۆشنبیرە کوردەکان هەستیان بەزەرورەتێکی مێژوویی و نەتەوەیی مەزن کرد بۆ بەدیهێنانی ئەلفوبێیەکی کوردی کە لەگەڵ درکاندن و دەنگە کوردیەکاندا بگونجێ و لەگەڵ درکاندنی مرۆڤی کورددا تەبا بێ، و گوزارشتی تەواوی لێ بکات، جا ئەو کەسەی کە بەم کارە مەزنە هەستا و شکۆمەندییەکی مەزنی لەمێژوودا لەم بوارەدا تۆمار کرد (خەلیل خەیالی موتکی) بوو.

---

[1] بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (5).

خەلیل خەیالی (1876 ـ 1926)[1] بەناوبانگترین ئەو کەسایەتیانەیە کە لەبواری پێشڤەبردنی زمان و ڕۆشنبیری کوردی لەچارێکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کاری کردووە، ئەم کەسایەتیە لە عەشیرەتی (مودان)ی کوردییە و سەر بەقەزای (موتکی) کوردستانی تورکیایە، لەمنداڵیدا قوتابی (سەعید نورسی ـ 1876 ـ 1960) بووەو زۆر هۆگری ئاکارو ڕەفتاری جوامێرانەی سەعید نوورسی بووە[2] ، لەکۆتاییەکانی سەدەی (19) دەچێتە ئەستەنبول و لەوێ لە بواری ڕێزمانی کوردی و نووسینی زمانی کوردیدا کۆششەکانی خۆی دەخاتە گەڕو فەرهەنگێکی کوردی دەنووسێت، لەشاری ئەستەنبول چەندەها پۆستی حکومی دەبینێت، یەکێك لەو پۆستانە (ئەمینداری سندوق)ی لە پەیمانگای کشتوکاڵی لە (خەلق ئالی) پێ سپێردرابوو، هەروەها خەلیل خەیالی بەیەکێك لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەقی ) کوردی هەژمار دەکرێت ، کە لەساڵی (1908) دامەزرێنرا.هەندێك نووسینی لە گۆڤاری (کورد)دا هەیە کە بڵاوکراوەی فەرمی ئەو کۆمەڵەیەیە، جگە لەوەی کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعارفی

[1] – ژیانی هەر لەنێو باسەکەدا ئاماژەمان پێکردووە، ئەمیش یەکەم: لەبەر کەمی زانیاری لەبارەی ژیانییەوە. دووەم: لەبارەی گرنگی و رۆڵی لە دروستکردنی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی.

[2] – زنار سلۆپی ، مسألة كردستان (60 عاما من النظال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية) تنقيح وتقديم: عزالدين مصطفى رسول، ط2، بيروت، 1997، ص 33.



کوردی) کە کۆمەڵەیەکی سەر بەکۆمەڵەی (تعاون وترقی) کوردی بوو[1] ، سەرباری ئەوەی کە ڕۆڵێکی کارای لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی)دا هەبوو ، کە لە ساڵی (1912) لە ئەستەنبول دامەزرێنرا. چەندەها وتاریشی لە هەردوو گۆڤاری (کورد) و (هەتاوی کورد) لەساڵانی (1913-1914) نووسی ، کە دوو گۆڤاری سەر بەم کۆمەڵەیە بوون[2] ، هەروەها یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ، کە دیسانەوە لەشاری ئەستەنبول پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی (1918) دامەزرێنرا، و چالاکیەکی بێ وێنەی تیادا ئەنجامدا.[3] بەگشتی زانیاریەکی کەم دەربارەی (خەلیل خەیالی) لەژێر دەستدا هەیە و پاش ئەم زانیاریانە تەنها هەر ئەوەندە زانراوە کە (خەیالی) لەساڵی (1926) لە ئەستەنبول کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش دەنێژرێت[4] .

دەتوانین (خەلیل خەیالی) بە دامەزرێنەری ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی هەژمار بکەین، کە تا ئێستا لەکوردستانی عێراق و ئێران بەکاردەهێنرێت، ئەم زانیاریەشمان لەگوتەو یاداشتەکانی ئەو کەسانەوە دەسکەوتووە، کە لەو ماوەیەدا لەگەڵی ژیاون ، سەرباری نووسینی

[1] – هەمان سەرچاوە، ل 33– 34.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل 38، بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل 52.

[3] – زنار سلۆپی، سەرچاوەی پێشوو، ل 65.

[4] – هەمان سەرچاوە، ل 35، کوردێکی یەکرەنگ، دیاری ژمارە، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە(9)، هاوینی 2002، ل 4.

پەرتوكێك ، كە (خەلیل خەیالی) لەساڵی (1909) لە شاری ئەستەنبول لەچاپیدا.

(زنار سلۆپی)[1] دەربارەی ئەم كەسایەتیە دەڵێ: ((لەبواری نووسیندا كۆششی خستۆتە گەڕو ڕێزمانی كوردی نووسیوەو فەرهەنگێكی كوردی داناوە، لەماوەی نیشتەجێ بوونیدا لەئەستەنبول لەساڵی (1900) ەوە، (خەلیل خەیالی) چەندەها لاوی كوردی ناسیوەو لەگەڵیاندا باس و خواسی نەتەوایەتی و هزری نەتەوایەتی كوردیانی هێناوەتە گۆڕێ، و سۆزو ئەوینی كوردایەتی لەناخیاندا وروژاندووە، هەروەها چاوی بە (**زیا ئەفەندی**)[2]

[1] – زنار سلۆپی– قەدری جەمیل پاشا– (1892–1973):– بە یەكێك لە گرنگترین كەسایەتییە كوردییەكان دادەنرێت، كە لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم لە بواری سیاسیو رۆشنبیری كوردی كاری كردووە، وەكو كۆمەڵەی هێڤی، 1913، كۆمەڵەی تەعالی كوردستان 1918، خۆیبوون 1927، بڕوانە: زنار سلۆپی، سەرچاوەی پێشوو، ل 7–27.

[2] – زیا كۆك ئەلەب: یەكێكە لە هاوڵاتیانی دیاربەكر، رەسەنایەتی كوردبوونی خۆی شاردبۆوە، هەتا بووە یەكێك لە پەیڕەوكەرانی ئایدۆلۆژیای تۆرانی لە توركیا، كەندال نزان لەبارەیەوە دەڵێت: " زۆر غەریبە (جێگای سەرسوڕمانە) كوردێكی دیاربەكر ناوی خۆی بنێ زیا كۆك ئەلەب، دوای ئەوەی چەند لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتیو زمانەوانی لەبارەی گەلی كورد تەواو كرد، زیاتر هانیدا، وەكو مەبەستێك رەگەزێتی خۆی بشارێتەوەو جێگای سەرسوڕمانە كە ئەم كوردە وەكو رێبەرێكی یەكێتی تۆرانیەكان دەركەوت ، پاشان نەتەوەییە توركەكان خۆیان پێ هەڵواسی، پاشان بووە بابی رۆحی توركانی نوێ، بڕوانە: جیرار شالیان، كندان نزانو اخرون، الاكرد وكوردستان، حركة التحرير الوطني الفلسطيني (فتح)، التعبئة والنظيم الدراسات، فلسطين 1982، ص 23.



كەوت، كە كوڕی (تۆفیق ئەفەندی)یە. (**زیا ئەفەندی**) پێش ئەوەی چاوی بە (خەلیل خەیالی) بكەوێت خۆی كردبووە (تورك) و ناوی خۆی نابوو (زیا كۆك ئەلەب) و بە دامەزرێنەری هەردوو ڕێكخراوی وجاقی توركی (ناوەندی توركی) و (نیشتمانی تورك) دادەنرێت، بەڵام پاش ناسینی (خەلیل خەیالی) دەستی دایە نووسینی ڕێزمانی زمانی كوردی و دانانی فەرهەنگی كوردی، كاتێكیش كە (زیا ئەفەندی) لە پەیمانگە دەركرا ، ناچاربوو بۆ (دیاربەكر) بگەڕێتەوە، و چەند كۆپیەكی ئەو كارە قەدەغەكراوانەشی لەگەڵ خۆیدا برد، ئیتر بەم شێوەیە پەیوەندییەكانی نێوان (خەیالی) و (**زیا** ئەفەندی) پچڕا، تاكو ڕاگەیاندنی دەستوور یەكتریان نەدیتەوە، واتە ئەوكاتەی كە (زیا ئەفەندی) وەكو نوێنەری خەڵكی (دیاربەكر) گەیشتەوە ئەستەنبول، ئەویش بۆ بەشداری كردن لە كاروبارەكانی كۆنگرەی (ئیتحادو تەرەقی) كە لە (سالۆنیك) پاش ڕاگەیاندنی دەستوور گرێدرا ، ئەوكاتە (خەیالی) داوای لێ كرد كە دەستنووسەكانی ڕێزمانی كوردی بگەڕێنێتەوە، كە خۆی تاڕادەیەك بەشداری لەنووسینیدا كردبوو، بەڵام (زیا ئەفەندی) بۆی نەگەڕاندەوەو پێی وت ، كە هەمووی سوتاندووە، بۆیە (خەلیل خەیالی) جارێكی دی ئەو پڕۆژەیەی نووسیوە[1] ، هەروەها (سەعید نورسی)[1] دەربارەی (خەلیل

[1] – سەرچاوەی پێشوو، ل 33– 34. هەموو دەقەكەمان وەرگرتووە، كە زنار سلۆپی لەبارەی خەلیل خەیاڵی ئاماژەی پێكردووە، ئەمیش لەبەر ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتەكەوە هەیە.

خەیالی) لە پەرتووکەکەی خۆیدا (**شهادة حول نكبة مدرستين**)دا دەڵێ ((نموونەیەکی دڵسۆزی و ئەمەکداری بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی ئەم وڵاتەتان پێشکەش دەکەم، کە (خەلیل خەیالی موتکی)ە، کە لەهەموو بوارەکاندا بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان وەفاداری خۆی سەلماندووە، جگە لەوەی کە بونیادنەری ئەلفوبێی ڕێزمانی زمانەکەمانە))[2] .

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە (خەلیل خەیالی) بونیادنەری ئەلفوبێی کوردیە بە پیتی عەرەبی، ئەویش بە گەواهی و شایەتی ڕۆشنبیرە کوردەکان کە هاودەم و هاوچەرخی ئەم کەسایەتیە بوونە، جا گەر هەر گومانێك لەم زانیارانەدا هەبێ، ئەوا دەرچوونی پەرتووکەکەی ئەلفوبێی کوردی لەساڵی (1909) لەم بوارەدا یەکلاکەرەوەیە، بوونی ئەم پەرتووکە ئەو زانیاریە دەسەلمێنێ کە (زنار سلۆپی) وتویەتی کە (خەلیل خەیالی) پاش کودەتاکەی (1908) دیسانەوە دەستی بەنووسین و توێژینەوەی ڕێزمان و زمانی کوردی کردووە، جا ئەم پەرتووکەی (خەیالی) لەلایەن (محەمەد بایرق) ەوە لەساڵی (1994) لە ئەنقەرە بڵاوکراوەتەوە، لەتوێی پەرتوکێك کە بەزمانی کوردی لەژێر ناونیشانی (kurdolojbelgeleri)[3] نووسیویەتی.

---

[1] – خەلیل خەیالی یەکێك بووە لە قوتابیانی سەعید نەوڕەسی.

[2] - زنار سلوبی، سەرچاوەی پێشوو، ل 34–35.

[3] – بەیار مستەفا ئەم زانیارییەی پێ داوم. (نووسەر).



ئێستاش گرنگترین ئەو شتانەی کە لە پەرتووکەکەی (خەلیل خەیالی) داهاتووە سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردی دەخەینەڕوو:-

(خەلیل خەیالی) ناونیشانی (ئەلفبای کرمانجی) واتە (ئەلفوبێی کوردی) بۆ پەرتووکەکەی هەڵبژاردووە، پاشان لەژێر ئەم ناونیشانەدا ڕاستەوخۆ ئەم گوزارشتەی تۆمارکردووە ، (محەمەد خەلیل خەیالی موتکی) واتە دانەری ئەم پەرتووکە (خەلیل خەیالی موتکی)ەو لەژێر ناوەکەی خۆیشی نووسراوە (**طابع كردى زادة أحمد العز**)[1] ، ساڵی لەچاپدانی ئەم پەرتووکەش بەساڵی (1325)[2] دەستنیشانکراوە. کە ساڵێکی ڕۆمییە و بەرامبەرە زایینیەکەشی ساڵی (1909)ە.

---

[1] – ئەحمەد رامز: یەکێکە لە گرنگترین ئەو کەسایەتیانەی کە لە بواری رۆشنبیریو سیاسی کورد کاریان کردووە، لە شارۆچکەی (لەجی) سەر بە ویلایەتی دیاربەکر هاتۆتە دنیاوە، ساڵی 1900 پەیوەندی بە کۆمەڵەی (عەزمی بەهێزی کوردستان) کردووە، ساڵی 1904 وەکو نوێنەری ئەم کۆمەڵەیە سەردانی میسری کردووە، رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقی کوردیو دەرکردنی گۆڤاری کورد ساڵی 1908–1909، و ساڵانی 1909–1915، خاوەنی چاپخانەی (ئامەدی) بووە لە ئەستەنبۆڵ، خاوەنی چەندین بەرهەمە، بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: زنار سلوبی، سەرچاوەی پێشوو، ل 36، مالمسیانژ، القومية الكوردية، د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين، ترجمة شكور مصطفى، اربيل، 2000، ص 41-50.

[2] – لەناو نیشانی لاپەڕەکەدا نەنووسراوە کە ئەم ساڵە کۆچییە یاخود رۆمی؟ کە جیاوازی نێوانیان دوو ساڵە، بەڵام لە کۆتایی کتێبەکە بە پیتی (م) نووسراوە، کە بەم شێوەیە (1325م) ، کە ئاماژەیە بۆ ساڵی رۆمی ، کە لەبەرانبەریدا زایینیەکەی (1909)یە.

پەرتووكەكــە بەلاپــەڕەی ناونیــشانەوە (27) لاپەڕەیــە، نووســەرەكەی لەلاپەڕەی دووەمدا باسی ئەلفوبێی كوردی كــردووە، كــە لــە (34) پیــت دانراوە ، كە ئەم پیتانــەن: (أ ب پ ت ث ج چ ح خ د ز ر ز ژ س ش ص ض ط ظ ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن و ه لا ی) ، لــە لاپــەڕەكانی (3، 4، 5)دا نەخشەیەكی دابەزاندووە ، كە وێنــەی هــەموو ئــەم پیتانــەی تیــادا نووسیوە، بەهەموو شێوەكانی بەكارهێنانیان چ لەسەرەتاو چ لەناوەڕاست ، هەروەها شێوەی پیتەكان كە لەكۆتایی وشەدا بنووسرێت، و دوای ئــەوەش دركاندنی هەموو پیتێكی نووسیوە، وەكو (ئەلیف ، بێ، پێ....).

هەروەها لەهەردوو لاپەڕەی (6، 7) جوولــەی (**المدة**)ی لــەزمانی عەرەبیدا نووسیوەو چۆنێتی نووسینی لەزمانی كوردیــدا ڕوون كردۆتــەوە، بەهەمان شێوەش لەنێوان پیتەكاندا جوداكاریەكی ئەنجامداوە لەنێوان ئــەو پیتانەی كە خاڵیان نییەو لەنێوان ئەو پیتانەی كــە یــەك یــا دوو یــا ســێ خاڵیان هەیە، وەكو (أ، ب، ی، پ)، لەلاپەڕەی (8)دا پیتە كوردییەكانی بزواندووە، ئەویش بەپێی جوولە عەرەبییەكانی وەكو (سەر ،بــۆر و ژێــر)، لەلاپەڕە (9)دا سیستەمی تەنوینی عەرەبی لەسەر ئــەم پیتانــە پراكتیــزە كردووە.

لەلاپەڕەكانی دوایشدا ئەو پیتانەی نووسیوەو ڕوونی كردۆتەوە كە چۆن گران یان سووك دەبن لەكاتی بەكارهێنانی لە وشەیەكدا.

لەلاپەڕەكانی (18)ەوە تا (22) چەند وشەیەكی نووسیوەو قسەكانی پێشووی خۆی لەسەر پراكتیزە كردووە، كە چــۆن بــەم ئەلفوبێیــە وشــەكان



دەنووســرێن و چــۆن دەدركێنــرێن، لەهــەردوو لاپــەڕەی (23، 24)دا پارچەیەكی شیعری بەم ئەلفوبێیە نووسیوە.

هەروەها لەلاپــەڕەكانی (24، 25، 26)دا هەنــدێك دوعــاو زكــری تایبــەت بــە ئــایینی ئیــسلام تیــادا هێناوەتــەوە، لەلاپــەڕەی كۆتــایی پەرتووكەكەیدا، (خەلیل خەیالی) لەژێر ناونیشانی (رجا) بەزمانی كوردی ئەم چەند دێرەی نووسیوە ((داهاتی ئەم پەرتووكە بۆ چــاپدانی پــەرتووكی كوردی خەرج دەكرێت، ئەو پەرتووكە كوردیانــەش بــەپێی یاســاو ڕێــسای زمانی كوردی ئێمە پێویستیمان تەنها بە یارمەتی هەیە، هیچ كــارێكیش بــەبێ كۆمــەكی ناگاتــە ئــەنجام، هیوامــان بــەجوامێری نەتەوەكەمانــە، مەبەستمان فێركردنی زانست و هونەرە بە منداڵانی كورد)). لــەژێر ئــەم قسانەشەوە ئەم گوزارشتەی نووسیوە (موسا عەزمی كوردی[1] نووسیویەتی لە (1325)[2]ی زایینی تەواوكراوە). دەرچوونی ئەم پەرتووكە گرنگیەكی لەڕادەبەدەری لەمێژووی كوردی هاوچەرخدا هەیە، بەتایبــەتی لەمێــژووی زمان و ڕۆشنبیری كوردیدا، ئەویش لەبەر چەند هۆو هۆكارێك ، یەكەمیان ئەم پەرتووكە ڕوونی كردەوە كە كێ یەكەم كەس بووە بەڕاستی بــیری لــەم

1 – مانای ئەوەیە كە ئەم كتێبە خەتەكەی بەدەستی مووسا عەزمی كوردییەو، سەرچاوە مێژووییەكان ئەم شتە ناخەنە ناو ژیاننامەیەوە.

2 –. بڕوانە پاشكۆی ژمارە( 6) لەنێو ئەم پاشكۆیەدا هەموو كتێبەكەی خەلیل خەیالیمان وەرگرتووە، تاكو سوودێكی گەورە ببەخشێ.

پڕۆژەیە کردۆتەوە، و هەموو تواناکانی خۆی تیادا خستۆتەگەڕ[1] ، دووەمیشیان لەم پەرتووکەدا دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیرە کوردەکان لەسەرەتای سەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ ئاگا نەبوونە، و یەکەم شت کە بیریان لێ کردبێتەوە ،داهێنانی ئەلفوبێیەکی کوردی بووە بۆ نووسینەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی، و بڵاوکردنەوەی نووسینی کوردی و خوێندنی کوردی لەناو جەماوەری کورددا ، نەك بەکارهێنانی زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی، لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێین کە زمانزانە کوردەکان ئێستا دەتوانن ئەم پەرتووکە بکەنە سەرچاوەیەك بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زمانەوانی سەبارەت بەزمانی کوردی و لەشوێنگەی خۆشیدا دایبنێن، چونکە کەلێنێکی زۆر گەورەی لەمێژووی زمان و ڕۆشنبیری کوردیدا پڕکردۆتەوە.

خەلیل خەیالی شێوازێکی زانستیانەی زنجیرە ئامێزی لە نووسینی ئەم پەرتووکەدا پەیڕەو کردووە، بەشێوەیەك کە تێگەیشتن و پراکتیکردنی زۆر ئاسان و سانابێ، بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم شێوازە نووسینە پەیڕەو

[1] – جەلیلی جەلیل ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە حوسێن حوزنی موکریانی دامەزرێنەری ئەلفوبێی کوردییە بە پیتی عەرەبی، کە تاکو ئێستا لە کوردستانی عێراق و ئێران بەکاردەهێنرێ، لەبەرئەوەی کاری لە بواری چاپەمەنی کوردی کردووەو پیتە کوردییەکانیشی خستۆتە نێو چاپخانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ کە خەلیل خەیاڵی بیرکەرەوەو دامەزرێنەری ئەلفو بیبێ کوردییە بەپیتی عەرەبی، لەبەر ئەوەی هەندێك ڕۆشنبیرانی تری کورد پێش حوسێن حوزنی موکریانی لەم بوارەدا کاریان کردووە. بۆ زانیاری بڕوانە: جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 131–132.



دەکەن، پاشان هەر پیتێك بەجیای داناون، کە چۆن لەسەرەتادا یاخود لە ناوەڕاستدا یان لە کۆتاییدا دەنووسرێن و چۆنیش دەدرکێندرێن، ئینجا ئەم سیستەمەی لەشیعرێکی کوردیدا جێبەجێکردووەو ئینجا لەکۆتاییدا وتوویەتی کە داهاتی پەرتووکەکە بۆ لەچاپدانی پەرتووکی کوردی خەرج بکرێت. ئەو پەرتووکە کوردیانەی کە بەم ئەلفوبێیە دەنووسرێن، بەم شێوەیە (خەلیل خەیالی) هەروەك (سەعید نوورسی) دەڵێت: ((دامەزرێنەری ئەلف و بێ و ڕێزمانی زمانەکەمانە)).

لەکۆتایدا هەرچەندە ئەم ئەلفوبێیە زۆر تێبینی لەسەرە، بۆ نموونە (خەیالی) چەند پیتێکی خزاندۆتە ناو زمانی کوردییەوە ، کە هاوشێوەی درکاوی نییە، وەکو (**ث، ذ، ظ**) ، هەروەها شێوازی جوولە و (المدە) و (التنوین)ی لەزمانی عەرەبییەوە هێناوە و لەسەر ئەلفوبێی کوردی ڕێساکانی پراکتیزەی کردووە، لەکاتێکدا کە ئەم سیستەمە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی و ڕێزمانەکەیدا ناگونجێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پڕۆژەیە وەك بنەمایەك وابوو کە ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی هاوچەرخی لەسەر بونیادنرا ، پاش ئەوەی کە چەند چاککاریەك خزێنرایە ناوی، بەتایبەتی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم ـ کە پاشان دێینە سەری کە تاکو ئێستا لە کوردستانی عێراق و ئێراندا بەکاردەهێنرێت.

جگە لەمانەش خەلیل خەیالی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی)، کە سەر بە (کۆمەڵەی تەعاون تەرقی کوردی) بووە، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە

لەدامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی کوردی کە قوتابیان زمانی کوردی تیــادا بخوێنن، بەهۆیەوە لەشاری ئەستەنبول ساڵی (1910) لەگەڕەکی (جنبرلی تاش) کە مێژووی خوێندن لەناو کورددا بەخۆیەوە نـەبینیبوو، کـە نـاوی لێنرا (کرد نمونه ابتدائیــسی ـ مەشـروتییه) واتــە (سـەرەتایی نموونــەیی کوردی -دەستووری)[1].

لەم دەسپێکەوە دەردەکەوێ کە لەشاری ئەستەنبول کاریگەریــەکی بێ وێنەی لەسەر ژیانی ڕۆشنبیری کوردیــدا هــەبووە ، کــە ڕەنگاڵــەکانی پێکهاتەی ڕۆشنبیری کوردی لەو ئان و زەمانەدا تیایــدا کۆببوونــەوە.هــەر ئەویش بوو کە ئەم کۆمەڵەیەی دروست کرد و ئــەو قوتابخانــە کوردییــەی دامەزراند، واش پێدەچێ کە بونیادنانی ئەم قوتابخانەیە بەهاندانی (خەلیل خەیالی) بووبێ، چونکە ئەم ئەلفوبێیە کوردییە لەو قوتابخانەیە دەخوێندرا، بابەتەکانی دی ئەم قوتابخانەیەش بەهەمان شێوە بەو ئەلفوبێیە نەڕۆیشتبێ ئەدی لەسەر چ ئەلفوبێیەك دەڕۆیشت، کەواتە لەم قوتابخانەیەدا بۆ یەکــەم جار ئەم ئەلفوبێیە پەیڕەو دەکرا، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ڕۆشنبیرانی دی کوردی ڕۆڵیان نەبووە ، چونکە ئــەوانیش بــەدەوری خۆیــان یارمــەتی

[1] – ئەم باسە هەندێ لەو کەسانەی کە لەگەڵی ژیاون، هەروەها مێژوو نووسانو لێکۆڵەرانی کورد، ئەوانەی کە لەم ماوەیەدا بەدوای مێژووی کورددا گەڕاون، ئاماژەیان بۆ کردووە، بڕوانە: زنار سلوبی، سەرچاوەی پێشوو، ل 33، جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 78. کمال مەزهەر ئەحمەد: کردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى: ترجمة محمد الملا عبدالكريم، بغداد، 1984، ص 102، مالمیسانژ، القومية الكوردية، ل 41



(خەیالی)یان داوەو کۆمەکیان کردووە، بەڵام بەپێی ئـەو زانیاریانــەی کــە لەبەر دەستدایە دەردەکەوێ کــە ئــەم کەســایەتیە لــەڕووی بڵاوکردنــەوەی سیستەمی خوێندن بــەزمانی کــوردی دەستپێــشخەرو پێــشەنگ بــووە، و چەندەها ساڵ کۆشــشی لــەم بــوارەدا کــردووەو نووســینی ئــەم پڕۆژەیــەو پەیڕەوکردنی لەقوتابخانە کوردیەکەدا گەورەترین بەڵگەیە.

## ڕۆڵی کۆمەڵەی (هێڤی) لە پێشڤەبردنی ئەلفوبێی کوردیدا 1912 ـ 1914

کۆمەڵە قوتابییەکی کورد لە پەیمانگەی کشتوکاڵی (خەلق ئالی) لــە ئەستەنبول ساڵی (1912) کۆمەڵەیەکیان دامەزراند و ناویان نا (هێڤی)، (عومەر جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا، زنار سلۆپی، فوئــاد تــەمۆ،

جەراح زادە زەكی)[1] ، لەنێوان سالآنی (1913 ـ 1914) ئەم كۆمەڵەیە دیارترین دامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە بوون هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی كورد) و (هەتاوی كورد)ی دەردەچواند، ئەم كۆمەڵەیە لەبنەڕەتدا كۆمەڵەیەكی ڕۆشنبیری كوردی. گرنگترین ئامانجەكانیشی هەروەك لەگۆڤاری (هەتاوی كورد) لە ژمارە (4 ـ 5) لەمێژووی 23 ـ ئایار ـ 1914 بلاوكرایەوە (دابەزاندنی ئەدەب و زمانی كوردی بۆ گۆڕەپانی ڕۆشنبیری بوو)[2]، جا پێش باسكردنی ڕۆڵی ئەم كۆمەڵەیە لەبەرەوپێشبردنی ئەلفوبێی كوردی لەڕێگەی ئەو دوو گۆڤارەوە جێی ئاماژەپێدانە ، كە (خەلیل خەیالی) ڕۆڵێكی زۆر گرنگ و كارای لە پاڵنانی قوتابیانی كورد هەبووە، بۆ كردنەوەی ئەم كۆمەڵەیە. هەروەك ـ زنار سلۆپی ـ كە ئەویش لەدامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە بووە ، بەڕاشكاوی ئەم زانیاریە دەدركێنێت.[3] بە هەمان شێوە (بلەچ شێركۆ ) پاش ئەوەی سالّی دامەزراندنی كۆمەڵەی (هێڤی ) و ناوەكانی

[1] – بڕوانە : زنار سلوبی، سەرچاوەی پێشوو، ل 38، عبدالستار تاهیر شریف، الجمعیات والنظمات والاحزاب الكوردیة في نصف القرن، 1908-1958، بغداد، 1989، ص 38.

[2] – بۆ زانیاری لەبارەی ئەم دوو گۆڤارە، بڕوانە: هۆگر تاهیر تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو ، ل 168–204.

[3] – بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ل 38. هەروەها ئەم مەسەلەیەش عەبدوڵڵا زەنگەنەش لە وتارێكی بەنێوی (كوردێكی یەك ڕەنگ) ئاماژەی بۆ كردووە نووسەر.



دامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە دێنێت و دەڵێ((بە هاندان و هەوڵدانی خەلیل خەیالّی موتكی))[1].

جا ئەوەی كە پالّپشتی ئەم ڕایە دەكات ئەوەیە ، كە خەلیل خەیالی لەو پەیمانگە كشتوكالّیەدا كارمەند بووەو ئەمینداری خەزنەبووە[2] ، لەبەرئەوەی دامەزراندنی كۆمەڵەی هێڤی لەو پەیمانگە كشتوكالّییە لە ئەستەنبول كە خەلیل خەیالی تیادابووە ، ڕوونترین بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵگێڕی ئەم كەسایەتیە لەدامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیە، لەكاتێكدا كە لەكۆلێژو پەیمانگەكانی دی لە ئەستەنبول ژمارەیەكی بەرچاو لەمامۆستاو قوتابی و كارمەندانی كورد هەبوونە[3] ، بەلاّم دروست كردنی ئەم كۆمەڵەیە تەنها لەو پەیمانگەیەدا بوو، كە (خەلیل خەیالی) تیادایە، جگە لەوەی كە ئەم كەسایەتیە یەكێك بووە لە نووسەرانی بەتوانای ئەم دوو گۆڤارە كە زیاتر بەرهەمەكانیان لەبارەی ڕۆشنبیری كوردییەوە دەنووسی، كە ئەمەش دواتر دێینە سەری لەباسكردنی هەردوو گۆڤاری (هەتاوی كورد) و (ڕۆژی كورد)دا، بەم شێوەیە:ـ

[1] - بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل 52.

[2] – زنار سلۆبی، سەرچاوەی پێشوو، ل 38، عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل كوردستانی 1908–1927، دهۆك، 2002، ل 94.

[3] – وەكو ئیسماعیل حەقی شاوێس( 1876–1913) كەلەو ماوەیەدا لە زانكۆی ئەستەنبول كاری كردووە چەندین وتاری لە گۆڤاری رۆژی كورد نووسیوە، بڕوانە میر بصری، اعلام الكورد لندن، قبرص، 1991، ص65.

## گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)

هەردوو گۆڤارەکە لەسەرەتاوە مەسەلەی هێنانەکایەوەی ئەلفوبێیەکی گونجاوی کوردیان لە ئەرکە یەکەمینەکانی خۆیان دانا، کە لەسەر ڕووپەری چەند ژمارەیەکی جۆراوجۆریدا بۆ یەکەمجار ئەم ئەلفوبێیە نووسرا و بڵاوکرایەوە، لەهەمان کاتیشدا بانگەشەیەکی ڕوون و ڕەوان لەسەر لاپەڕەکانی ئەو دوو گۆڤارە هاتە ئاراوە ، کە ئەلفوبێی عەرەبی لابرێ لەباتی ئەلفوبێی لاتینی بەکاربهێنرێ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە زمانی کوردی لەگەڵدا ناگونجێ، بەرامبەر بەمەش چەند بیروڕایەکی دی هاتنە ئاراوە کە بانگەشەیان بۆ نووسینی زمانی کوردی دەکرد بەپیتی عەرەبی ، بەڵام بەمەرجی باشکردنی سیستەمەکە بۆ ئەوەی گونجاوتر بێت و گوزارشت لە دەنگە ڕاستەقینەکانی زمانی کوردی بکات، بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە لەوە دەچێ کە کۆمەڵەی (هێڤی) هەستا بێ بەدامەزراندنی بەشێك یان کۆمەڵەیەکی بچووك بەناوی (گشتاندنی خوێندەواری و چاکسازی پیتەکان) بۆ ، هەروەك لە وتارەکەی (ساڵح بەدرخان)[1]

[1] – ساڵح بەدرخان(1874–1915) لە لازقیەی سوریا لەدایك بووە، کوڕی مەحمود عزەت کوڕی ساڵح عەبدوڵلا خانە، دایکی ناوی لەیلایە کچی بەدرخان پاشایە، لە پێناوی خوێندن چۆنە چەند شارو شارۆچکەیەك لەنێوان وڵاتی شامو ئەستەمبوڵو ساڵی 1900 ڕۆژنامەی (ئومێدی)ی لەوڵاتی میسر دەرکردووە، ساڵی 1913 چەند وتارێکی لە گۆڤارەکانی ڕۆژی کوردو یەکبوون بڵاوکردۆتەوە، کە لەئەستەمبۆل دەردەچوو، ساڵی 1915 بەهۆی نەخۆشی(تیفۆ) کۆچی دوایی دەکات، بۆ زانیاری، بڕوانە: صالح بدرخان،



دەردەکەوێت، کە لەژێر ناونیشانی (پیتەکانمان و ئاسانکردنی خوێندنەوە)یە[1]، هەروەها لە وتارێکی تردا کە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لەژمارە (2)ی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە بەناونیشانی (بەدواداچوونی کۆمەڵەی (بڵاوکردنەوەی زانست و چاکسازی پیتەکان)ی بەڕێز بۆ بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕۆژی کورد)[2] ، کە باس لە مەسەلەی دۆزینەوەی ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو و پێشڤەچوو دەکات، کە لەسەرەکیترین ئامانجەکانی کۆمەڵەی (هێڤی) بوو.

جا لە ژمارەی یەکەمی دەرچوونی (ڕۆژی کورد) وتارێکی (مەسعود سلێمانی)[3] لەژێر ناونیشانی (پیتەکانمان و ئاسانکردنی خوێندنەوە) بڵاوکرایەوە کە پێویستی بەهەند وەرگرتنی ئەلفوبێی کوردی ئێستای تیادا ڕوون کردەوە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نووسینی زەحمەت لەگرنگترین هۆکارەکانی گۆشەگیربوونی میللەتی کوردو دابڕیوبوونیەتی لەژیاریی ئەوروپایی هاوچەرخ،[4] لەوتارەکەشیدا باسی لەپیتی عەرەبی کردووە، کە لەسەر چەند شێوازێك دەنووسرێت، وەکو پیتی (ت، ة، ـة)،

مذکراتي، ترجمة، روشن بدرخان، دمشق، 1991، ص 11، مالمسانژ، بدرخانیو، ص 75–76.

[1] –. بڕوانە: ڕۆژی کورد، ژمارە(2) ، 19ی تموز 1913، ل 12–13، لە: ڕۆژی کورد 1913، بڵاوکردنەوەو پێشەکی لەسەر نووسینی : جەمال خەزنەدار، بەغداد، 1981

[2] – ڕۆژی کورد، ژمارە (2) 19ی تموزی 1913، ل 13–15، لە : ڕۆژی کورد، 1913.

[3] – سەرچاوەکان ئاماژە بە ژیانی ناکەن نووسەر.

[4] –. جلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو ل 118.

پیتەکانی تریش بەهەمان شێوە، ئەویش بەگوێرەی بەکارهێنانی لەزماندا،[1] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نووسەرە هیچ پێشنیارێکی بۆ چاککردنی ئەلفوبێی کوردی[2] پێشکەش نەکردووە. ڕۆژی کورد لەژمارەی دووەمیدا وتارێکی لەژێر ناونیشانی (بەدواداچوونی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانست و چاکسازی پیتەکان )( بەرێوەبەری گۆڤاری رۆژی کورد) بڵاوکردۆتەوە، و زۆربەی زۆری تەوەرەکانی ئەم بەدواداچوونە لەبەرگری کردن لەسەر ئەلفوبێی عەرەبی چڕ دەبێتەوە ، کە بۆ نووسینی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت و وتویەتی نەتەوە موسلمانەکان هەموو ئەم ئەلفوبێیە بەکاردەهێنن، هەروەها ئەم ئەلفوبێیە بەهێزترین پەیوەندییە لەنێوان موسڵمانانی ناعەرەب کە بەهۆیەوە دەتوانن شارەزای ئایینی ئیسلام بن، جگە لەوەی کە قورئانی پیرۆز بەم پیتانە نووسراوەتەوە. لەبەرئەوە ناتوانین وازی لێ بهێنین، هەروەها لەنێوان میللەتی کورددا لەمبارەیەوە هەنووکە دوو ئاراستەی جودا هەن ، یەکەمیان داوای بەکارهێنانی پیتی لاتینی دەکەن و دووەمیشیان بەکارهێنانی پیتی عەرەبیان پێ باشترە، بەمەرجی خزاندنی هەندێك چاك کاری بۆ ناو ئەو ئەلفوبێیە[3] . وا دەردەکەوێ ، کە ئەم کۆمەڵەیە لە کۆششی ئەوەدابووە کە ئەلفوبێیەکی گونجاو و شیاو بۆ زمانی کوردی بدۆزێتەوە، لەهەمان

[1] – رۆژی کورد، ژمارە( 1)، 19 ی تەمووزی 1913، ل 18، لە رۆژی کورد 1913.

[2] – جلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 118.

[3] – رۆژی کورد، ژمارە (2)ی 19ی تەموزی 1913، ل 13–15، لە: رۆژی کورد 1913.



کاتیشدا دژ بەو ڕەوتە بووە کە بانگەشەی بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی دەکرد. هەژی گۆتنێیە کە (عەبدوڵڵا جەودەت)[1] بانگەشەی پەیڕەوکردنی ئەلفوبێی لاتینی و داوای گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ لاتینی دەکرد ، ئەویش لە وتارێکیدا لەژێر ناونیشانی (وتار) کە لەژمارەی یەکەمی گۆڤاری ڕۆژی کورد بڵاوی کردەوە ، کە دواتر دێینە سەری.

لەو نووسەرانەی دی کە لەگۆڤاری (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) بەرهەمیان هەبووە و کاریگەریەکی زۆریان بەسەر ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەستەنبولدا هەبووە، (خەلیل خەیالی)ە ، کە زۆربەی زۆری وتارەکانی جەختیان لەسەر خوێندن و فێرکردنی زمانی کوردی لەنێو کورددا دەکردەوە[2]، وەك هاندانی خەڵکی و کارکردن بۆ پێشڤەبردنی ڕێنووسەکەی بەپێی توانا تاکو هەموو کورد بتوانن پەیڕەوی بکەن، ئامانجەکەشی نزیك کردنەوەی شێوەزارە کوردییەکان بوو ، واتە

[1] – عەبدوڵلا جەودەت( 1869– 1932): بۆ خێزانێکی کوردی دەگەڕێتەوە، کە لەشاری خەربوتی کوردستانی باکورە، یەکێکە لە چوار دامەزرێنەرە یەکەمەکەی کۆمەڵەی ئیتعادو تەرەقی عوسمانی لە ساڵی 1889، رۆڵی لە دەرکردنی رۆژنامەی عوسمانلی 1897 بینیوە، لەساڵی 1904 گۆڤاری ئیجتهادی دەکردووە، ساڵی 1918 بەشداری لە کارەکانی کۆمەڵەکە لەرووی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی کوردی کردووە، ساڵی 1932 لەئەستەنبولّ کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: مالمیسانژ، القومية الكوردية.. ل 9 و ئەوانی تر. فەرهاد پیربالّ، رۆژنامەگەریی کوردی... ل 16–17.

[2] – بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی مەسەلەی فێربوون بەزمانی کوردی لەنێو کوردا، لەرۆژی کوردو هەتاوی کورد، بڕوانە: هۆگر تاهر توفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل 176–182، و ل 192–199.

دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی کوردی [1] ، بۆ نموونە لەوتاری (زمـان و نەخوێندەواری میللەتی کورد) ڕەخنە لەمیللـەتی کـورد دەگـرێ و دەڵـێ کاتێك کە قسە دەکەن و شتەکان ڕاڤەدەکەن ، ئەوا بەزمانی کـوردی ئـەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەن ، بەڵام کاتێك کە دەنووسن زمانی تورکی و عەرەبی و فارسـی بـەکاردەهێنن، پـاش هەنـدێك قـسەکردن و پێـشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ میللەتی کورد دەڵێ: ((ئیمە وا چاوەڕوانی زانایانی موسڵ و دیاربەکرو بەتلیس و وان و ئەرزەرووم و بەغداو سنەو سلێمانی و کـەرکوك و خەربوت دەکەین ، کـە پـاش گـۆزەرکردنی سـێ چـوار مـانگ بەسـەر وەڵامدانەوەی ئەو زانایانەدا چۆنێتی نووسین و خوێنـدن بـەزمانی کـوردی ڕادەگەیەنن))[2] ، هەروەها لـە وتارێکیـدا بـەناوی (زمـان) دەڵـێ هـیچ نەنگیەکی بۆ ئایینی ئیسلام تێیدا نییە، گەر میللەتی کورد زمانەکـەیان لەنووسـیندا بـەکاربهێنن، ئێـستا نزیکـەی (300) ملیـۆن موسـڵمان لەجیهاندا هەن و زۆربەی زۆریان بەزمانی خۆیان دەخوێنن ، ئەمەش هیچ کاریگەریەکی بەسەر ئایینی ئیـسلامدا نییـە، ئـیتر بۆچـی کـورد وەکـو نەتەوەکانی دی بەزمانی خۆی نەنووسن و نەخوێنن، پاشان دەڵێ کە ئێستا میللەتی کورد لەڕووی زانستییەوە پێویستی بـە (10) خـاڵ هەیـە، کـە خاڵی دووەمیان (دۆزینـەوەی ئەلفوبێیـەکی نوێیـە)[3]، جـا گـرنگترین و

[1] – بڕوانە: کمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل 103.
[2] – ڕۆژی کورد، ژمارە(2)، 19 تەمووز 1913، ل 29–30، لە ڕۆژ کورد 1913.
[3] – ڕۆژی کورد، ژمارە(3)، 14ی ئابی 1913، ل 20–22، لە ڕۆژی کورد 1913.



دیارترین وتارەکانی لەم بوارەدا وتارێکە بەناونیشانی (نەخۆشـی کـورد)، ئەم وتارە چەند ڕەخنەو ئامۆژگاریەکی لەخۆگرتووە، بۆ ئەو زانایانەی کـە بەرهەمەکانیاندا بـەزمانی دی غـەیری کـوردی دەنووسـن، هـەروەها لـە وتارەکەیدا وتویەتی ((زانا کوردەکان زمانی خۆیان نازانن، وا دەزانن کـە هەموو زمانەکان لە زارو زمانی مرۆڤەوە دەرچووە ، بەڵام زمانی کـوردی لەژێر زەوییەوە هاتۆتە دەرێ، لەکاتێکدا کە زمانەکەمان لـە زمانـەکانی دی باشترە بە سانایی شتی پـێ دەنووسـرێت و سـەرباری ئـەوەش دەقـی ئـەدەبیمان هەیـە، بـەڵام بـە هـۆی نـەزانی و دواکەوتوویمانـەوە ڕەواجـی نەبووە))[1] .

پاشان ئەم نووسـەرە بانگەشـەی کـورد دەکـات بـۆ کۆمـەکردنی کۆمەڵەی (هێڤی) کە هەوڵ دەدات بۆ پێشڤەبردی زمانی کوردی لەو ئان و زەمانەدا، لەمەوە دەردەکەوێت کە (خەلیل خەیالی) ڕۆڵێکی زۆر گرنگـی گێڕاوە ، ئەویش لە ڕێگەی ئەو وتارانەی کە لـە هـەردوو گۆڤـاری (ڕۆژی کورد) و (هـەتاوی کـورد) بـڵاوی کردۆتـەوە ، سـەبارەت بـە مەسـەلەی دۆزینەوەی ئەلفوبێی کوردی کە بە زمانی کـوردی بنووسـرێت، و هـەموو زانایانی کوردیشی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی گرنگی بەزمانی کوردی بدەن و پێشنیازو بیروڕاکانیشیان لە ئەستەنبول بـۆ کۆمەڵـەی (هێڤـی) ڕەوانـە

[1] – هەتاوی کورد، ژمارە(2)، 4ی کانوونی یەکەم، 1913، ل 25–30.

بکەن، ، بۆ وەرگرتنی باشترین ئەو پێشنیازانەو سوود وەرگرتن لێیان بۆ دامەزراندنی ئەلفوبێیەکی یەکگرتووی کوردی.

هەروەها لە وتارەکانیدا دەردەکەوێت کە زۆر دڵسۆزی نەتەوەکەی بووەو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە، کە هەستی نەتەوایەتی لەلای میللەتەکەی ببزوێنێ، نەخاسما لەلای پیاوماقوڵان و زاناکان ، ئەویش لە ڕێگەی ڕەخنە لێ گرتن و ئامۆژگاری کردنیان.

هەروەها نووسەرێکی دی بەناوی (زەهاوی زادە)[1] لەوتارێکی خۆیدا کە بەناوی (تێبکۆشن) بڵاوی کردۆتەوە، باسی لە ئەلفوبێی کوردی کردووە، پاش ئەوەی کە باس لەوە دەکات کە لەمێژوودا میللەتان، بەهێزی بازوو بەرگریان لەخۆیان کردووە، بەڵام ئێستا لەگەڵ هێزە مادیەکەدا پێویستە هێزی مەعنەویش دەستەبەر بکرێت، کە لەسەرووی ئەو هێزە مەعنەویەدا دابین کردنی زانست و مەعریفەیە، هەروەها دەڵێت ((میللەتی کورد لەم بوارەدا هێلێکی ڕوون و سەربەخۆیان نییە، لەبەدەستهێنانی نیعمەتی زانست و زانین بێ بەش و مەحرومن، لەبەرئەوەیە کە زمانی کوردی بەزمانێکی دەق بەستوو مایەوە، جا لەبەر ئەم هەنگاوە گرنگە وا دەبینم کە مەسەلەی نووسینی کوردی چارەسەر بکرێت و پیتە عەرەبیەکان قبوڵ بکرێن و جووڵەکانی زمانی کوردی وەك (خاڵبەندی) و عەلامەتەکانی گەورەکردن، تەنها بۆ جوداکردنەوەی پیتەکان

1 – سەرچاوەکان ئاماژە بەژیانی ناکەن.



بەکاربهێنرێت، پاش ئەمە ئیتر زۆر ئاسانە کە ڕێزمان و ڕێساکانی داتاشین بۆ پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی لەکوردستاندا دابنرێن)[1] .

کۆمەڵەی هێڤی لە ڕێگەی هەردوو گۆڤارەکەیەوە کۆششێکی زۆری خستەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو بۆ زمانی کوردی، بەتایبەتی کە ئەم کۆمەڵەیە دەرکی بەوە کردووە، کە تەنها خۆی ئەو تاکە ڕێگایەیە، کە ئەم کارەی تیادا ئەنجام بدرێت، بەشێوەیەك کە ئەلفوبێیەك بهێنرێتەکایەوە و هەموو کورد لەسەری کۆك بن، بەهۆیەوە هەموو کوردەکانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان پەیڕەوی بکەن، چونکە زمان بەگرنگترین پایەکانی بونیادی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت .

سەرباری هەموو ئەو کۆششانەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و گۆڤاری (هەتاوی کورد) بۆ پێشڤەبردنی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی ئەنجامیان دەدا، کە بەهۆیەوە تاکو ئێستا زمانی کوردی پێ دەنووسرێتەوە، لەگەڵڵ ئەوەشدا هەندێك ئاراستەی دی هەبوون، کە عەبدوڵڵا جەودەت بانگەشەی بۆ دەکرد، کە دوایی دێینە سەری چەند بیروڕایەك لەئارادا هەبوون، کە ژمارەیەك لە نووسەرانی ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد بانگەشەیان بۆ دەکرد کە ئەم بیروڕایانەبوون:

## ئەلفوبێی ساڵح بەدرخان

1 – هەتاوی کورد، ژمارە(1)، 24ی تشرین یەکەم 1913، ل 18.

سالّح بەدرخان لەژمارەی دووەمی گۆڤاری ڕۆژی کورد وتارێکی بەناونیشانی (پیتەکانمان و ئاسانکردنی خوێندنەوە) نووسی، کە شکلێکی دی ئەلفوبێی کوردی تیادا پێشنیازکرد، کە خۆی دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دایڕشتبوو، مەبەستیشی دانانی شێوازێکی سادەی ئەلفوبێی کوردی بوو، کە بە ئاسانی بخوێندرێتەوە و پێی بنووسرێ، (سالّح بەدرخان) لەو ئەلفوبێیەی کە بەپیتی عەرەبی نووسیبوی، پێشنیازی ئەوەی کرد کە (8) پیتی تازە بخرێنەسەر ئەو پیتانە بۆ دەرخستنی پیتە دەنگیەکانی زمانی کوردی[1]، هەروەها لەوتارەکەی خۆیدا کەرتکردن وشەی پێشنیازکرد، واتە پیتەکانی وشەیەك پێکەوە نەلکێندرێن، هەروەکو لە ئەلفوبێی عەرەبیدا پەیڕەوکراوە، بەڵکو پێویستە هەموو پیتێك بەجودا بنووسرێت، هەروەك لە ئەلفوبێی لاتینیدا پەیڕەوکراوە کە پیتەکان بەیەکەوە نانووسرێن. هەروەکو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت (ساقی = س، أ، ق، ی) بسم = ب، س م،ی، الله = ال ل، أ، ه) .

سالّح بەدرخان خۆی دەرکی بەوە کردبوو، کە ئەو ئەلفوبێیەی کە دایناوە زۆر پوخت و تەواو نییە[2] ،لەبەر ئەوە ڕوو دەکاتە خوێنەرانی وتارەکەی و دەڵێ: ((مەسەلەیەکی ئاساییە کە پسپۆران قۆڵی لیّ هەڵماڵن و لەم بوارەدا کۆشش بخەنەگەڕ ،چونکە ئەوان یاسای تەواو پتەوەکان باشتر

[1] – جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 118–119.
[2] – جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 119.



دەزانن لەسەرووی هەموویانیشەوە عەبدوڵڵا جەودەت))[1]، هەروەها بۆ گۆڤاری (ڕۆژی کورد)یش پێشنیاز دەکەم کە ستونێکی بچووك و بەردەوام و تایبەت لەڕووپەرەکانی خۆی بۆ باسکردنی ئەم مەسەلەیە تەرخان بکات[2].

بۆیە (ڕۆژی کورد) هەوڵیدا کە ژمارەیەکی زۆر لەو بیروڕایانە کۆبکاتەوە کە باس لەم لایەنە دەکەن، بۆیە پاش وتارەکەی (سالّح بەدرخان) کە ئەلفوبێیەکەی تیادا پێشنیازکرد، ئەم گۆڤارە دەستی کرد بە ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە و لاپەڕەیەکی تەواوی بۆ ئەم ئەلفوبێیە تەرخان کرد، دەستیشی کرد بەهێنانەوەی نموونە بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکی، سەرباری زمانی کوردی، هەروەها (ڕۆژی کورد) ئەم ئەلفوبێیەی (سالّح بەدرخان)ی بەهەند وەرگرت و گرنگیەکی زۆری دایێ، ئەویش بۆ لێکۆڵینەوەو زانینی کارایی و بەکەڵك هاتنی بۆ خوێندن و نووسینی کوردی لە ئاییندەدا، لەبەرئەوە (ڕۆژی کورد) لاپەڕەی کۆتایی ژمارەی سێیەمی گۆڤارەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە تەرخان کرد، لەسەرەتاشەوە بەزمانی کوردی نووسیویەتی ((هەر یەکێك لەماوەی پازدە ڕۆژدا، دەتوانێت بەم پیتانەی بەزمانی کوردی بنوسێت و بخوێنێت ، تکای لیّ دەکەین کە ناوی خۆمان بەم پیتانە بۆ بنووسێت، هەروەك لەم نموونانەدا

[1] – ڕۆژی کورد، ژمارە(2) ، 19ی تەموزی 1913، ل 13، لە ڕۆژی کورد 1913.
[2] – جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 119.

دیارە))[1] ، پاشان ئەم پیتانەی نووسیوەو هەندێك نموونەی بەزمانی کوردی هێناوەتەوە.

پاش داخستنی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) ، ئیتر گۆڤاری (هەتاوی کورد) ئەم ئەرکەی خستە سەرشانی خۆی و لاپەڕەی کۆتایی هەردوو ژمارەی یەکەم و دووەمی خۆی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کرد و نموونەی بۆ هێنایەوە ، ئەم وتارانەش هەروەك وانەی فێرکاری وابوون[2] ، بەڵام ئیدارەی گۆڤارەکە هەروەك لەلاپەڕەکانی هەردوو ژمارەی (4 ـ 5) و ژمارە (10) ی (هەتاوی کورد) دەردەکەوێت ، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم لایەنەی ئەلفوبێیە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، لەبەرئەوە ژمارەکانی دی گۆڤارەکە و ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم چ لەئەستەنبول و چ لەشوێنی دی دەرچوون، باس لەم تەرحە ئەلفوبێیە ناکەن ، ئیتر بەگشتی ئەم پێشنیازە لەبیرکرا.

## ئەلفوبێی ئۆردۆ

[1] – ڕۆژی کوردی، ژمارە (3)، 14ی ئابی 1913، ل 32، لە ڕۆژی کورد، 1913.

[2] – بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (7)، جێگای ئاماژە پێکردنە، کە هەموو ئەو نووسینانەی لە ڕۆژی کوردو هەتاوی کورد لەبارەی ئەلفوبێی ساڵح بەدرخانە نووسراون، لە پاشکۆکە بڵاوکراوەتەوە.



(مەولان زادە ڕەفعەت)[1] لەوتارەکەی خۆیدا کە بەناوی (بۆ بەڕێزان دامەزرێنەرانی گۆڤاری هەتاوی کورد)، کە لەژمارە دووی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە ، بیرۆکەی پەیڕەوکردنی ئەلفوبێی ئۆردۆی خستەڕوو، ئەم نووسەرە پاش ئەوەی باسی ئەوەی کردووە کە کوردو ئەرمەن لە ڕەچەڵەکی (ئۆردۆ)وە هاتوون، و هەردوولا پیتەکان و ئاداب و زمان و دابەکانیان لەپێشوودایەك بووە، بەڵام پاش موسڵمانبوونی کوردو مەسیحی بوونی ئەرمەن جودابوونەوە، ئینجا پاش ئەوەی کە هەندێك ئامۆژگاری ئاڕاستەی کورد دەکات ، جەخت دەکاتە سەر زەرورەتی پەیڕەوکردنی پیتی (ئۆردۆ) کە پیتی دێرینی خۆیان بووە، بۆ بەئاگاهاتنی نەتەوایەتییان بەکاربهێنرێت، ئەم بیروڕایەی خۆی بەم شێوەیە گوزارشت لێ کرد ((پێویستە کورد زمانی بێداری خۆیان پەیڕەوبکەن... و لەخزمەتی ئەو زمانەدابن ئەویش بۆ چاککردنەوەی و گشتاندنیشی لە ڕێگەی ئەو نووسینانەوە، لەبەرئەوە پێویستە پیتە دێرینەکانمان ، واتە پیتەکانی (ئۆردۆ) زیندووبکەینەوە، ئەو پیتانەی کە ئێستا بەکاری دەهێنین.

[1] – مەولان زادە ڕەفعەت: یەکێك لە ئەندامە کوردەکانی نێو کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی عوسمانی بوو، بەڵام پاش ساڵی 1909 لە کۆمەڵەکە جیابۆوە، ئەمیش بەهۆی سیاسەتە ڕەگەزپەرستیانەی کۆمەڵەکەیە، بۆیە ساڵی 1911 پەیوەندی بەحزبی (ئازادیو هاوپەیمان) کرد،و ڕۆژنامەی سەربەستی دەکرد، لەکاتی حوکمی کۆماری تورکیا بەجێ دەهێڵێو ڕوودەکاتە (حەلەب)، لەوێ لەڕێگەی وتارەکانیدا هێرشی کردۆتە سەر کەمالیەکان، هەر لە (حەلەب) کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: مالمیسانژی، القومیة الکوردیة...، ل 50–51.

مەبەستی پیتە عەرەبییەکانە زۆر لە زمانەکەمان بەڵەدمان ناکات، جاگەر بتوانین پیتە دێرینەکانی خۆمان زیندووبکەینەوەو بەدیاری بیبەخشینە قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی ، ئەویش بەشێوەی پەرتووك و ڕێزمان و خوێندنەوەی فەرهەنگی خاوەن ڕەسەنایەتی ، ئەوا ئەوکاتە گەیشتن بەم مەرامە مەیسەر دەبێت))[1].

دەتوانین بێژین کە (مەولان زادە رەفعەت) لە وەهمیدا بووە، چونکە یەکەم شت دەبێ ئەوە بزانین کە کوردو ئەرمەن یەك ڕەچەڵەك نین[2]، زمانی (ئۆردۆ)ش لەزمانە زیندووەکانی جیهانە، چونکە زمانی دەوڵەتی (پاکستان)ە ، جگە لەوەی کە ژمارەیەك لە هیندییەکانی شاخ بەکاری دەهێنن و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە جیهاندا بەم زمانە قسە دەکەن ، لە (130) ملیۆن کەس زیاترن، ئەم زمانەش لەزمانی هیندیەوە نزیکە، و وشەی فارسیشی زۆر تیادایەو پیتی عەرەبیش لە ڕێنووسەکەیدا بەکاردەهێنرێت.[3]

[1] – هەتاوی کورد، ژمارە (2) 4ی کانوون یەکەم 1913، ل2–3.

[2] – بۆ زانیاری لەبارەی گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی کوردو ڕەگەزیان خراوەتە روو، بڕوانە: محمدامین زكي، خلاصة تاريخ الكورد وكردستان( من اقدم العصور حتى الان) ، ترجمة: محمد علي عوني، ط 4، بيروت، 1996، ض1، ص 37-80، بيليو، اي، ويگرام ، ادگار، تي، اي ويگرام، مهد البشرية الحياة من شرق كوردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، ط3، اربيل، 2001، ص 8.

[3] – بڕوانە : زياد الملا، لغت العالم، الحية والميتة، سورية، دمشق، 1999، ص 38-39.



## ئەلفوبێی عەبدولڕەزاق بەدرخان 1913

لەڕاستیدا ساڵی (1913) بە دەروازەی قۆناغێکی تازە سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردی و ڕێنووسی کوردی دادەنرێت، لەم ساڵەوە ئیتر کورد بەڕاست و دروستی دەستیان دایە ئەو ئەلفوبێیەی کە بەزمانی کوردی لەوکاتەدا دەنووسرا، ژمارەیەك بیروڕا و ئاراستە لەوکاتەدا دروست بوون، هەندێك پێیان وابوو کە ئەلفوبێی عەرەبی لەنووسینی کورددیدا بەکاربهێنرێت، بەو مەرجەی چاککاری تیادا ئەنجام بدرێت، ئاڕاستەیەکی هاودژیش هەبوو ، کە بانگەشەی پەیڕەوکردنی پیتە لاتینیەکانی لەبری پیتی عەرەبی دەکرد، سەرباری ئەو ئاراستەیەش کە داوای دەکرد ئەلفوبێی (ئۆرۆ) لەنووسینی کوردیدا بەکاربهێنرێت. زۆربەی زۆری ئەم ئاراستانەش هەموو وتران و باسکران.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە لەهەمان ساڵدا ، واتە ساڵی (1913) ئاراستەیەك پەیدابوو کە بانگەشەی بۆ بەکارهێنانی پیتی (ڕووسی) دەکرد، ئەم ڕەوتەش لەلایەن (عەبدولڕەزاق بەدرخان)ەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، ئەم کەسایەتیە پاش ئەوەی کە کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری کوردی لەشاری (خۆی) لە کوردستانی ئێران لەساڵی (1913) بەناوی (جیهان دانی ـ جیهانزانی) واتە (فێربوون)ی دامەزراند، بانگەشەی دامەزراندنی ئەلفوبێیەکی کوردی لەسەر بنەمای پیتە ڕووسیەکان، کرد هۆکاری ئەم بۆچوونەشی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە:ـ

1ـ لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی پیتی دەنگداری تێدا نییە ، لەتوانایدا نییە کە بۆ زمانی کوردی بەکاربهێنرێت.

2ـ نووسینی کوردی بەپیتی ڕووسی یارمەتی منداڵانی کورد دەدات کە زمانی ڕووسی فێربن، هەروەها دەستی کورد دەگرێت بۆ بەڵەدبوونی زمانی ڕووسی پێشەنگ، هەروەها (عەبدولڕەزاق بەدرخان) وتی: ((فێربوونی ڕێنووسی ڕووسی، فێربوونی زمانی ڕوسیمان بۆ مەیسەر دەکات، کە بۆ لاوانمان زۆر زەرورە تاکو بچنە ڕوسیاو لەوێ سەرقاڵی خوێندن و پەیداکردنی زانست بن))[1] .

هەروەها کۆمەڵەی (جیهان زانی) داوای لە ئەکادیمیەی ڕووسی کرد کە ئەلفوبێیەکی کوردی لەسەر سیستەمی پیتە ڕوسیەکان دابنێت و (ی. ئا. ئوربللی)[2] بەم کارە ڕاسپێردرا.[3]

عەبدولڕەزاق بەدرخان پەنای بردە بەر پەیڕەوکردنی پیتی ڕووسی لە ئەلفوبێی کوردیدا، بەئامانجی نزیك کردنەوەی هەردوو نەتەوەی کوردو

[1] – جلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 173–174.

[2] – ی. ئا. ئوربلی(1887–1961): یەکێك لە ڕۆژهەڵاتناسانی رووس، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لەبواری زمان‌و ڕۆشنبیری کوردی کاریان کردووە، ساڵی 1959 بەهەوڵو توانای ئەو بۆ یەکەمجار بەشێکی تایبەت بەدیراساتی کوردی لە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەتی لە لینینگراد کرایەوە، و بە سەرۆکی ئەم بەشە هەڵبژێردرا، بڕوانە:هەمان سەرچاوە، ل 186ـ187. کمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل 103.

[3] – جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 175.



ڕووسی، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ڕووسەکان لەسەرەتای سەدەی (19)[1]دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نزیکایەتیان لەگەڵ کورددا پەیدا کرد، چونکە لەو کاتەدا هەندێك لە سیاسەتوان و سەرکردە ڕوسەکان دەیانویست سۆزی کوردەکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن، یان زامنی بێ لایەنیان بکەن لەو شەڕانەی کە عوسمانیەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامی دەدەن، لەبەرئەوەی هەڵوێستی هۆزو تیرە کوردەکانی ئەو دەڤەرە لەو شەڕانەدا یەکلاکەرەوەبوو، یان بەلای کەمەوە ئاستەنگ خستنە پێش سوپای ڕووسی، کە ئیتر نەتوانن سنوورەکانی ئەم شوێنانە ببەزێنن، کە ئێستا خاکی کوردستانی تورکیا دەگرێتەوە، بۆیە هەندێك لەسەرکردە کوردەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە ، نەخاسما پاش ئەوەی کە دەرکیان بەوەکرد کە هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و دەوڵەتی عوسمانی دادپەروەرانە لەگەڵ مامەڵە ناکەن و مافە نەتەوەییەکانی خۆیان پێنابەخشن، لەو کوردە ڕۆشنبیرانەی کە دەرکیان بەم مەسەلەیە کرد (عەبدولڕەزاق بەدرخان) بوو ، کە مانگی شوباتی (1913) نامەیەکی بەناوی کۆمەڵەی (جیهان زانی) ئاڕاستەی نوێنەری ڕووسی لەشاری (خۆی) کرد، و تیایدا وتی ((لەم ئان و ساتەدا میللەتی کورد بەستەمکاری و زۆرداری فارس و تورك کۆنترۆڵ کرابوون، نەیانتوانیوە سوود لەژیارو شارستانیەتی ئەوروپی وەربگرن، نەتەوەی فارس، هیچ گرنگیەکیان بە

[1] – یەکەمین پەیوەندی رووسی بە کورد بۆ ساڵی 1804 دەگەڕێتەوە، بڕوانە، ن. ئا. خالفین، سەرچاوەی پێشوو ، ل 42.

فێرکردنی گەل نەداوە، هیچ خێرێکیان لێ چاوەڕێ ناکرێ، هەرچی تورکەکانیشە هەر لەهەوڵ و کۆششی ئەوەدا بوونە کە کورد بە نەزانی وبەنەخوێندەواری بمێنێتەوە، لەبەرئەوە میللەتی کورد لە بارودۆخێکی دواکەوتوو و پاشکەوتوودا مایەوە))[1].

سەرباری ئەوەش ئەو سەرکردە کوردانە لەوکاتەدا دەیانویست ڕوسیا بۆلای خۆیان کەمەند کێش بکەن، ئەویش لەبەرئەوەی کە ڕوسیا زلهێزێکی گەورەو بوو لەجیهاندا، لەگەڵ کوردستانیشدا لەباکوورەوە هاوسنووربوو، گرنگ ئەوەیە کە بڵێین، ئەوانەی کە بانگەشەیان بۆ پەیڕەوکردنی پیتی ڕووسی لە نووسینی کوردیدا دەکرد، ئەوکاتە نەیانتوانی ئەم شێوازەی ڕێنووسی ڕووسی لەزمانی کوردیدا دابمەزرێنن، ئەم زانیاریەش بەپێی قسەکانی توێژەری کورد (توسنێ ڕەشید)[2] ، کە باسی لەوە کردووە کە خۆی (ئوربللی) بینیوەو کەسایەتیەکە ئەو کارەی پێ سپێردراوەو لەمبارەیەوە قسەی لەگەڵدا کردووە، هەروەها (ئوربللی) پێی ڕاگەیاندووە

1 – جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل 172.

2 – توسنێ، ڕەشید: یەکێکە لە لێکۆڵەرە ڕۆشنبیریەکانی کوردی ئێزیدی، ساڵی 1941 لەدایکبووەو ئێستا لەشاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا دەژیت، کوڕە برای ڕۆشنبیری کوردی ئێزیدی(قەناتی کوردۆ)یە، کە چەندین بەرهەمو لێکۆڵینەوەی لەبارەی کوردو مێژووەکەیان نووسیوە. نووسەر.



کە دەستی کردووە بەم پڕۆژەیە، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و بارودۆخی نێودەوڵەتی بوونە لەمپەرێك هەمبەر ئەم کارە[1] .

جا ئەوەی کە ئەم بۆچوونە زیاتر بەهێز دەکات ئەوەیە کە تاکو ئێستا هیچ سەرچاوەیەك ئاماژەی بۆ ئەم تەرحە ئەلفوبێیە نەکردووە، و هیچ دەقێکیشمان دەست نەکەوتووە کە ئەم ئەلفوبێیەی پێ نووسرابێتەوە.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەلفوبێیەکی کوردی بەپیتی ڕووسی لەداهێنانی (عەبدولڕەزاق بەدرخان) بووە، بۆ یەکەمجار و بەشێوەیەکی کردەییش دەستی بە ئەنجامدانی کردووە، بەڵام تەواوی نەکردووە، بەتایبەتی گەر بزانین کە ئەلفوبێیەکی کوردی لەسەر بنەمای پیتی ڕووسی لەساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم لەناو کوردەکانی یەریڤان و تفلیس یان کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت نووسراوە، بگرە هەندێك ڕۆژنامەش بەو ڕێنووسە لەوێ دەردەچێت، کە پاشان دێینەسەر باسکردنی کۆششەکانی (عەبدولڕەزاق بەدرخان )یش لەتوێی ئەو هەوڵانەدادێت کە کورد لە چەرخی تازەدا خستوویەگەڕ بۆ فۆرمەلەکردنی ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو بۆ تۆمارکردنی زمانەکەیان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمێژووی نەتەوەیی و مێژووی ڕۆشنبیریمانەوە هەیە.

1 – چاوپێکەوتنێك لەگەڵ توسنێ ڕەشید، دهۆك، 4/11/ 2004(نووسەر).

## پێشکەوتنی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی لە کوردستانی باشوور لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا[1]

هەتا پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی کورد هەر پیتی عەرەبییان لەنووسیندا بەکاردەهێنا، لەهەمان کاتدا وەك میللەتەکانی دی ژێر دەسەلاتی عوسمانی بۆ وەدەست هێنانی دەستکەوتە نەتەوەییەکان لەکۆششدا بوون، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان کرد بە دامەزراندنی چەندەها رێکخراوی سیاسی و دەرکردنی چەندەها بلاوکراوەو چاپکراوەی جۆراوجۆر، کە گوزارشت لە هیواو ئاوات و خواستە رەواکانیان بکات، لەسەرەتاشدا زۆربەی زۆری قورسایی سیاسی و رۆشنبیریی و نەتەوەیی و کوردی لەشاری ئەستەنبۆلدا چڕبووەوە، ئەو شارەی کە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی کەوتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە.[2]

ئەو رۆژنامە کوردیانەی کە لە ئەستەنبول دەردەچوون بە لای ئەلفوبێی کوردیدا نەچوونە، هەرچەندە رۆژنامەی (ژین) ئەو سکالایەی خستبووە روو

[1] - بۆ شارەزابوون لەبارودۆخی کوردو کوردستان لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، بڕوانە: کمال مظهر احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل 130 ـ 197.

[2] - بۆ شارەزابوون لەکۆمەڵەو پارتە سیاسیە کوردیەکان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بڕوانە: عبدالستار طاهر شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل 40 . عەلی تەتەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 141 ـ 185.



کە پیتە عەرەبییەکان توانای دەربڕینی تەواوی دەنگە کوردییەکانیان نییە.[1]

جا لەو قۆناغەدا سەبارەت بە باسنەکردنی ئەلفوبێی کوردی لەو رۆژنامەو چاپکراوە کوردیانە ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی زۆری ئەو رۆژنامانە لەتەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکو ساڵی (1922)، واتە ئەو ساڵەی کە ئەتاتورك دەستی بەسەر ئەستەنبولدا گرت، ئەمە سەبارەت بەکوردستانی باکوور ـ تاکو ساڵی (1925)یش سەبارەت بەکوردستانی باشوور مۆرکێکی سیاسییان بەخۆوە گرتبوو، چونکە ئەو رۆژنامانە کۆششیان بۆ بەدەستهێنانی دانپیانانی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان دەکرد و، رۆژانە بە بەردەوامی هەواڵەکانی کۆنگرەی (پاریس)ی ساڵی (1919) یان بلاودەکردەوە،[2] لەبەرئەوە دەرفەتی ئەوەندە نەڕەخسا کە رۆشنبیرانی کورد باسی ئەلفوبێی کوردی بکەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کۆشش لەو بوارەدا کرا، لەوانە کۆششەکانی

[1] - م. ئەمین بوز ئارسلان، زانیاری گشتی لەمەڕ گۆڤاری (ژین)، گۆڤاری رۆژنامەوانی، ژمارە (6 ـ 7)، هەولێر، زستانی 2001، ل 268 ـ 272.

[2] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: احمد عثمان ابوبكر ،كردستان فی عهد السلام (بعد الحرب العلمية الاولى )، اربيل ،2002،ص32 و ئەوانیتر، جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تاريخ سياسى 1900 ـ 1920 ، ومما يتناول النزاع على جنوب كردستان أمام عصة الوثائق والمذكرات المتعلقة به، اربيل، 2002، ص 142 و ئەوانی تر.

(عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری)[1]،کە لەساڵی (1920) لەشاری ئەستەنبول خستییەگەڕ، ئەویش بەبڵاوکردنەوەی شەش بڵاوکراوە دەربارەی ڕێزمانی کوردی بەزمانی عەرەبی، دوو بڵاوکراوەش لەو شەش بڵاوکراوانە کە هەردوو بڵاوکراوەی دووەم و سێیەمین بوون، دووەمیان بەناونیشانی (دیاریا دویی ژبو خورتی کوردان)، کە لە (28)ی مانگی (ئاب)ی ساڵی (1920) بڵاوکرایەوەو سێیەمیشیان لەژێر ناونیشانی (دیاریا سی یی ژبو بچکویت کوردان)، کە لەمێژووی (3)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (1920) بڵاوکرایەوە.[2] جێی ئاماژەیە کە (عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری) باسی ڕێزمانی کوردی لەم دوو بڵاوکراوەیەدا کردووەو باسی لە ئەلفوبێی کوردی نەکردووە ، بەڵام لە بڵاوکراوەی یەکەمدا کە بزربووە باسی ئەلفوبێی کوردی کردووە.

[1] - عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری (1890 ـ 1958) لە یەکێ لە قەزاکانی سەر بە شاری (وان)ی کوردستانی باکوور لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە وان تەواوکردووە، دواتر خوێندنی باڵای لە زانکۆی ئەستەنبۆل تەواوکردووە، لەڕۆژنامە کوردییەکان کاری کردووە، و خاوەنی چەندین بەرهەمە لەم بوارەدا. بڕوانە:ـ فەرهاد پیرباڵ، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لەئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆك، 2002، ل 11 – 22.

[2] - هەردوو بەڕێزان ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح ڕۆڵیان بینیوە لە دۆزینەوەی ئەم دوو بڵاوکراوەیە، ولە سلێمانی داویانە نووسەری ئەم کتێبە ، کەچی بەداخەوە تاکو ئێستا چوار ژمارەکەی تر بزرەو نەدۆزراونەتەوە.



پاش کۆنترۆڵکردنی ئەستەنبول پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن ئەتاتورکەوە (22)ی تشرینی یەکەمی (1992)، ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی تووشی ئیفلیجی بوو، بۆیە ئەو چرایەی کورد لە ئەستەنبول نەما و ڕووی لەپەرت بوون کردو ژمارەیەکی زۆریان ڕوویان لەسوریاو لوبنان کرد، جا ئەوانە بوون کە لەسەرەتاوە دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی (کە دواتر باسیان دەکەن)، هەندێکیشیان بەرەو کوردستانی باشوور ڕەویان کردو لەهەردوو شاری سلێمانی و ڕەواندز گیرسانەوە، جگە لەوەی کە بەشێکیان چوونە بەغدا کە پایتەختی دەوڵەتی نوێی عێراقی بوو، و کوردستانی باشووریش لەساڵی 1925 دوای کۆتایی هاتنی کێشەکانی مووسڵ خرایەسەر عێراق.

پێش ئەوەی بچینە نێو درێژەی باسی پێشکەوتنی ئەلفوبێی کوردی لەکوردستانی باشوور لەم ماوەیەدا، جێی ئاماژە پێدانە کە کوردستانی ڕۆژهەڵات هیچ جۆرە کۆششێکی لەمجۆرەی بەخۆیەوە نەبینی بوو، تەنها ڕۆژنامەی (کورد) نەبێ کە (سمکۆ شکاك) لەساڵی 1922 لە (ئورمیە) دەریکردو چوار ژمارەی لێ دەرچوو، کە پیتی عەرەبی و خەتی فارسی تیادا بەکارهێنرا، ئەم ڕۆژنامەیەش هەروەك ئەوانی دی بە پلەی یەکەم

سیاسی بوو.[1] ئەم هەولّوکۆششە نەبێت ، کوردستانی ڕۆژهەلاّت هیچ کارێکی بەخۆوە نەبینی لە بەرەوێش بردنی ئەلفوبێی کوردی. هەرچی کوردستانی عێراقیشە، نەتەوەیی و ڕۆشنبیرە کوردەکان سەرقالّی حالّەتە سیاسییەکە بوون، کە لەسالّی (1925)دا بەیەگجارەکی یەکلابۆوە، لەم سالّەدا کوردستانی باشوور بەعێراقەوە لکێندرا، لەبەرئەوە ڕۆژنامەو چاپخانە کوردییەکانی کوردستانی باشوور لەم قۆناغەدا گرنگیان بە ئەلفوبێی کوردی نەدەدا.

[1] - بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ڕۆژنامەی کوردستان، بڕوانە: هێمن، ڕۆژنامەی کوردی لەکوردستانی ئێراندا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (1)، هەولێر، 2004، ل 148 ـ 153. مەحموود زامدار، ڕۆژنامەی (کورد) و شۆڕشی سمکۆ شکاك، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (1)، هەولێر، 2004، ل 156 ـ 162.



سالّی (1918) ئینگلیزەکان لەسەرەتادا گرنگیان بە ڕۆشنبیری کوردیدا، (مێجەرسۆن)[1] لەگەلّ (شوکری فەزلی)[2] لەبەغدا بەزمانی کوردی هەستان بەدەرکردنی (تێگەیشتنی ڕاستی) ، کە بۆ ماوەی سالێك بەردەوام بوو، و بەپیتی عەرەبی دەردەچوو، ئەم ڕۆژنامەیە لەم ماوەیەدا

[1] - مێجەر ئەی، بی. سۆن (1881 ـ 1923) : ـ مێجەرسۆن یەکێکە لە ئەفسەرە ئینگلیزەکان پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی کرد بەگەشتێك بۆ کوردستان و ولاّتی نێوان دوو ڕووبار، زمانی کوردی وەکو کوردێك دەزانی، لەگەلّ شوکری فەزلی لەسالّی 1918 ڕۆژنامەی (تێگەیشتی ڕاستی) بەزمانی کوردی لەبەغدا دەرکردووە، دوایش چەندین پۆستی کارگێڕی لە بەغداو سلێمانی وەرگرتووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ـ کمال مظهر احمد، کوردستان ...، ص 36 ـ 37. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی: شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغدا، 1987، ل 103 ـ 107.

[2] - شوکری فەزلی (1882 ـ 1926):ـ ڕۆژنامەنووسێکی شاعیرو مێژوونووسێکی سیاسی بەناوبانگە، کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغایە، لەشاری بەغدا لەدایکبووە و خەلّکی شاری سلێمانییە، 14 سالّ لەشاری سلێمانی ماوەتەوە، دواتر لەسالّی 1908 ڕووی کردۆتە شاری ئەستەنبۆل ، چەندین وتاری لە گۆڤاری (بانگی کورد) بلاّوکردۆتەوە، کە لەسالّی 1914 لەبەغدا دەردەچوو، بڕوانە:ـ میر بصری، سەرچاوەی پێشوو، ص 146 ـ 147، کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی...، ل 108 ـ 109.

ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشخستنی زمانی کوردی هەبوو، جگـە لەپاراسـتنی چەندەها زانیاری سەبارەت بە کوردو مێژووی کورد،[1]

بەڵام ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قۆناغی حوکمڕانی (شێخ مەحمود)[2]دا کە ساڵانی (1922 – 1924) دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە مۆرکی سیاسـی بەخۆوە گرتبوو و، دەرفەتی بوارەکانی ئەلفوبێی کوردی بـۆ نەڕەخـسابوو، ئەو ڕۆژنامانەش بریتی بوون لە (ئومێدی ئیستقلال، بانگی حەق، بـانگی کوردستان، ڕۆژی کوردسـتان) و زۆربـەی زۆری ئـەم ڕۆژنامانـە لەشـاری سلێمانی دەردەچوون، جگە لەشاری بەغدا کە ژمارەیەکی کەمی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامانەی گرتەخۆ،[3] هەمووشیان هەر بە پیتی عەرەبی دەنووسران.

بەڵام لەساڵی (1925) پاش تەواوبوونی گرفتی (موسڵ) و لکاندنی کوردستانی باشوور بەعێراقەوە، چـەند ڕۆژنامـەو چـاپەمەنیەکی کـوردی دەرچوون، کە بەشێوەیەکی جیدی باسیان لە ئـەلفوبێی کـوردی دەکـرد . لەکۆتایشدا مەسەلەکە بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عـەرەبی

[1] - بۆ زیاتر شارەزابوون لەڕۆڵی ئەم ڕۆژنامەیە لەپێشکەوتنی زمانی کوردی، بڕوانە:ـ کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل 148 ـ 154.

[2] - شێخ مەحموودی نەمر (1881 ـ 1956) : کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ کاکە ئەحمەدە، لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لە بیستەکانی سەدەی بیستەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەرکردایەتی چەندین شۆڕشی دژی ئینگلیزەکان کردووە، بۆ زیاتر شارەزابوون، بڕوانە: میر بصری، سەرچاوەی پێشوو، ل 38 ـ 43.

[3] - بۆ شارەزابوون لەم ڕۆژنامانە، بڕوانە: ڕۆژنامەکانی سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لەسەر نووسینی: سەدیق ساڵح، سلێمانی، 2003.



کۆتایی پێ هات، کە تا ئەمڕۆ ئەم کارە پەیڕەو دەکرێت، جا یەکەمین ئەو ڕۆژنامانەی کە باسیان لەم بابەتە کردبێت، گۆڤـاری (دیـاری کوردسـتان) بـوو، کـە لـە بەغـدا لـەنێوان سـاڵانی (1925 ـ 1926) دەردەچـوو، ئێستاش باس لەگرنگترین ئەو وتوێژانە دەکەین، کە لەسەر ڕووپەرەکانیـدا ئەنجام دەدران.

## گۆڤاری دیاری کوردستان[1]

لە گرنگترین ئەو بابەتانـەی، کـە گۆڤـاری (دیـاری کوردسـتان) لەسەر لاپەڕەکانیدا تاوتوێیکردبوون، ئەلفوبێی کـوردی و زمـانی کـوردی بوو، کە بەچ زمان و بە چ پیتێك بنووسرێت.

شایانی باسە کە سەرجەم ئەو وتارانـەی کـە لـەم بـوارەدا نووسـران، بەزمانی کوردی و بەپیتی عەرەبی بوون، یەکـەم کەسـیش ئـەم بابەتـەی تاوتوێکردبێ (تۆفیق وەهبی)[2] بوو، کە لەوتارێکیدا بەناو (چـۆن و بـەچ

[1] - گۆڤاری دیاری کوردستان: ـ گۆڤارێکی کوردییە لەنێوان ساڵانی 1925 ـ 1926 لەشاری بەغدا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری (سەلاح زەکی ساحێبقران) بوو، ئەم گۆڤارە وتارەکانی بە زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی بڵاودەکردەوە، و (16) ژمارەی لێ دەرچووە، بڕوانە:ـ دیاری کوردستان (1925 ـ 1926) ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی نەوشێروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح، سلێمانی، 2001.

[2] - تۆفیق وەهبی (1891 ـ 1984): لەگوندی (چوارتا)ی سەر بە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی 1908 خوێندنی سەربازی لە ئەستەنبۆل تەواوکردووە، ساڵی 1921

پیتێك زمانی کوردیمان بنووسین)، که له هەردوو ژمارەی پێنجەم و شەشەم لەتوێی دوو زنجیرەدا خستییەڕوو، پاش ئەوەی که ئاماژەی بەوەدا که ئـەم بابەتە درێژەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارەکە تەواوکەری باسەکەی درێژەی پێ نەدا بڵاوی نەکردۆتەوە، (تۆفیق وەهبی) بەتوندی بـەرگری لـە پیتە عەرەبییەکان کردووەو هـەوڵی داوە کـە ڕەخنـە لەهـەوادارانی پیتـی لاتینی بگرێت و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، که ئەوانەی ڕەخنە لەوە دەگرن که نووسین بەپیتی عەرەبی پەیوەستدارەو ڕوخسار و شـێوازی پیتەکـەش لەوشەدا لەکاتی پەیوەست بووندا دەگۆڕدرێت، که ئەمەش بـۆ فێربـوون و ئەزبەرکردنی پیتەکان زۆر سەخت و دژاوارە، بەڵام (تۆفیق وەهبی) وەڵامی ئەم ڕەخنەیە دەداتەوەو دەڵێ، که ئەم ڕەخنەیە زۆر بەهێز نییە، بگرە پیتە عەرەبییەکان لەکاتی پەیوەست نەبوون و سەربەخۆ بوونیدا هەر گۆڕانکاری بەسەرردادێت، بەڵام ئـەم گۆڕانکارییـە لەڕوخسار و ڕواڵەتـدا زۆر سـادەو سـانایە، و فێربوونیـشی بەهـەمان شـێوە سـادەیە و سـەخت نییـەو لەمێشکیشماندا چەسپاوە، سەرباری ئەوەش هەندێ پیتی لاتینی ئەو پیتە بەچەندەها جۆر بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەو ڕەخنەیـەی دی کـە ئاڕاسـتەی پیتی عەرەبی دەکرێت ئەوەیە کـە پیتـە عەرەبییـەکان بەشـی نووسـینی

له سوپای عێراقی بۆتە ئەفسەر، لەسەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا بۆتە وەزیری ئابووری و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، پاش کودەتای شۆڕشی 14 ی گەلاوێژی 1908 عێراق بەجێ دەهێڵێ و ڕوو دەکاتە لەندەن، لەو شارە مایەوە تاکو مردنی لەساڵی 1984. بڕوانە:
ـ دیاری کوردستان...، ل 84 ـ 87.



زمانی کوردی ناکات، چونکە لێرەدا چەندەها دەنگ لە زمـانی کوردیـدا هـەن، کـە لـەزمانی عەرەبیـدا نـین بەپێـچەوانەشەوە خـاوەنی وتارەکـە بەمێشوەیە وەڵامی ئەم ڕەخنەیە دەداتەوە: ئەم گرفتە تەنها لای کورد نییە ، بەڵکو زۆر لە گەلانی دونیا ئەم کێشەیان هەیە، چەندین میللەت هـەن، کە چەند دەنگێـك لـە زمانەکەیانـدا هەیـە، کەچـی بـە پیتـی عـەرەبی نادرکێنرێن، تەنانەت ناتوانرێت بەپیتی تریش بنووسـرێن ، هـەر حاڵەکـە بەهەمان شێوە دەبێت، جا لەبەرئەوە ئەو میللەتە دراوسێیانە ناچارن کـە پیتەکانی زمانی عەرەبیش فێر بن، ئـەو گەلانـەی کـە بـەپیتی عـەرەبی دەنووسن هەموو گەلی سەر بە ڕەگـەزی (سـامی) نـین، بـەڵکو زۆربـەیان (ئاری)ن و زۆر سوودیان لە دەربڕینی دەنگەکانیان بەپیتی عەرەبی بینیوە، ئایا ئەو میللەتانە چیان کردو چۆن دەنگەکانیان بە پیتی عەرەبی نووسی، لەوانـە ئـەلفوبێی فارسـی و تـورکی و بلوشـی و ئـەفغانی و هینـدی و مەلایایی.[1] پاشان (تۆفیق وهبی) بـاس لەمیللـەتانی فـارس و تـورك و بلوشی دەکات لەڕووی کۆششەکانی پێشخستنی ئەلفوبێی زمانەکانیانەوە بەپیتەکانی عەرەبی و چۆنێتی سەرکەوتنیان لەو بوارەدا.[2]

بیرۆکەی (تۆفیق وهبی) لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە پیتە عەرەبییەکان بـۆ نووسینی کوردی گونجاون ، بەمەرجێ هەندێك گۆڕانکاری تێدا بکرێ ، بۆ

[1] - گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە(5)، 12ئایاری 1925، ل 5 ـ 6.
[2] - گۆڤاری دیاری کوردستان ، ژمارە (6)، 29 ئایاری 1925، ل 5 ـ 6.

ئەوەی باشتر بگونجیٚ لەگەڵ دەنگە کوردیەکاندا و ئاوێتەبن، و ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی پیتە عەرەبیەکان دەکرێت، کە گوایە بەکەڵکی نووسینی کوردی نایەن، دەشیٚ ئاڕاستەی هەموو پیتە جیهانیەکانی دی بەکرێن لەوانەش پیتی لاتینی.

لەو نووسەرو زمانزانە کوردانەی دی کە بەشداریان لەبواری ئەلفوبێی کوردیدا کردووە، (ئیسماعیل حەقی شاوێس)ە[1]، کە بە دیارترین ئەو زمانزانانە دادەنرێت، کە لەسەر ڕووپەرەکانی گۆڤاری (دیاری کوردستان) لەبارەی ئەلفو بیٚ و ڕێزمانی کوردی چەند وتارێکی گرنگی نووسیوە. لەو وتارەی کە بەناونیشانی (ئایا نووسینی کوردی چۆن دەبێت؟)، کە دیاری کوردستان لەهەردوو ژمارەی پێنجەم و شەشەمدا بڵاوی کردۆتەوە، نووسەری ئەم وتارانە، کە (ئیسماعیل حەقی)ە، دە خاڵی خستۆتەڕوو کە ئەگەر پراکتیزە بکرێت بۆ پێشخستنی ئەلفوبێی کوردی و ڕێزمانی کوردی لەبازنەی بەکارهێنانی پیتی عەرەبیدا زۆر سوودبەخش دەبێت، ئەو

[1] - ئیسماعیل حەقی شاوێس (1896 ـ 1976):ـ کوڕی محەمەد عەلی ڕەسول کوڕی ئەحمەد ئاغایە، لە شاری موسڵ لەدایکبووە، ساڵی 1908 ئامادەیی سەربازی لە بەغدا تەواوکردووە، لەساڵی 1911 بۆتە مولازمی دووەم، دواتر لەجەنگی یەکەمی جیهان پلەکەی بۆ (نەقیب) بەرزکرایەوە، لە بیستەکانی سەدەی سێیەم لە شاری بەغدا جێگیربووەو بەهۆیەوە، چەندین پلەی سەربازیی لە سوپای عێراق وەرگرتووە، ئیسماعیل شاوێس لەساڵی 1921 ئەندامی (جفاتا خوەسەربیا کورد ـ ئازادی) بوو و لەساڵی 1926 سەرۆکی کۆمەڵەی زەردەشت بووە. لەساڵی 1930 یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی لیژنەی پێشکەوتنی کوردی. بڕوانە: دیاری کوردستان. ل 80 ـ 83.



تێبینیانە هەندێکیان پەیوەندیان بەخودی پیتەکانەوە هەیە، کە لەوێدا وتویەتی هەردوو پیتی (ث، ص) پێویستە لە کوردیدا بکرێنە (س) و هەر سیٚ پیتی (ذ، ض، ظ) بکرێنە (ز) و پیتی (ط) بکرێتە (ت)، ئەویش بۆ ئەوەی نووسینی کوردی ئاسان بکەین. پاشان دەڵیٚ عەرەب خۆیان هەمان ئەم کارەیان کردووە، چونکە زاراوە گەلێکی بیانی دزەی کردۆتە زمانەکەیان و لەم زاراوانەشدا چەند دەنگێك هەن کە بەرانبەرەکەیان لە زمانی عەرەبیدا دەست ناکەون، بۆیە هەستان بەگۆڕینی ئەم پیتانە، بۆ نموونە (پاشا = باشا) (روپیە = روبیە) (چرکس = شرکس)هتد... زۆربەی زۆری ئەو تێبینیانەی دی کە (ئیسماعیل حەقی شاوێس) ناوی هێناون، پەیوەندی بە ڕێزمانی کوردی و پریپۆزشن و جێناوەکان و جووڵەکانی و (حرکات) ترەوە هەیە.[1]

(ئیسماعیل حەقی شاوێس) لەم وتارەیدا دەردەکەوێت دژ بە بەکارهێنانی پیتە عەرەبیەکان لەنووسینی کوردیدا نەبووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك بووە لەبانگخوازانی پەرەسەندنی ئەلفوبێی کوردی کە لەسەر بونیادی پیتە عەرەبیەکان لەنگەری گرتبیٚ، ئەم بۆچوونەش لەوتارەکەی دووەمیدا دەردەکەویٚ کە بەناونیشانی (ڕێنووسی کوردی بەپیتی عەرەبی)ە، لەم وتارەیدا بانگەشەی پێشبردن و ساناکردنی

[1] - بڕوانە : گۆڤاری دیاری کوردستان ، ژمارە (5)، 12 ئایاری 1925، ل 8 ـ 9. و ژمارە (6)، 29 ئایاری 1925، ل 7 ـ 8.

ئەلفوبێیە کوردییە کارپێکراوەکەی کرد، هەروەها دەڵێ فێربوونی زمانی کوردی لەسەر ڕێچکەی ئەم ئەلفوبێییەو جێبەجێکردنی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی لەسەرووی توانای فێرخوازاندا دەبێت، بۆیە پێویستە پیتگەلێك دابڕێژین کە لەگەڵ زمانەکەمان بگونجێت و لەسەر بنەمایەکی زانستی چەسپاو دامەزرابێت.(1) بەهەمان شێوەش دەڵێ کە شێوازی ڕێك و ئاسان بۆ ئێمە بەسوود ترەو منالانیشمان زووتر فێری دەبن. پاشان نووسەری وتارەکە دێتە سەر هەندێ بابەت، کە پەیوەندی بە ڕێزمانی کوردییەوە هەیە، کە بۆ گرفتەکانی هەندێك چارەسەری دەدۆزێتەوە، کە بەبۆچوونی خۆی ئەلفوبێی کوردی و ڕێزمانی کوردی بەپیتی عەرەبی ئاسان و سانا دەکات، لەوانە (تەنوین و شەددەو هەمزەو یائی مەقصورە ، تائی مەربوتە) ، پاشان تێبینیەك سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردی دەخاتەڕوو، ئەویش پێویست کەمکردنەوەی خاڵی سەر پیتەکانە، چونکە زۆری و بۆری ئەو خاڵانە، فێرخوازان رادەچلەکێنێ، وتارەکەشی بەوە کۆتایی پێ دەهێنێت بە بانگەشە کردنی هەموو کورد بۆ دۆزینەوەو دروستکردنی ئەلفوبێیەك، کە تایبەت بێ بەزمانی کوردی، پاشان ڕێزمانەکەی بۆ دابنرێت.(2)

[1] – بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان ، ژمارە (8)، 4 تەمووزی 1925، ل 7 ـ 8.

[2] – بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان ، ژمارە (8)، 4 تەمووزی1925، ل 7 ـ 8.



ئیسماعیل حەقی شاوێس لەو وتارەی کە ناونیشانی (لاپەڕەی نووسینی تازەو زمانی کوردی ڕەسەن ـ شێوازی تایبەت بەنووسین) لەهەمان بازنەدا دەرنەچووە، سەبارەت بەوەی کە دژایەتی نووسینی کوردی بەپیتی عەرەبی ناکات، بەڵام بانگەشە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم ئەلفوبێیە دەکات و هانی کۆششەکانیش دەدات بۆ دۆزینەوەی ڕوخسارو شێوازەکانی ئەو دەنگە کوردیانەی کە هاوشێیان لەزمانی عەرەبیدا دەست ناکەوێت، بەهەمان شێوە دەرهاوێشتنی ئەو پیتە عەرەبیانەی کە لەزمانی کوردیدا درکاندنیان بەدی ناکرێت و جێبەجێ نەکردنی مەسەلە ڕێزمانیەکانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی، چونکە ئەم کارە هەڵەیەو ڕاست نییەو خزمەت بەزمانی کوردی ناکات،(1) بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە (ئیسماعیل حەقی شاوێس) مەسەلەی ئەلفوبێی بەچڕی خستۆتەڕوو و کارەکەشی لەم بوارەدا هەر ئەوەندبوو کە ئامۆژگاری و ڕاسپاردە ئاراستەی میللەتی کورد بکات، کە بە ئەلفوبێی کوردی نووسراو بەپیتی عەرەبیدا بچنەوەو پێشی بخەن، بەڵکو خۆی پرۆگرامێکی داڕشت بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم ئەلفوبێیە. جا لەو نووسەرە کوردانەی دی کە بابەتگەلی سەر بە ئەلفوبێی کوردییان لەسەر ڕووپەرەکانی (دیاری کوردستان) باس کردووە (پیرۆت)ە، کە خەڵکی سلێمانییەو وتارێکی نووسیوە بەناونیشانی (بە چ

[1] – بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان ، ژمارە (13 ـ 14)، 5ی ئاداری 1926، ل 18 ـ 20، و ژمارە (15)، 18ئاداری 1926، ل 10 ـ 12.

پیتگەلێك زمانی كوردی بنووسرێت)، لەوتارەكەیدا دەردەكەوێت كە خاوەن ئاراستەیەكە بانگەشە بۆ لابردنی پیتە عەرەبیەكان و دانانی پیتە لاتینیەكان دەكات، لەو وتارەیدا پاش ئەوەی كە باس لەبنەچەی كورد دەكات و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ڕەگەزی (ئاری) و دەڵێ ((هەروەك بەپێی ووردەكارییە ئەثنوگرافیەكان دەركەوتووە كە ئێمە لەڕووەكانی ئاكاری و ڕەگەزیی و لەڕووی جوگرافیشەوە لەعەرەب جوداین، كەواتە دەبێ زمانەكەشمان لەزمانی ئەوان جودابێ، ئەمەش لەتایبەتمەندیە سەرەكیەكانی هەموو میللەتێكە، كورد میللەتێكی ئارییەو زمانەكەشی بەهەمان شێوە ئارییە، لەو باوەڕدا نیم كە پیتەكانی زمانێكی سەر بەڕەگەزی سامی كە گیان و ڕەگەزو گوزارشتی سامی تیادا ڕەگی داكوتابێ، بۆ زمانەكەی ئێمە بگونجێ))[1]. پاشان ئەم نووسەرە چەند وتەیەكی ڕەخنە ئامێز ئاراستەی پیتە عەرەبیەكان دەكات، لەو ڕووەی كە لەچەند شوێنێكدا لەگەڵ دەنگە كوردیەكاندا یەك ناگرنەوە، جا پاش درێژە پێدانێكی زۆری ئەو ڕەخنانە بۆ پیتە عەرەبیەكان دەڵێ: ((پاش هەموو ئەو ڕوونكردنەوانە بۆ خوێنەران، ئاشكرابوو كە مەبەستم ئەوەیە پیتە عەرەبیەكان لاببرێت و پیتی لاتینی لەشوێنیان دابنرێت، ئەمەش مەسەلەیەكە لەڕووپەڕی زەرورەتدایە، لەهەمان كاتیشدا بەسوودە، هەرچەندە گۆڕینی پیتگەلێك كە چەندەها

[1] – بڕوانە: گۆڤاری دیاری كوردستان ، ژمارە (11 ـ 12)، ەی كانوونی یەكەم ، 1925، ل 9.



ساڵە كاری پێ دەكرێت تا ڕادەیەك سەخت و دژوارە))[1]. پاشان دێتە سەرباسكردنی (مێجەرسۆن) كە چۆن هانی نووسینی كوردی بەپیتی لاتینی داوە، بەڵام پاش مردنی، ئەم كارە كەس نەیگرتۆتە ئەستۆیخۆی، لەكۆتایی وتارەكەیدا ئەم نووسەرە ئاماژە بەوە دەكات كە بەكارهێنانی پیتی لاتینی لەنووسیندا كورد زیاتر بەگەلانی ئەوروپا دەناسێنێت و دەرەنجام دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەی ڕۆژئاواو كورد. هەروەها دەڵێ: ((ناچارم كە بڵێم ڕۆژ لەڕۆژهەڵاتەوە دەردەچێت و وردە وردە حەواڵەی ڕۆژئاوا دەبێت، گەر ژیان و پیشكەوتنمان بۆ میللەتەكەمان بوێ، پێویستە لەسەرمان لەهەموو چركەیەكدا هەنگاوێك بنێین، هەر هەنگاوێكیش پێویستە لەوەی پێش خۆی مەزنترو گەورەتربێت بۆ گەیشتن بە ڕۆژئاوا))[2]. لەو وتانەی پێشووەوە دەردەكەوێت كە ئاراستەیەكی بەهێز هەبوو لەنێوان ڕۆشنبیران و نووسەرانی كورد، كە بانگەشەی لابردنی پیتە عەرەبیەكان و دانانی پیتە لاتینیەكانی دەكرد، جا یەكێك لە لایەنە ئەرێنیەكانی بەكارهێنانی پیتی لاتینی نزیك كردنەوەی نێوان كوردو ڕۆژئاوایە، كە دەبێتە مایەی برەودان بەدۆزو مەسەلەی كورد بەگشتی، كە

[1] – بڕوانە: گۆڤاری دیاری كوردستان ، ژمارە (11 ـ 12)، ەی كانوونی یەكەم ، 1925، ل 10 ـ 11.

[2] – بڕوانە: گۆڤاری دیاری كوردستان ، ژمارە (11 ـ 12)، ەی كانوونی یەكەم ، 1925، ل 11.

سالّەهای سالّە بەدەست پەراویز خستن و نەزانی و نەخوێندەوارییەوە دەنالّێنێ.

هەروەها دواهەمین کەسیش لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگۆڤاری دیاری کوردستان (حەسەن کوردستانی)یە،[1] کە خەڵکی (ڕەواندز)ە، بەوتارێك بەشداری لەم گۆڤارەدا کردووە و لە وتارەکەیدا بەناونیشانی (سەبارەت بەنووسینی تازە) باسی ئەلفوبێی کوردی کردووە، ڕەخنەی لە هەریەك لە (پیرۆت) و (ئیسماعیل حەقی شاوێس) گرتووە، ئەم نووسەرە لەلایەکەوە پاڵپشتی ڕەوتی بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بووە لەنووسینی کوردیدا ، لەمبارەشەوە وتویەتی ((ئێمە وەکو موسوڵمانان پێویستە لەسەرمان کە قورئان بخوێنینەوە، بۆیە وادەبینم کە باشتر وایە پیتەکان و ڕێساکانی ڕێنووسی کارپێکراوی ئێستا بەکاربێنین)[2]. لەلایەکی ترەوە ڕەخنەی ئاراستەی (ئیسماعیل حەقی شاوێس) کردو وتی کە پێشخستنی ئەلفوبێی کوردی بەم شێوازە لەبۆی چووە، ڕێنووسی کوردی زیاتر ئاڵۆز دەکات. (حەسەن کوردستانی) پێی وابوو کە زمانی کوردی بەو شێوازەی پێشوو

[1] – حەسەن کوردستانی: ژیاننامەی کەسێتی نازانرێ، تەنانەت نازانرێت کە ئەم ناوە ڕاستەقینەیە یاخود نازناوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە عەبدوڵڵا زەنگەنە دەڵێت: (لەوانەیە ئەم کەسە (سەید تەها نەهری) بێت، لەبەر ئەوەی ئەمیش لەم ماوەیەدا چەند وتاری لەرۆژنامەکانی (ژیانەوە) و (ژیان) و گۆڤاری (زاری کرمانجی) نووسیوە، بڕوانە : دیاری کوردستان... ل 42.

[2] - گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (16)، 11 ئایاری 1926، ل 8.



ڕێچکە بکات لەگەڵ هەمواركردنێكی ڕێژەیی کە کاریگەری لەسەر ڕوخساری ڕێنووسی کوردی دێرین نەبێ.[1]

لەسەر ئەم بنەمایە وا دەردەکەوێ گۆڤاری دیاری کوردستان یەکێکە لەو چاپکراوە کوردیانەی کە لەو ماوەیەدا مەسەلەی ئەلفوبێی بەخەستی خستبێتەڕوو، لەوتارەکانی نووسەرەکانی ئەو گۆڤارەش وا دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەو نووسەرانە بەکارهێنانی پیتی عەرەبیان پێ باشتر بووبێ لەپیتی لاتینی، لەگەڵ هەمواركردنێكی ڕێژەیی بۆ ئەم ئەلفوبێیە، بۆ ئەوەی کە هەماهەنگ و هاوتەریب بێ لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی، هەروەها ئەو نووسەرانە چەند پێشنیازێکیان خستۆتەڕوو لەڕێزمانی کوردیدا کە ڕەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی لەلای زۆر کەس هەبوو کە پاشان پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینی و نووسەرانی کوردی عێراق و ئێران پەیڕەویان کرد.

لەلایەکی ترەوە گۆڤاری (دیاری کوردستان) تاکە بڵاوکراوەیەك نەبوو کە باسی لەم مەسەلەیە کردبێت، بەڵکو گۆڤاری (زاری کرمانجی) هەبوو، کە (حوسێن حوزنی موکریانی) لە ڕەواندز لەنێوان ساڵانی (1926 ـ 1932) دەری دەکرد، و هەموو وتارەکانیشی بەزمانی کوردی و بەپیتی عەرەبی دەنووسران، ئەم گۆڤارە و خاوەنەکەی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەپێشخستنی ئەلفو بێ و ڕێنووسی زمانی کوردی بۆ ئەوەی بەپیتی

[1] - گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (16)، 11 ئایاری 1926، ل 9 ـ 10.

عەرەبی بنووسرێت، جگە لەوەی کە (حوسێن حوزنی) چاپخانەیەکی هەبوو کە ڕۆڵێکی مەزنی لەم بوارەدا بینی.[1]

هەروەها لەم ماوەیەدا چەند کتێبێك دەربارەی ئەلفو بێ و ڕێنووسی ڕێزمانی زمانی کوردی دەرچوون، لەوانە (مختصر صرف و نحوی کوردی) کە (سەعید سدقی کابان) ساڵی (1928) دەری کردو پەرتوکی (دەستوری زمانی کوردی ـ جزمی یەکەم) کە (تۆفیق وەهبی) ساڵی (1929) دەری کرد،[2] ئەم دوو پەرتووکە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشخستنی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی بینی، بەمجۆرە ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی بووە باوترین جۆرەکانی نووسین لەکوردستانی عێراق کە تاکو ئێستا لەکوردستانی عێراق و ئێران بەو ڕێنووسە دەخوێنن و دەنووسن.

## ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی
## 1913 ـ 1932

(زنار سلۆپی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە یەکەمین کەس بیرۆکەی نووسینی زمانی کوردی بەپیتی لاتینی بۆ کۆمەڵەی (هێڤی) پێشنیازکرد،

1 - بۆ زیاتر شارەزابوون لەم گۆڤارەو ڕۆڵی لەپێشخستنی زمانی کوردی، بڕوانە: زاری کرمانجی، سەرچاوەی پێشوو، ل 20 ـ 24.

2 - بڕوانە: حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل 18 ـ 22.



(فائیز بەگ)[1] بوو لەساڵی (1913)، چونکە خۆی ئەندامی کۆمەڵەی (هێڤی) بوو و ئەوکاتە فەرمانبەرێکی پۆستەبوو لە ئەستەنبول[2]، هەروەها دەڵێ کە (عەبدوڵڵا جەودەت) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پیتە عەرەبییەکان تەواو پڕ بەپێستی نووسینی کوردی نین. لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە لابرێن و پیتی لاتینی لەبریان بەکاربهێنرێن.[3] (عەبدوڵڵا جەودەت) لەوتارەکەیدا بەناوی (گوتار)، کە لەژمارە (1)ی ڕۆژی کورد بڵاوی کردەوە، بە ڕاشکاوی بانگەشەی کوردی کردووە، کە بەپیتی لاتینی بنووسن، لەم وتارەیدا پاش ئەوەی کە وتەیەك ئاراستەی میللەتی کورد دەکات سەبارەت بەمێژوو و ئایندەیان، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە میللەتی کورد گەر خوازیاری پێشڤەچوون بن، پێویستە لەسەریان دوو تێبینی ڕەچاو بکەن (بەپێی بۆچوونی خۆ)، تێبینی دووەمی (عەبدوڵڵا جەودەت) سەبارەت بەپیتی لاتینی بوو، کە لەوتارەکەیدا دەڵێ: وەرگرتنی ئەو پیتانەی کە لە بنەڕەتەوە گونجاون لەگەڵ تواناکانی فێربوونی منداڵێکی حەوت هەشت ساڵە لەماوەی مانگێکدا، بەخوێندن و نووسینەوە لەگەڵ زامن کردنی ڕاستی و دروستی ئەو شتانەی

1 - سەرچاوەی مێژووییەکان ئاماژە بەژیانی ناکەن.

2 - حامید فەرەج ،ل164 .

3 - حامید فەرەج ،ل164 .

كــه منداڵەكــه فێــری بــووەو لابردنــی ئــەو پیتانــەی كــه ئێــستا بەكاردەهێنرێن.[1]

لەسەر ئەم بنەمایە دوو كـەس خـاوەنی بیرۆكـەی نووسـینی كـوردین بەپیتی لاتینی، ئـەو دوو كەسـە یـەكێكیان (فـائیز بـەگ) ە، كـە هـیچ زانیاریەكمان دەربارەی لادەست ناكەوێت و ئەویتریان (عەبدوڵڵا جەودەت) كەواپێ دەچێ ئەم بیرۆكەیـەی لـەدەرەوە هێنابـێ، چـونكە ماوەیـەك لـە ئەوروپا ژیاوە، بەتایبەتی لـەكۆتایی سـەدەی (19) و سـەرەتای سـەدەی بیستەهەم ئەندامێكی بەرزی كۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی)ی عوسمانی بوو و هەستی بەوەكرد كە ئەلفوبێی عەرەبی بەشـێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ زمـانی كـوردی ناگونجـێ، ئـەم بیرۆكـەی پێـشنیاركرد كاتێـك كـە لـە ئەستەنبولدا بوو، ئەویش پاش ئەوەی كە كۆمەڵەی (هێڤی) ڕایگەیاند كە یەكێك لە ئامانجەكانی دانانی ئەلفوبێیەكی نوێی كوردی گونجاوە.[2]

[1] - بڕوانە : ڕۆژی كورد ، ژمارە (1)، 91ی حوزەیرانی 1913،ل4 .

[2] - جێگای ئاماژە پێكردنە ، كە بە ماوەیەكی كەم پێش ئەم مێژووە ، هەندێك دەنگۆی ئەوە هەبوو لە نێو دەوڵەتی عوسمانی كە بانگەشەی گۆڕینی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی لە نێو نووسینی توركیدا دەكرد ، یەكەم كەسیش كە ئەم باسەی وروژاندبێ ، نووسەرێكی تورك بوو بە ناوی محەمەد مونیف پاشا(1828-1910) ،كە كاری وەرگێڕانی زانستی و ئەدەبی دەكرد لە زمانانی ئەوروپییەوە بۆ سەر زمانی توركی، لە كاتی وەرگێڕاندا هەستی بە قورسی و ناخۆشی وەرگێرانەكە دەكرد، ئەمیش بە هۆی هەژاری زمانی توركی لە رووی زاراوەوە، هەر بۆیەشە لە ساڵی 1862 كۆمەڵەی عوسمانی زانستی دامەزراندو تیایدا بانگەشەی گۆڕینی پیتی عەرەبی كرد بەڵام داواكەی جێگەی قبوڵكردن نەبوو . دواتر



جا پێش چوونە ناو وردەكاریەكانی ئەلفوبێی كوردی بەپیتی لاتینـی، كـە تاكو ئێستا كوردەكانی سوریاو توركیا بەكاری دەهێنن، كە چاكەكەی بـۆ (ئەمیر جەلادت بەدرخان)[1] دەگەڕێتەوە. پێویستە ئەوە بڵێین كە چەندەها كۆشـش لـەم بـوارەدا خرانەگـەڕ، چ لەلایـەن كـوردو چ لەلایـەن غـەیری

هاوڵاتیەكی تر بە ناوی(فەتحی عەلی) پڕۆژەیەكی پێشكەش بە دەسەڵاتی عوسمانی كرد، پرۆژەكە ئامانجی گۆڕینی پیتی عەرەبی بوو بۆ پیتی لاتینی، دواتر پرۆژەكە ڕەوانەی كۆمەڵەی زانستی عوسمانی كرا، بەڵام رەتكرایەوە ، دواتر لە ساڵی 1869 ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی(حریە)وروژێنرایەوە، ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن كۆمەڵەی فەتاتی توركی لە لەندەن دەردەچوو، بڕوانە:**دراسات عن توركيا ، الجامعة المستنصرية معهد الدراسات الاسيوية و الافريقية ، بغداد، ص**759–760

[1] - میر جەلادەت بەدرخان(1894-1951): یەكێكە لە گرنگترین كەسایەتیە كوردیەكان كە لە بواری نەتەوەی رۆشنبیری كوردیەووە لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم كاری كردووە، كوری ئەمیر ئمین عالی بەدرخانە- لە ئەسنبۆڵ خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شارەكانی(ئەستنەبۆڵ، ئەنقەرە، سالۆنیك، ئەدرەنا) تەواو كردووە، ساڵی 1919 پاش كۆتای هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی لەگەڵ مێجەر نوئێل و كۆمەڵێك كەسایەتی كوردی سەردانی كوردستانی كردووە، بە ئامانجی دروست كردنی چەند جوولانەوەیەك دژی كەمالیەكان، بەڵام سەركەوتوو نەبوون ، دوای ئەوەی كەمالیەكان كۆنترۆڵی لە دەوڵەتی عوسمانی گرتە دەست، حوكمی لە سێدارەدانیان بەسەر باوكی و براكانی دەركرد، ئەمە وای كرد كە ڕوو بكاتە ئەڵمانیا و لەوێ لە بواری یاسا بخوێنێت، لە ساڵی 1932 لە دیمەشق گۆڤاری(هاوار)ی دەركرد، دواتر گۆڤاری روناهی دەركرد. لە ساڵی 1951 كۆچی دوای كرد، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مالمیسانژ بدرخانیو...، ص 112-113، كۆنێ ڕەش، بیرانینا میر جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، هەولێر، هاوینی2001،ل 303-306.

کوردەوە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو هەوڵانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، هەروەکو چۆن لەگەڵ ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان)یش ، ئەگەرچی تاڕادەیەك شۆرەت و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەچێتە خانەی کۆششە بەراییەکانی گەڕان و پشکنینی ئەلفوبێیەکی کوردی بە پیتی لاتینی، کە لەماوەی سێیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا خرانەگەڕ، یەکەمینی ئەم کۆششانە ئەو نامیلکەیە بوو، کە (مێجەر ئەی . بی. سۆن) لە ساڵی (1913) دەربارەی ئەلفوبێی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ڕێزمانی بەپیتی لاتینی خستیەڕوو، لەژێر ناونیشانی:

(Grammar of The kurmanji or Kurdish language)

مێجەرسۆن ئەم نامیلکەیەی پاش چەند گەشتێك نووسی، کە بۆ کوردستان و وڵاتی (نێوان دوو ڕووبار) لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەنجامی دا، زمانی کوردی زۆر بەباشی فێرببوو، مێجەرسۆن لەسەرەتای نامیلکەکەیدا دەڵێ کە ئەم نووسینەی لەبەر ئەوە بووە کە بۆی دەرکەوتووە کە پیتە عەرەبیەکان بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی گونجا نین، و کورد ئەم پیتانەیان وەك لاساییکردنەوەیەکی نەتەوە موسڵمانەکان بەکارهێناوە[1]، جگە لەوەی کە **(کەمال مەزهەر ئەحمەد)** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (شوکری فەزلی) چەند کۆششێکی لەبواری نووسینی کوردی بەپیتی لاتینیدا کردووە، ئەویش لەتوێی ئەو وتارانەی کە دەربارەی کورد

[1] - جەمال نەبەز، نووسینی کوردی بەلاتینی، بەغدا، 1957، ل 2. حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل 2.



نووسیویەتی و لە گۆڤاری (لغة العربي ـ زمانی عەرەب)دا بڵاوی کردۆتەوە، کە لە بەغدا لەساڵی (1913)دا دەردەچوو، ئەم وتارانە بەناونیشانی (الكرد الحاليون- کوردەکانی ئێستا)ی هەڵگرتبوو، کە چەندەها وشەی کوردی تیا بەکاردەهێنا و بەپیتی لاتینی دەینووسی.[1]

وا پێ دەچێ کە ئاڕاستەیەك لەناو ئینگلیزەکان هەبووبێ، بانگەشە بۆ تۆمارکردنی زمانی کوردی بەپیتی لاتینی کردبێ، جا پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆنترۆڵ کردنی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی عێراق) لەلایەن ئینگلیزەوە،هەریەك لە (محەمەد زەکی و میرزا محەمەد باشقە) هەستان بەدانانی نامیلکەیەکی بچووك دەربارەی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی، کە ژمارەی لاپەڕەکانیان لە سێ لاپەڕە زیاتر نەبوو، و بەهەردوو زمانی فارسی و تورکیش شرۆڤە کرابوون، ناونیشانی کتێبەکەش (کتابی أولینی قرائەتی کوردی) (– KITABI AWALAMINI QIRAATI KuRDi)[2] بوو، ئەم نامیلکەیە بە هاندان و پاڵپشتی مێجەرسۆن و کاپتن فاریل لە چاپخانەی حکومەت لەبەغدا ساڵی (1920) لە چاپ درا.[3]

هەروەها هەندێك لە ڕۆشنبیرە کوردو ئەرمەنەکان لەم بوارەدا چەند کۆششێکی سەرکەوتوویان هەبوو، بەتایبەتی کوردەکانی ڕوسیاو یەکێتی

[1] - بڕوانە: تێگەیشتنی ڕاستی... ل 109.

[2] - بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (8).

[3] - حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل 15 ـ 16.

سۆڤیەتی پێشوو، لە ساڵی (1921) کەسێکی ئەرمەنی کە ناوی (هاگوب گازاریان) (1869 ـ 1936)و نازناوی (لازۆ) بوو، لەگەڵ ژنەکەی کە ناوی (ئولگا گازاریان) بوو، هەردووکیان قوتابخانەیەکی کوردی یان لەشاری (تفلیس)ی پایتەختی جۆرجیا، ئەم کارەشیان بەپاڵپشتی حکومەتی سۆڤێتی بوو،[1] ئەوەبوو (لازۆ) ئەلفوبێیەکی کوردی بە پیتی ئەرمەنی دانا، هەروەها پەرتووکێکیشی بە زمانی کوردی لەسەر شێوازی ئەم ئەلفبایە لەساڵی (1921) لەژێر ناوی (شمس- ڕۆژ) بەچاپ گەیاند،[2] هەروەها (لازۆ) خۆی لەم قوتابخانەیە زمانی کوردی بە قوتابیە کوردەکان دەوتەوە، پاشان چەندەها ڕۆشنبیریان لێ دەرچوو، لەوانە (قەناتی کوردۆ)[3]بوو، ئەم قوتابخانەیە چەندەها ساڵ لە خزمەت کردن بەردەوام

1 - مارف خەزنەدار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (لازۆ) سەر بە حزبی (هنچاك)ی ئەرمەنییە، کە یەکێ لە ئامانجەکانی کۆکردنەوەی کوردو پێکهێنانی کوردستانی گەورەیە، کە خاوەنی خود موختاری ئەرمینیای گەورەبێ، بڕوانە وتاری: ژیانی کوردناسی و زانایانی کوردی ئەوروپا، قەناتی کوردۆ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (2)، تەمموزی 1971، ل 38.

2 - بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (9).

3 - قەناتی کوردۆ: لە ساڵی 1909 لە یەکێ لە گوندەکانی سەر بە ناوچەی (قارس)ی کوردستانی باکوور لەدایکبووە، لەساڵی 1920 لەگەڵ خانەوادەکەی چۆتە شاری تەفلیس، ساڵی 1928 باوکی وەفاتی کردووە، لە ساڵی 1928 لە قوتابخانەی (لازۆ) خوێندنی تەواوکردووە، ساڵی 1936 لە بەشی زمانەکان لە زانکۆی لینیگراد خوێندنی زانکۆیی تەواوکردووە، قەناتی کوردۆ چەندین بەرهەمی بەسەر کوردو زمانەکەی هەیە، لەوانە:



بوو.[1] هەروەها کۆمەڵێکی دی لە ڕۆشنبیرانی کورد لە (یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا ڕۆژنامەیەکی کوردی بەپیتی لاتینی لەژێر ناوی (ریا تازە)یان دەرکرد[2]، ئەم ڕۆژنامەیە سەر بە لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی بوو، ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران بەشداریان تیادا کرد، وەکو (حاجی جوندۆ، شاکر محۆ، عەرەبی شەمۆ، شاکر خدر و هتد...)، ژمارەی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیە مێژووی مانگی ئازاری ساڵی (1930)[3] دەرچوو، لە ساڵی (1931)یش (حاجی جوندۆ) ئەلفوبێیەکی زمانی کوردی دانا، کە لەسەر بنەمای پیتی لاتینی و ڕووسی و فەڕەنسی بونیادنرابوو، لەنامیلکەیەکدا چاپی کرد و ناوی نا (کتێبا ئەلفبا ـ Kteba alef ba).[4]

تەحویرا مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بوار جوازی فارس 2ـ دەستووری زمانی کوردی و چەندین بەرهەمی تر. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار، ژیانی کوردناسی... ل 37 ـ 44.

1 - مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، ل 38 ـ 39.

2 - بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (10).

3 - جمال خزنەدار، مرشد الصحافة الكردية، بغداد، 1973، ص 35. وريا جاف، **کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەولێر**، 1998، ل 44. اراس جودی، الامير جلادت بدرخان والالفنباء الكردية اللاتينية، ترجمة: نوزت الدهوكي، مجلة الصوت الاخر، العدد (1)، اربيل، 3 حزيران 2004، ص 36.

4 - حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل 25 ـ 26. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (11) .

کوردەکانی ڕوسیا یاخود یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لەبواری دروستکردنی ئەلفوبێیەك کە گونجاو بێ لەگەڵ زمانی کوردی، هەستان بەکردنەوەی چەند قوتابخانەیەك و دەرکردنی چەندین ڕۆژنامەیەك بەم ئەلفوبێیە و هەندێکیشیان هەستان بەدانانی ئەلفوبێیەکی تایبەت بەخۆیان، گرنگ لێرەدا ئەوەیە بڵێین کە ئەم کۆششانە لەنێوان کوردەکانی ئەو دەڤەرانەدا دەستپێشخەربوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی چ بەپیتی لاتینی یان بە پیتی ڕووسی یان بە فەرەنسی، جا هەرچەندە ئەم جۆرە ئەلفوبێیە لەکوردستانی خۆماندا تەشەنەی نەسەند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەو ڕوخسار و شێوازە جۆر بەجۆرەکانی ئەلفوبێی کوردی لەو ماوەیەدا بووە بنەمایەك بۆ ئەلفوبێی کوردی کە تا ئێستا کوردەکانی (یەریڤان) و (تفلیس) و ناوچەکانی دی دەوروپشتی بەکاری دەهێنن.

لەمەوە دەردەکەوێت کە چەندەها کۆشش لەئارادا هەبوون کە ڕۆشنبیران پێی هەڵساون چ کورد یان چ غەیری کورد بۆ دۆزینەوەی ئەلفوبێیەکی کوردی کە لەسەر بنەمای پیتە لاتینیەکان دامەزرابێ،بەڵام زۆربەی زۆری ئەو کۆششانە لەبەر چەند هۆیەك سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لەوانە:

هەندێکیان پەیوەندیان بەخودی ئەلفوبێیەکەوە هەبووە، کە خاوەنەکەی نەیتوانیوە بڵاوی بکاتەوە، هەندێك لەو هۆکارانەش پەیوەندیان بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەبووە، کە کوردستان لەژێر سایەیدا ناڵاندوویەتی، وەکو حاڵەتی دابەش بوونی دەوڵەتی عوسمانی



و ئێرانی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و دارِمانی باری ئابووری لە کوردستاندا... هتد.

هەروەها ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ، کە ئێستا کوردەکانی تورکیا و سوریا پەیڕەوی دەکەن سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە، دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە چاکەکەی بۆ (میر جەلادەت بەدرخان) دەگەڕێتەوە، بۆیە سەرچاوە مێژووییەکان بە ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان یان ئەلفوبێی گۆڤاری هاوار ناوزەدی دەکەن ، کە میر جەلادەت بەدرخان بە پیتی لاتینی لە دیمەشق ساڵی (1932) دەریکردووە.[1] شایانی باسە ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان یەکەم چاپکراوی کوردییە کە شۆرەت و ناسراوی لەناو کورددا بەدەست بێنێت ، لەهەمان کاتیشدا پشتی بە پیتی لاتینی بەستبێت، ئەم ئەلفوبێیەش هەروا بەڕێکەوت سەری هەڵنەداوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆرو ساڵانێکی دوورو درێژ پێوەی خەریك بووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ

## ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان

[1] - جێگای ئاماژە پێکردنە، کە گۆڤاری هاوار لەنێوان ساڵانی (1932 ـ 1943) تەنیا (57) ژمارەی لێ دەرچووە، و تەنیا لە ژمارە (24) تاکو کۆتایی بە پیتی لاتینی بووە، جگە لەوەی هەندێ وتاری بە زمانی فەرەنسی بڵاوکردۆتەوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: صلاح محمد سليم هروری، سەرچاوەی پێشوو، ل 131. محەمەد بەکر، دەنگی زانین و خون نانسینێ، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژ (5) ، هەولێر، هاوینی 2001 ، ل 257 ـ 262.

میر جەلادەت بەدرخان خۆی لە گۆڤارەکەیدا، گۆڤاری (هاوار) باس لەچۆنێتی دروست کردنی ئەم ئەلفوبێیە دەکات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن بیرۆکەی ئەم ئەلفوبێیەی لە لای دروست بووە و دەڵێ: لەساڵی (1919) واتە پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی شاندێك نێردرانە کوردستان، کە لە چەند کەسایەتیەکی کوردی و ئەرمەنی پێك هاتبوون و جەلادەت بەدرخانیش لە نێو ئەو وەفدەدا بوو، وەفدەکە لەگەڵ ئەفسەری ئینگلیزیدا (مێجەر نوئێل) بوون ، ئەویش بۆ دەست خستنە سەر هەندێك ڕاستەقینە، ئەوەبوو (مێجەرنوئێل) زۆر هەوڵی دەدا کە شێوەزاری کرمانجی ژووروو فێر ببێت، بۆیە هەموو شتێکی دەنووسی ، هەروەها دەیوت (واتە میر جەلادەت بەدرخان): هەندێك مەتەڵی فۆلکلۆری و گۆرانی میللی و چەند چیرۆکێکی کوردیم دەنووسی، جاری واش هەبوو سەیری نووسینەکانی و کتێبەکانی خۆمانم دەکرد بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێك لە دەربڕینەکان، (مێجەر نوئێل)یش هەندێك لەو ڕەشنووسانەی بەبێ هیچ شەکەتیەك دەخوێندەوە، لەکاتێکدا من خۆم بەزەحمەتی چەند وشەیەکم دەتوانی بخوێنمەوە، ئەویش لەبەرئەوەی (مێجەر نوئێل)[1] ڕستە

[1] -مێجەر نوئێل :یەکێکە لە ئەفسەرە ئینگلیزەکان کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە کوردستان کاری کردووە ، لەم ماوەیەدا توانی پەیوەندییەکی نزیك و باش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك عەشیرەتەکان و کەسایەتیە دیارەکانی لە کوردستان پەیدا بکات ، و توانی زمانی کوردیش فێربێت ، نوئێل زۆر لە کوردستان



و وشە کوردییەکانی بە پیتی لاتینی دەنووسی ، بەڵام من بە پیتی عەرەبی دەمنووسی، ئیتر لەوکاتەوە بڕیارمدا کە ئەلفوبێیەکی کوردی لەسەر بنەمای پیتە لاتینیەکان دابمەزرێنم.[1]

میر جەلادەت بەدرخان پاش ئەم ڕووداوە کە بیرۆکەی خۆی جێ بەجێ کرد ، بینی کە دەنگە کوردییەکان لە پیتە لاتینیەکان زۆرترن ، بۆیە هەستا بەلکاندنی دوو پیتی لاتینی بەیەکەوە بۆ گوزارشت کردن بە دەنگێکی تایبەت لە زمانی کوردیدا،[2] بەڵام پاش ماوەیەکی کورت لە بازنەی پیتە لاتینیەکان دەرچوو و پیتەکانی بەیەکەوە لکاند، بۆیە هەندێك پیتی لە ئەلفوبێی یۆنانی و ڕووسی خواست، بەجۆرە توانی کە بۆ هەر دەنگێك، پیتێك دەست نیشان بکات، بەم شێوەیە ئەلفوبێیەکی لە (36) پیت دامەزراند.[3]

لە ساڵی (1924) کاتێك جەلادەت بەدرخان لە ئەڵمانیا بوو، هەستا بەچاوپیاخشاندنەوەی ئەلفوبێیەکەی خۆی و بینی کە پیتە لاتینی و رووسی و یۆنانیەکان، چ لەڕووی ڕوخسار و چ لە ڕووی ماناوە لەگەڵ یەکدیدا

نەمایەوە ، بەڵکو سەرکردە ئینگلیزەکان دواتر ڕەوانەی قەفقاسیان کرد ، بڕوانە : کمال مظهر احمد ، کردستان .....ل187 .

[1] –بڕوانە :گۆڤاری هاوار ، ژمارە 13، 14ی کانوونی یەکەمی 1932، ل1 .
Hawar 1 ,hejmar 1-23 (1932-1933), Erbil-kurdistan ,2001. celadet celiker , cendpirsen alfabeya kurdi ,1996, l26-28.

[2] - . Celadet celiker ,27-28 .

[3] - هەمان سەرچاوە ،28 .

ناگونجێن، بۆیە هەستا بەجوداکردنەوەی پیتە یۆنانی و ڕوسیەکان لەم ئەلفوبێیە، هەروەها هەستا بەگۆڕینی هەندێك لە پیتە لاتینییەکان، بۆ ئەوەی شوێنی پیتە یۆنانی و ڕوسیەکان بگرنەوە، پاش ئەم کارانەش ئەلفوبێیەکی تازە لە (34) پیت دروست بوو.[1]

ساڵی (1928) دیسانەوە سەبارەت بە ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان ساڵی نوێکردنەوە بوو، لەم ساڵەدا تورکەکان لە نووسیندا بەتەواوەتی نووسینی پیتی عەرەبیان ڕەتکردەوە و دەستیان دایە پیتە لاتینیەکان ، میر جەلادەت بەدرخان هەستا بەلابردنی ئەو پیتانەی کە لەساڵی (1924) گۆڕیبووی و تەنها (25) پیتی لاتینی لەم ئەلفوبێیە وەرگرت ، ئەویش تەنها لە بواری ڕوخساردا نەك لە بوارە دەنگیەکاندا، پاشان دوو دەنگی خستە سەری کە هەریەکێکیان لە لکاندنی دوو پیتەوە لەگەڵ یەکدی دروست ببوون، بۆیە ئەلفوبێی جەلادەت بووە (27) دەنگ ، کە بەم شێوەیەیە:ـ[2]

(ch,ou, z, y, x, v, u, t, s, r, q, p, o,n, m, l, k, j, i, h, g, f, e, d, c, b, a)

شایانی باسە جەلادەت ئەم ئەلفوبێیەی بەدەستی خۆی لە دەفتەرێکی تایبەتدا نووسیوە،[3] ئەم ئەلفوبێیەش لەم بوارەدا بووە بنەمایەك بۆ

1 –محەمەد ئۆزۆن ، جەلادەت ئالی بەدرخان و خەباتێن وی یێن ل سەر زمان ، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (5) ،هەولێر ، 22ی نیسانی 2001، ل 204 .

2 - CELADET CELIHER, JEDERE BERE ,L28-29 .

3 - بڕوانە پاشکۆی ژمارە (10) .



کۆتایی کۆششەکانی، کە لە نووسینی گۆڤارەکەیدا گۆڤاری (هاوار) لەساڵی (1932)دا بەکاری هێنا[1] ،بەمجۆرە لەو بوارەداو جەلادەت بەدرخان گەیشتە دەرەنجامی کۆششەکانی خۆی لەهەردوو ساڵی (1930 ـ 1931) زۆر ڕاوێژی دۆست و برادەران و ڕۆشنبیرانی کوردی سوریای دەکرد، و پێشنیازەکانیانی بۆ پێشخستنی ئەلفوبێیەکەی خۆی وەردەگرت، زۆرجارانیش ڕەخنەی توندی ئاڕاستە دەکرا، بەوەی کە ئەم ئەلفوبێیە تەواو وگشتگیر نییە ،بەڵام جەلادەت گەیشتبووە لایەکی چەسپاو کە ئەم ئەلفوبێیە بۆ دەنگە کوردیەکان لەوانی دی نزیکترە، چونکە جەلادەت بەخۆی زۆر شارەزایی لە زمانە جیهانیەکان هەبووە، بۆیە لەو قەناعەتەدا بوو کە ئەمە باشترین ئەلفبایە[2] .

1 - CELADET CELIHER, JEDERE BERE ,L28-30 .

2 – نورەددین زازا ،هاوار و جاندا کوردی ، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ، ژمارە (5) ،هەولێر ،هاوینی 2001، ل252 .

وا پێ دەچێ کە بڕیاری کۆمەڵەی (خۆیبون)[1]ی کوردی لەساڵی (1931) بەوەرگرتنی پیتە لاتینیەکان لەڕێنووسی کوردیدا پاڵنەرێك بووبێت بۆی، کە ئەم ئەلفوبێیە پێویستە لە گۆڤارەکەیدا بەرەو پێشەوەیان ببات، (زنار سلۆپی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ساڵی (1931) کۆبوونەوەیەك بۆ لیژنەی (خۆیبون) لەنێوان ئەم کەسایەتیانەدا (جەلادەت بەدرخان، هەمزە بەگ موکسی، موسا بەگ، ئەکرەم جەمیل پاشا) بەسترا، لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا کە پیتی لاتینی لەجیاتی پیتی عەرەبی بەکاربهێنرێت.[2]

بۆیە جەلادەت بەدرخان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ لەحکومەتی سوری لە (16)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (1931)[3]. ژمارە یەکی گۆڤارەکەی گۆڤاری (هاوار)ی لە (15)ی ئایاری ساڵی (1932)دەرکرد، ئەمەش وەك خاڵێکی دەسپێك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم

[1] -خۆیبوون : کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردی بوو ، لە ساڵی 1927 لە لوبنان دامەزرا ،زۆربەی کەسایەتییە کوردییە رۆشنبیر و شارەزاکانی لە خۆگرتبوو ،لە نێوانیاندا ئەندام هەبوون سەر بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان و بنەماڵەی جەمیل پاشا بوون .لە سەرەتاکانی سییەکانی سەدەی بیستەم ئەم کۆمەڵەیە سەرکردایەتی شۆڕشی دژ بە حکومەتی کەمالی لە تورکیا دەکرد، بۆ زیاتر شارەزابوون ، بڕوانە : روهات الاکوم ،خويبون و ثورة اكرى ، مراجعة : شكور مصطفى ، هەولێر 2000 ،ص5 . محمد ملا احمد ، جمعية خويبون و العلاقات الكردية – الارمنية ، اربيل ،2000، ص43–97 .

[2] - بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ،ل 164 .

[3] – صلاح محمد سليم هروريى ،هەمان سەرچاوە ، ل131 .



پیتانەو بڵاوکردنەوەی نووسین و خوێندن بەم پیتانە لە نێو کوردەکانی سوریا و تورکیا.[1]

جەلادەت بەدرخان دەربارەی ئەلفوبێیەکەی خۆی بەهەموو زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی دواوەو بەهەردوو پیتەکانی عەرەبی و لاتینیش لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (هاوار) وتاری نووسیوە، پاش ئەوەی وتمان کە ئامانج لەدەرچوونی گۆڤاری (هاوار)، بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی لەنێوان کورددا تازەبوو، و وانە بێژتنی زمانی کوردی و تۆمارکردنی ڕێزمان و تاوتوێکردنی هەموو شێوەزارەکان و لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕێزمان و بنەماکانی ئەم زمانە لە دێر زەمانەوە تاکو بە ئەمڕۆ گەیشتووە، جگە لە دیاری کردنی پێگەکانی لەنێو زمانە جیهانیەکان و لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییە زمانەوانیانەی کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە.[2]واتە ئامانجی سەرەکی ئەم گۆڤارە بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێە لاتینیە تازەیەیە لە نێو میللەتدا، پاشان جەلادەت بەدرخان دێتەسەر ئەم ئەلفوبێیە کە ڕووپەرەکانی گۆڤارەکەی لەژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدا دەنەخشێنێت ، بەم شێوەیە:ـ

## پیتە کوردییەکان

[1] – بڕوانە پاشکۆی ژمارە (13) .

[2] - بڕوانە : گۆڤاری هاوار ، ژمارە (1) ، 15 ئایاری 1932 ،ل 4 .

**پیتەکانی کوردی لە (31) پیت پێك دێن:**

a b c e ç d i g h x ê j i k q u î m n o p r s ş t û f v w y z

هەشت لەم پیتانە بزوێنن و ئەوانی دی نەبزوێنن، پیتی بزوێن لـەزمانی کوردیدا وا نییە جارێك کورت و جارێك درێژ بێت ، بەڵکو یان درێـژ یـان کورت دەبێت.

**پیتە بزوێنە کورتەکان ئەمانەن:ـ**

(e) ئەم پیتە لەگەڵ (فەتحە- سـەر)ی عـەرەبی بەرامبـەر یـەکن، وەکـو (فەتحە- سەر) لە وشەی (بَلْ ـ bel) ser, der, qer .

(i) ئەم پیتە بەرامبەر بە (الکسرە- ژێـر)ە لـە زمـانی عەرەبیـدا ، وەك کەسرە لە وشەی (مِن min).

(u) ئەم پیتە ڕێك بەرانبەر بە (ضمة– بـۆر) نییە ، چـونکە نزیکـە لـەو (ضـمة- بۆر)ەی کە لەم وشـەیەدا هـاتووە (کـرُد ـ qurd,) garastin, gur .

پیتە بزوێنە درێژەکانیش ئەمانەن:ـ

ئەو پیتانەن کە بەرامبەر بە ئەلفی درێژ کراون، وەکـو (آس ـ as) av, awa .



(ê) ئەو پیتەیە کە بەرامبەر بە(ی) لە زمانی سەرزارەکی بەکارهێنراوە ، وەکو وشەی (خیر)، ئەم پیتە لەزمانی عەرەبی تەواودا نییە: llêr, zêr, dêr.

(î) ئەم پیتە بەرامبـەر بـە(ی)ی درێژکراوەیـە ، بـە ئاخاوتنـە عەرەبیـە ڕاستەقینەکەی ، (جدید cedîd) sîn, zîn.

(û) ـ ئەو پیتەیە کە بەرامبەر بە(و)ی درێژکراوەیە بە ئاخاوتنە عەرەبییە ڕاستەقینەکەی، (نور ـ nûr) Dûr, rût. qûntar.

(o)ـ هیچ پیتێکی بەرامبەری لە زمانی عەرەبیدا نییـە و بەرامبـەر بـە (o) ی فەڕەنسییە و بە بـەردەوامی بـە درێـژکراوەیی بـەکاردەهێنرێت و حاڵەتی کورتکراوەشی نییە.

**پیتە نەبزوێنەکانیش ، بەم شێوەیەن:ـ**

b = ب

c = ج

ç = چ

d = د ض

g = گ

h = هـ

x = خ

j = ژ

k = ق

q = ك

i = ل

m = م

n = ن

p = پ

r = ر

s = س ص ث

ş = ش

t = ت ط

f = ف

v = ڤ

w = و

y = ي

z = ز ذ ظ



جا لەبەرئەوەی کە لە زمانی کوردیدا پیتەکانی (ض، ص، ط، ث، ظ، ذ) نییە، لەبەرئەوە لە هەموو ئەو وشانەی کە کورد لە زمانی عەرەبی وەریگرتووە ،پیتی بەرانبەری بۆ داناوە ،لەوانە پیتی (ص، ث) وەکو (س) و (ط) وەکو (ت) و (ذ، ظ) وەکو (ز) بەکاردەهێنرێت.

لە زمانە بیانییەکانەوە دوو پیتی زیاد هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە ، کە هەردوو پیتی (ح) و (غ)ن ، لەبەرئەوە ئەم وێنانەمان بۆ ئەم دوو پیتە کردووە :ـ

h = ح — حال ـ hal

x = غ — غار ـ xar [1]

بەم وشە و پیتانە جەلادەت بەدرخان دەربڕینی لەشێوازی ئەلفوبێیەکەی خۆی کرد، کە لە (31) پیت پێکدێت، لەپێناویدا زیاتر لە (13) ساڵ کۆششی بۆ تەرخان کرد، لە کۆتاییدا بڵاوکراوەیەکی کوردی بەپێی ئەو دەرەنجامانە بەچاپ گەیاند، چونکە دەرچوونی ئەم گۆڤارە سەرەتایەکی باش بوو کە دەرگاکانی چاپەمەنی دی لەو بوارەدا خستە سەرپشت ،جا چ لەکوردستانی تورکیا یا سوریا یان لە ئەوروپا بێ، هەروەها چەند زمانزانی دی کاریان لەسەر پێشخستنی ئەلفوبێی کوردی کرد، تەنانەت هەندێکیان هەستان بە دامەزراندنی ئەلفوبێی کوردی

[1] - گۆڤاری هاوار ، ژمارە (1) ، 15 ئایاری 1932 ،ل 5 .

لاتینی تایبەت بەخۆی وەکو ئەلفوبێیەکەی تۆفیق وەهبی[1] و کامەران بەدرخان.[2] بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان لە هەموویان سەرکەوتووترو بەهێزتربوو، جا هەرچەندە هەندێك هەمووارکردنی گرتەخۆ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا کوردی سوریاو تورکیا بەکاری دەهێنن ،کەچی کوردی عێراق و ئێران هێشتا پیتە عەرەبییەکان پەیڕەو دەکەن، جا گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی سەرکەوتن و بڵاوبونەوەی ئەلفوبێیەکەی میر جەلادەت بەدرخان، ئەم هۆکارانە بوون:ـ

1ـ میر جەلادەت بەدرخان هەست و سۆزێکی نەتەوایەتی بەجۆشی هەبوو ، چونکە لەنزیکەوە بارودۆخی دارماوی گەلەکەی خۆی دەزانی، جگە لەوەی کە لە نەوەی میرانی (بۆتان) بوو ، کە لە ناوەڕاستی سەدەی (19) رۆڵێکی نەتەوەیی گرنگیان گێڕا.

2ـ گەشت کردن و دونیا دیدەیی جەلادەت بەدرخان لەوڵاتان و شارانی هەمە جۆری ئەم دونیایە، بەتایبەتی تورکیاو سوریاو کوردستان و

[1] – هەروەکو ئەو کتێبەی بە ناونیشانی (خوێنەواری باو) لە سەر ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی لە ساڵی 1933 لە بەغدا دایناوبوو، بڕوانە: حامید فەرەج ، سەرچاوەی پێشوو ، ل23–25 .

[2] – کامەران بەدرخان : برای میر جەلادەت بەدرخان ، چەندین لێکۆڵینەوە و شتی لە سەر زمانی کوردی نووسیوە ، لەوانە کتێبێکی لە سەر ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ، کە لەساڵی 1938 لە دیمەشق بە چاپی گەیاندووە ، بە ناونیشانی (ئەلفابێ یا مە ) بڕوانە : حامید فەرەج ، سەرچاوەی پێشوو ، ل23–25 .



ئەڵمانیاو ئەوروپاو میسرو قاهیرەو لوبنان، کە شارەزایی و زمانزانییەکی زۆری فێرکرد ،چونکە جگە لە زمانی دایکی کە کوردییە ،زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی و یۆنانی و ڕووسی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی فێر ببوو.[1] میر جەلادەت هەموو ئەو زمانانەی بۆ خزمەتی زمانی کوردی بەکارهێنا، چونکە شارەزاییەکی باشی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پیتانەدا هەبوو، بۆیە لە سەرەتاوە دەرکی بەوەکرد کە پیتە لاتینیەکان بۆ دەنگە کوردیەکان نزیکترن.

3ـ دوو ڕوودا زۆر کاریگەرییان لەسەر میر جەلادەت بەدرخان هەبوو و وایان لێ کرد کە زیاتر ئەلفوبێیەکەی پێشبخات: یەکەمیان: تورکەکان لەساڵی (1928) ڕایانگەیاند کە پیتی عەرەبی لابەرن و لەجیاتی پیتی لاتینی بەکاربێنن، ئەم ڕووداوەش سەبارەت بە جەلادەت بەدرخان وەکو خاڵێکی پێشڤەبردن و قەڵبەزەیەکی نوێکردنەوە وابوو ، هەرچەندە ئەلفوبێی میر جەلادەت لەگەڵ ئەلفوبێی تورکیدا زۆر جیاوازی هەبوو.[2] ڕووداوی دووەمیش لەساڵی بڕیاری کۆمەڵەی (خۆیبوون) بوو (1931) بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی لە زمانی کوردیدا ، کە ئەمەش پاڵنەرێکی مەزن بوو بۆی.

[1] – بڕوانە : نورەددین زازا ، هەمان سەرچاوە ، ل252. حەمە ڕەش ڕەشۆ ، جەلادەت بەدرخان و رۆژنامەگەریا وی ب کورتی ، گۆڤاری رۆژنامەڤانی ، ژمارە (5) ، هاوینی 2001،ل256 .

[2] – celadet çeliker jêderê berê ,L30

4ـ بەلاّم هۆكاری هەرە گەورە لەسەرخستنی ئەلفوبێیەكەی میر جەلادەت بەدرخان ، دەركردنی گۆڤاری (هاوار) بوو ، بەم شێوازەی ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان، واتە ئەلفوبێیەكەی خۆی خستە بازنەیەكی پراكتیكی پەیڕەوكراوەوە، كە بووە دەروازەیەكی والاّ بۆ پڕۆژەكانی ڕێنووسی كوردی.

لەكۆتاییشدا پێویستە باسی گرنگترین ئەو هۆكارانە بكەین كە وای لە بەشێك لە زمانەوانە كوردەكان كرد، كە واز لە پیتە عەرەبیەكان بێنن و دەست بدەنە بەكارهێنانی پیتی لاتینی ،كە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:ـ

1ـ گەیشتنی هزری نەتەوەیی لە ئەوروپاوە بۆ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و كاریگەربوونی گەلانی ئەو دوو وڵاتە بەو هزرە نەتەوایەتییەوە، لەوانەش بێ گومان گەلی كورد لەژێر فشاری ئەو كاریگەریەدابوو، هەروەها سەرهەڵدانی تەوژمێكی بەهێزی نەتەوەیی لەنێو میللەتی كورددا لەژێر ئەو فشارە ئەوروپیە ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و پیشەسازییە گەورەیە، تازەیە، وەكو میللەتانی تری ناوچەكە.

2ـ ئاشنابوونی زۆر لە ڕۆشنبیرانی كورد لە ئەوروپا و گەشتكردنیان بۆ وڵاتە ئەوروپییەكان، وەكو (عەبدوڵلا جەودت) و (جەلادەت بەدرخان) و (كامەران بەدرخان) و تێكەڵ بوونیان لەگەڵ ڕۆشنبیرە ئەوروپییەكان و فێربوونی چەند زمانێكی بیانی و ئەوروپی و گەیشتنیان بەو قەناعەتەی كە پیتی لاتینی بۆ زمانی كوردی شیاوترە وەك لە پیتە عەرەبیەكان ،چونكە زمانی كوردی لەخانەوادەی زمانە هیندۆ ئەوروپییەكانە، تا ڕادەیەكیش نزیكە لەهەندێ زمانی ئەوروپیەوە وەكو زمانی ئەڵمانی و



فەرەنسی و ئینگلیزی كە پیتی لاتینی لە نووسینیاندا بەكاردەهێنن، ئەمە جگە لەوەی كە زمانی عەرەبی یەكێكە لە زمانە سامییەكان و زۆر لە زمانی كوردییەوە دوورە.

3ـ بوونی ژمارەیەك لە دەنگە كوردییەكان كە بەهیچ شێوەیەك بەرامبەریان لەزمانی عەرەبیدا نییە و بەپێچەوانەشەوە، ئەمەش وای كرد كە ڕێژەیەك لە لێكۆڵەران و زمانەوانە كوردەكان بگەنە ئەو قەناعەتەی كە یەكێك لە گرنگترین هۆیەكانی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری لەناو كوردان، زەحمەت فێربوونی زمانی كوردییە بە پیتە عەرەبییەكان، هەروەها زەحمەتی زمانی عەرەبییە بۆ كورد، كە وای كردووە وردە وردە كوردەكان لەفێربوون و زانین، دوور بكەونەوە بەم حاڵەش نەخوێندەواریی لەناو كورددا زیادی كردووەو تەشەنەی سەندووە.

4ـ ژمارەیەك لەكوردان لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا و لەكاتی سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوایەتی لەلای كورددا، خوازیاری ئەوەبوون كە ژمارەیەك لە لایەنە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە باوەكانی كوردەواری بگۆڕن، ئەویش لەپێناو پەلەكردن و خێراكردنی پرۆسەی پێشڤەبردنی كۆمەڵگای كوردی، یەكێك لەو لایەنە ڕۆشنبیریانەی كە ئەم ژمارە كوردە خوازیاری گۆڕینی بوون ، لابردنی پیتە عەرەبیەكان و دانانی پیتی لاتینی بوو، كە بە ڕای ئەوانە یارمەتیدەرێكی باشە بۆ پێشڤەبردنی بزاوتە نەتەوەیی و ڕۆشنبیریەكەی ئەو ماوەیەی میللەتی كوردە.

## کۆتایی

لێکۆڵینەوە لە ئەلفوبێی کوردی لـەو ماوەیـەدا (1898 ـ 1932) ، چەند مەسەلەیەکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، لەوانە:ـ

1ـ ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لەبواری دۆزینەوەی ئەلفوبێی کوردیدا هەبووە، چونکە ڕۆژنامە لەوکاتـەدا گیـانی



خستە چەمك و مانا ڕۆشنبیریەکانەوەو روحی تازەی بە بـەرداکرد، جگـە لەوەی کە بۆ یەکەمجار لەڕۆژنامـەکان وتوێژی بـەگوڕو ڕاسـتەقینە لـەنێوان ڕۆشنبیرانی کورددا لەمەڕ ئەلفوبێی کوردی بەڕێوەچوو.

2ـ یەکەمین ئەو کێشانەی کە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرە کوردەکان تاووتوێیـان کرد، کێشەی ئەلفوبێی کوردی بوو، کە بە مەسەلەیەکی گەورەو مـەزنیان هەژمارکرد بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی نەتەوایەتی کورد.

3ـ هەندێك لە ڕۆشنبیرە کوردەکان ڕۆڵێکـی مـەزنیان لەفۆرمەلـەکردن و داهێنانی ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو گێڕا، لەوانە (خەلیل خـەیالی) کـە بەیەکەمین کەس دادەنرێت کە ئەم بیرۆکەی هێنابێتە کاکڵەوە ، هـەروەها ئەمیر جەلادەت بەدرخان باشترین ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی هێنایە کایەوە.

4ـ یەکێك لـەو مەسـەلە گرنگانـەی کـە پێویـستە لـەکاتی ئەنجامـدانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری کـوردی ڕەچـاو بکرێت ئەوەیە،کە ئەو ماوەیەی کـە لـەنێوان سـالآنی (1918)ەوە واتـە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو ساڵی (1922) ، واتە ئەو ساڵەی کە (کەمال ئەتاتورك) چووە ناو (ئەستەنبول)ەوە، ئەو ماوەیـە میللـەتی کـورد زۆر لەبەرهـەم و نووسـینە هـزری و نەتـەوەیی و ڕۆشنبیریەکانیان لەشاری (ئەستەنبول) بەجێهێشت، چونکە لەو ماوەیـەدا بوو کە باشترین زاناو سەرکردە و ڕۆشـنبیرانی کـورد لـەوێ کۆبـبوونـەوەو هەستابوون بە دامەزرانـدنی کۆمەڵـەو ڕێکخـراوی سیاسـی و دەرچـوونی

ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر بەزمانی کوردی، جێی نیگەرانیە کە زۆربەی زۆری ئەو نووسین و ڕۆژنامەو بەرهەمانە ونبوون و تا ئێستاش نەدۆزراونەتەوە.ئەویش لەدەرەنجامی شاڵاوی تورکە کەمالیەکان بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی کوردی و دانپیانەنانیان بەمیللەتی کوردو پەراوێزخستنیان لەئایندەی سیاسیدا.

5ـ هزرڤانە کوردو ڕۆشنبیرە کوردپەروەرەکان بواری زۆر شیاو و دەرفەتی گونجاویان بۆ نەڕەخسا ، کە ئەلفوبێیەکەیان زیاتر خزمەت بکەن، بۆیە نووسەرو ڕووناکبیرە کوردەکان دابەشبوونە سەر دووبەشەوە ، لایەکیان پیتی عەرەبی و ئەوانی تریشیان پیتی لاتینیان لە ڕێنووسی کوردیدا پێ باشتربوو، جا داگیرکەرانی کوردستانیش ڕۆڵێکی چەوتیان لەو بوارەدا گێڕا ، بۆیە کوردی عێراق و ئێران دەستیان دایە نووسینی ڕێنووسی کوردی بەپیتی عەرەبی و هەوڵیشیاندا کە زیاتر پێشی بخەن، چونکە عێراق وڵاتێکی عەرەبییەو زمانی عەرەبیش تیایدا تاکە زمانی فەرمی بووە، ئەمە گەر کوردستانی باشوور بە بەشێك لەو حاڵەتە هەژمار نەکەین، ئێرانیش زمانی فەرمی تیایدا زمانی فارسییە، کەچی پیتی عەرەبی لە تۆمارگای زمانەوانیاندا، بەکاردەهێنن.

هەروەها تورکیا کە لەنووسیندا و دەستی دایە بەکارهێنانی پیتە لاتینیەکان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەبڵاوبوونەوەی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی لەنێوان کورددا ، هەرچی کوردی سوریایە پیتی



لاتینی بەکاردەهێنن ، هەرچەندە دەوڵەتەکە عەرەبییە، ئەویش لەبەرئەوەی بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ کوردی هەر لەسوریادا سەری هەڵدا.

لەکۆتایشدا دەڵێین کە دابەشبوونی کوردو کوردستان لەنێوان ئەو وڵاتانەدا هەموو شتێکی کوردی دابەش کردووە تەنانەت ئەلفوبێ و نووسینەکەشیانی دابەش کردووە.

# پاشکۆکان


**پاشکۆی ژماره (1-1)**

**ئەلفوبێی کوردی لە پێش ئیسلامدا،هەروەك لە کتێبی (شوق المستهام )ی ( ئەحمەد ئیبن بەکری کوڕی وحشییەی نەبەتی کلدانی ) ساڵی (241 کۆچی / 856زایینی ) هاتووە.**




ملحق رقم (١-٢)
الالفباء الكوردية قبل الاسلام كما وردت في كتاب (شوق المستهام) لمؤلفه (احمد بن ابي بكر بن وحشية النبطي الكلداني) عام (٢٤١هـ/٨٥٦م)

**پاشکۆی ژماره (1-2)**




**پاشکۆی ژمارە (2)**



**لاپەڕەیەکە لە دەستنووسی (لب العقائد) ،کە شێخ مەولانە خالیدی نەقشبەندی ساڵی 1818 کۆیکردۆتەوە ، ئەم کتێبە بە زمانی کوردی و پیتی عەرەبی ئامادەکراوە .**




**پاشکۆی ژمارە (3)**

**لاپەڕەیەك لە چیرۆكی (مەم و زین )ە، كە مەلا مەحموودی بایەزیدی ساڵی 1856 نووسیویەتی ، كە بۆ ئەمەش پشت بە داستانی مەموزینی ئەحمەدی خانی بەستراوە .**




**پاشكۆی ژمارە (4)**



**بەرگی دەرەوەی كتێبی (گارزۆنی )یە، كە لە سەر رێزمانی كوردییە و ساڵی 1787 دانراوە ، لەگەڵ ئەلفوبێی كوردی هەمدیسان خۆی دایناوە.**




**پاشكۆی ژمارە (5)**


**لاپەڕەی یەکەم لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستانە، کە میقداد میدحەت بەدرخان لە 2008/4/22 لە شاری قاهیرەی میسر دەریکردووە ، کە بە زمانی کوردی نووسراوە لەگەڵ بەکارهێنانی پیتی عەرەبی و خەتی فارسی .**




**پاشکۆی ژمارە (1-6)**



**لاپەڕەیەکی تەواو لە کتێبی (ئەلفوبێی کرمانجی) خەلیل خەیالی، کە لە سەر ئەلفوبێی کوردییە بە پیتی عەرەبی و ساڵی 1909 لە ئەستەنبۆل دایناوە و ژمارەی لاپەڕەکانیشی 27 لاپەڕەیە .**


-Mehmet Bayrak , Açik-Gizli - Resmi-Gayriresmi Kurdoloji Belgeleri, Ankara, 1991

**پاشکۆی ژمارە (2-6)**



ملحق رقم (٦ - ٢)

ا ب پ ت ث ج چ ح ح
خ د ذ ر ز س ش
ص ض ط ظ ع غ ف ڤ
ق ك گ ل م ن و ه
لا ي

٨٨

**پاشکۆی ژمارە (3-6)**





ملحق رقم (٦ - ٣)

٨٩

**پاشکۆی ژمارە (4-6)**

| مستقلة | داوّلده | داورده | داخرده | اسماء |
|---|---|---|---|---|
| ز | . | . | ـز | زين |
| س | ســ | ـســ | ـس | سين |
| ش | شــ | ـشــ | ـش | شين |
| ص | صـ | ـصـ | ـص | صاد |
| ض | ضـ | ـضـ | ـض | ضاد |
| ط | طـ | ـطـ | ـط | طى |
| ظ | ظـ | ـظـ | ـظ | ظى |
| ع | عـ | ـعـ | ـع | عين |
| غ | غـ | ـغـ | ـغ | غين |
| ف | فـ | ـفـ | ـف | فى |
| ڤ | ڤـ | ـڤـ | ـڤ | ڤى |
| ق | قـ | ـقـ | ـق | قاف |
| ك | كـ | ـكـ | ـك | كاف |



**پاشكۆی ژماره (6-5)**






| مستقلة | داوّلده | داورده | داخرده | اسماء |
|---|---|---|---|---|
| گ | گـ | ـگـ | ـگ | گاف |
| ل | لـ | ـلـ | ـل | لام |
| م | مـ | ـمـ | ـم | ميم |
| ن | نـ | ـنـ | ـن | نون |
| و | . | . | ـو | واو |
| ه | هـ | ـهـ | ـه | هى |
| ى | يـ | ـيـ | ـى | يى |

حروفِ ثقل

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ت | ع | ق | ش | ى |
| د | ف | س | ل | ك |
| و | ج | ز | ه | ص |
| ص | گ | ژ | ع | ن |
| ق | ط | ر | چ | ذ |




**پاشكۆی ژماره (6-6)**




**پاشکۆی ژماره (6-7)**






**پاشکۆی ژماره (6-8)**




**پاشکۆی ژماره (6-9)**







**پاشکۆی ژماره (6-10)**





**پاشكۆی ژماره (6-11)**







**پاشكۆی ژماره (6-12)**





**پاشکۆی ژمارە (6-13)**






**پاشکۆی ژمارە (6-14)**

ملحق رقم (٦ - ١٤)





## پاشکۆی ژمارە (6-15)

ملحق رقم (٦ - ١٥)





ملحق رقم (٦ - ١٦)

١٦

١٠٢






ملحق رقم (٦ - ١٧)

١٧

١٠٣

ملحق رقم (٦ - ١٨)

أسك باسك پارس رانت مانت
بيست سيزت سبزت جيزت مبارك
سپنك نوشت بوشت دوشت خوزت
گوزت گوشت
خون دوز شوق كوت حيف گوز
ئسور خوش كوش
حيف دزف زبت عجب
غيب قند مبنل
لفظ شدّة.
رب حظ بشر قد سد شد
عدد
لفظ همزه الف
آدن إذن سؤال قرآن مؤمن
رؤيت

١٠٦

پاشكۆی ژمارە (6-19)




ملحق رقم (٦ - ١٩)

١٠ اوى، علامت حركة نه
لفظ دوهجائى.
بادان بالان تالان زازان شاتان
كالان قالان كاقان
كاران
بران براز تبات دلاو فراد
دمان قداز كمال
طلاف
تفاق خراب زفاف
سلاف فراق كراس
بساز
قلاف كلاف كلاف
خناق
بدن دبز خنك ككن ككن

١٠٥


پاشكۆی ژمارە (6-20)



ملحق رقم (٦ – ٢٠)


**پاشکۆی ژمارە (6-21)**





ملحق رقم (٦ – ٢١)

**پاشکۆی ژمارە (6-22)**





**پاشكۆی ژماره (6-23)**






**پاشكۆی ژماره (6-24)**


ملحق رقم (٦ - ٢٤)

٢٤

ابجد هوز حطي كلمن سعفص
قرشت ثخذ ضظغ لا فتبارك الله
احسن الخالقين

التحيات المباركات الصلوات الطيبات
لله السلام عليك ايها النبي ورحمة الله
وبركاته السلام علينا وعلى عباد الله

١٢٠

پاشكۆى ژماره (6-25)




ملحق رقم (٦ - ٢٥)

٢٥

الصالحين اشهد ان لا اله الا الله واشهد
ان محمدا عبده ورسوله
اللهم صل على محمد وعلى آل محمد
كما صليت وسلمت وباركت
ورحمت وترحمت على ابراهيم وعلى
آل ابراهيم في العالمين إنك
حميد مجيد
آمنت بالله وملائكته وكتبه و
رسله واليوم الآخر والقدر خيره
وشره من الله تعالى
والبعث بعد الموت حق اشهد ان لا اله
الا الله واشهد ان محمدا عبده ورسوله

اني وجهت وجهي للذي فطر السموات والارض

١٢١

پاشكۆى ژماره (6-26)



ملحق رقم (٦ - ٢٦)

حنيفا وما أنا من المشركين قل إن صلاتي
ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين
لا شريك له وبذلك أمرت وأنا
أول المسلمين

. قنوت .


اللهم اهدني فيمن هديت وعافني فيمن
عافيت وتولني فيمن توليت وبارك لي فيما
أعطيت وقني شر ما قضيت إنك تقضي
ولا يقضى عليك وإنه لا يذل من واليت

ولا يعز من عاديت تباركت ربنا
وتعاليت نستغفرك ونتوب إليك
وصلى الله على النبي

١١٦



## پاشكۆی ژماره (6-27)



ملحق رقم (٦ - ٢٧)

. رجا .
تمای فی زبو طبع کرنا کتب کرمانجانه

لحی فی قرائت وصرف ونحو زبان کرمانجی
ژی دی طبع بیه . فقط
آمر محتاج آری کریه یا آری کرن
تشبان نابه . هیڤیا مه غیرت وخوکربا
کرماجانه
مقصدا مه ژ زاروك کرمانجا زایت ناکلربا
علم وهنربه

[illegible]
تمت
١٣٢٥
٢

١١٣

**پاشکۆی ژماره (1-7)**


**دەقی وتارەکەی سالّح بەدرخانە ، کە بە زمانی تورکی عوسمانی لە سەر ئەلفوبێی کوردی لە ژمارە دووی رۆژی کورد بڵاوکراوەتەوە .**


ملحق رقم (٧ - ١)

**پاشکۆی ژماره (2-7)**



**گفتوگۆی گۆڤاری رۆژی کورد لە بارەی ئەلفوبێیەکەی سالّح بەدرخان و هاندانی خەڵك بۆئەوەی بۆچوونی خۆیان لە بارەیەوە بخەنە ڕوو .**


ملحق رقم (٧ - ٢)

**پاشکۆی ژماره (3-7)**

بەردەوامبوون لە سەر گفتوگۆی گۆڤاری رۆژی کورد لە بارەی ئەلفوبێیەکەی ساڵح بەدرخان ، لە ژمارە سێی گۆڤارەکە ، کە لە **14**ی ئابی **1913** ، لاپەڕە **32** بڵاوکراوەتەوە .




ملحق رقم (٧ - ٣)
استمرار مناقشة روزي كورد لألفباء صالح بدرخان في عددها الثالث الصادر بتاريخ ١٤ آب ١٩١٣، ص٣٢.

١١٦

**پاشکۆی ژمارە (4-7)**



بەردەوامبوونی گۆڤاری هەتاوی کورد بۆ زانینی ئاستی سەرکەوتنی ئەلفوبێیەکەی ساڵح بەدرخان .



ملحق رقم (٧ - ٤)
استمرار المحاولة من جانب مجلة هتاوي كورد لمعرفة مدى فاعلية وانفتاح ألفباء صالح بدرخان

هتاوي كورد، العدد (١)، ٢٤ تشرين الأول ١٩١٣، ص٣٢

هتاوي كورد، العدد (٢)، ٢٤ كانون الأول ١٩١٣، ص٣٢

١١٧


**پاشکۆی ژمارە (8)**

ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ، کە هەریەك لە ( محەمەد زەکی ) و (میرزا محەمەد باشقە) خستییانە ڕوو ، هەروەکو چۆن لە کتێبەکەیان ( کتابی اولمینی قرائەتی کوردی ) ساڵی **1920** هاتووە .

**پاشکۆی ژمارە (9)**

**بەرگی پێشەوە و دواوەی کتێبی ( شمس-رۆژ) ، کە لازۆ نووسیویەتی و ساڵی 1921 بە زمانی کوردی بە پیتی ئەرمەنی لە تەبلیس چاپکراوە .**




ملحق رقم (٩)
الوجه الامامي والخلفي لغلاف كتاب (شمس) الذي كتبه لازو وطبعه سنة ١٩٢١ في تبليس، باللغة الكوردية بالحروف الارمنية

١١٩

**پاشکۆی ژمارە (10)**

لاپەڕەی یەکەم لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی ( ریا تازە )، کە لە **25**ی ئاداری **1930** لە یەریڤان دەرچووە  و بە زمانی کوردی و پیتی لاتینی بلاوکراوەتەوە .



ملحق رقم (١٠)


الصفحة الاول من العدد الاول لجريدة (ريا تازه) الصادرة في يريفان بتاريخ ٢٥ آذار ١٩٣٠، وقد دونت باللغة الكوردية بالحروف اللاتينية



**پاشکۆی ژمارە (11)**



ئەلفوبێی کوردی ،ـ کە (حاجی جندۆ) لە سەر بنەمای پیتی لاتینی و ڕووسی و فەڕەنسی لە دووتوێی کتێبێك بەناونیشانی (کتێبا ئەلفبا ) ساڵی **1931** لە یەریڤان بلاوی کردۆتەوە .



ملحق رقم (١١)


الالفباء الكوردية التي وضعها (حاجي جندي) على اساس الحروف اللاتينية والروسية والفرنسية معاً ضمن كتابه المعنون (كتيبا ئەلفبا – KTEBA ƏLSFBA ) سنة ١٩٣١ في يريفان *

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| a | ا | S | س | P | پ |
| B | ب | Ş | ش | J | ی |
| T | ت | F | ف | O | ۆ |
| h | ح | V | ڤ | I | ی |
| X | خ | Q | ق | б | بزوێنەی کوردی |
| C | ج | K | ك | Ә | ئە |
| d | د | G | گ | Ģ | چ |
| r | ر | L | ل | E | ێ |
| Z | ز | M | م | Y | ۆ |
| Ƶ | ژ | N | ن | U | و |

* ينظر: حامد فرج، ڕێنوسی کوردی ... ل٢٥.

**پاشکۆی ژمارە (12)**

ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی ، کە میر جەلادەت بەدرخان لە دەفتەرێکی خۆی و بە دەستخەتی خۆی ساڵی **1928** نووسیویەتی .



ملحق رقم (١٢)

- Celadet Celiker, CEND PIRSIN ALFABEYA KURDIK, Stokholm, ١٩٩٦, L٣٢.

**پاشکۆی ژمارە (13)**



لاپەڕەی یەکەم لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری هاوار ، کە میر جەلادەت بەدرخان لە **15**ی ئایاری **1932** بە زمانی کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتینی لە دیمەشق دەریکردووە .


ملحق رقم (١٣)

HAWAR

-Hawar ١, Hejmara ١-٢٣ (١٩٣٢-١٩٤٣), Hewler, ٢٠٠١.

# سەرچاوەکان



## سەرچاوەکان

**یەکەم : ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی کە لەماوەی لێکۆڵینەوەکە دەرچوونە**

ـــ کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898 ـ 1902، کۆکردنەوە و پێشەکی: د. کەمال فوئاد، بەغدا، 1972.

ـــ ڕۆژی کورد 1913 ، بڵاوکردنەوەو پێشەکی و لەسەر نووسینی: جەمال خەزنەدار، بەغدا، 1981.

ـ هەتاوی کورد 1913 ـ 1914.

ـ ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لەسەر نووسینی: سدیق ساڵح، سلێمانی، 2004.

ـــ دیاری کوردستان ( 1925 ـ 1926 )، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی: نەوشیروان مستەفا ئەمین، سدیق ساڵح، سلێمانی، 2001.

ـــ زاری کرمانجی ( 1926 ـ 1932 ) ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، هەولێر، 2002.

Hawar1, Hejmar 1-23 (1932 – 1933), Erbil Kurdistan, 2001.

**دووەم :یاداشتی کەسایەتییەکان**

ـ صالح بدرخان، مذكراتي، ترجمة: روشن بدرخان، الناشر: دلاور الزنكي، دمشق، 1991.

ـ قدري جميل باشا ( زنار سلوبي )، مسالة كوردستان ( 60 عاماً من النضال المسلح للشعب الكوردي ضد العبودية )، تنقيح وتقديم: د. عزالدين مصطفى رسول، ط2، بيروت، 1997.

## سێیەم : کتێب

### 1- کتێبە عەرەبی و وەرگێڕدراوەکان


- د. أحمد عثمان أبو بكر، كوردستان في عهد السلام (بعد الحرب العالمية الأولى)، أربيل، 2002.
- اسماعيل بشكجي، كوردستان مستعمرة دولية، ترجمة: د. نوری طالباني، ط 3، أربيل، 2004.
- د. بدرخان السندي، المجتمع الكوردي في المنظور الاستشراقي، أربيل، 2002.
- د. بلەج شير كوة، القضية الكوردية: ماضي الكورد وحاضرهم، مصر، 1930.
- توماس بوا، تاريخ الاكراد، ترجمة: تاريخ سياسي 1900 ـ 1925 ومما يتناول الصراع على جنوب كردستان أمام عصبة الامم مع الوثائق والمذكرات المتعلقة بة، أربيل، 2002.
- جليلي جليل، نهضة الأكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، ترجمة: بافي نازى، ولاتو، بيروت، 1986.
- جمال خزندار، مرشد الصحافة الكوردية، بغداد، 1973.
- جيرار شاليان، كندال نزان واخرون، الأكراد وكوردستان، حركة التحرير الوطني الفلسطينى (الفتح) التعبئة والتنظيم الدراسات، فلسطين، 1982.
- دبليو. أي. ويگرام. ادگار. ى. أى, ويگرام، مهد البشرية: الحياة في شرق كوردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، ط3، أربيل، 2001.
- دراسات عن تركيا، جامعة المستنصرية، معهد الدراسات الاسيوية والافريقية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، د. ت.
- روهات الاكوم، خويبون و ثورة اگرى، مراجعة: شكور مصطفى، هەولێر، 2000.
- زياد الملا، لغات العالم الحية والميتة، سوريا ـ دمشق، 1999.





- د. سامي سعيد الاحمد، اليزيدية احوالهم ومعتقداتهم، ج1، بغداد، 1971.
- شرف خان البدليسي، شرفنامة، ترجمة: محمد جميل الملا أحمد الروژبيانى، ط2، أربيل، 2001.
- د. صلاح محمد سليم هروري، الأسرة البدرخانية: نشاطها السياسي والثقافي 1900 ـ 1950، دهوك، 2004.
- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن 1908 ـ 1958، بغداد، 1989.
- د. كمال مظهر أحمد، كوردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، بغداد، 1984.
- ماليسانژ، القومية الكوردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين، ترجمة: شكور مصطفى، أربيل، 2000.
- ماليسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان ومحاضر اجتماعات المجمعية العائلية البدرخانية، ترجمة: شكور مصطفى، أربيل، 1998.
- محمد ملا احمد، جمعية خويبون والعلاقات الكوردية ـ الارمنية، أربيل، 2000.
- مير بصري، اعلام الكورد، لندن ـ قبرص، 1991.
- ن. أ. خالفين، الصراع على كوردستان: المسألة الكوردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر، ترجمة: د. أحمد عثمان ابو بكر، بغداد، 1969.
- هوگر طاهر توفيق، دور الصحافة الكوردية في تطوير الوعي القومي الكوردي 1898 ـ 1918، دهوك، 2004.


### 2- کتێبە کوردییەکان

#### ا – بە پیتی عەرەبی


- جمال نەبەز، نووسینی کوردی بەلاتینی، بغداد، 1957.

- حامید فەرەج، ڕێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا، بەغدا، 1976.
- خالید شارەزووریی نەقشەبەندی، عەقیدەی ئیمان - عەقیدەی کوردی ( لوببە لعەقاییید ) کۆنترین دەستنوس، ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: بابێ لالۆ کەمال ڕەئوف موحەممەد، هەولێر، 2004.
- ڕەشید فندی، عەلی تەرەماخی ئیکەمین ڕێزمان نڤیسی و پەخشان نفیسێ کوردە، بغداد، 1985.
- گیوی موکریانی، گیونامە، هەولێر، 1960.
- عەلی تەتەر، بزافا سیاسی ل کوردستانێ 1908 - 1927، دهوك، 2002.
- د. فەرهاد پیربالْ، ڕوژنامەگەریی کوردی بەزمانی فرەنسی، هەولێر، 1998.
- د. فەرهاد پیربالْ ، سەرچاوەکانی کوردناسی، سلێمانی، 1998.
- د. فەرهاد پیربالْ ، عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری: تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردی دا، دهوك، 2002.
- د. فەرهاد پیربالْ ، مەلا مەحموودی بایەزیدی 1799 - 1867، یەکەمین چیرۆکنووس و بەخشاننووسی کورد، هەولێر، 2000.
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی: شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردی دا، بغداد، 1978.
- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم: سەدەکانی چواردەم - هەژدەم، هەولێر، 2002.
- د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم: نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەم 1801 - 1850، هەولێر، 2003.
- وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەولێر، 1998.



**ب – بە پیتی لاتینی**

- Malmisanj, Mahamud lewendi, Li Kurdistana Bakur u Li Tirkiye Rojnamegeriya Kurdi (1908 – 1992), ANKARA, 1992.
- Celadet celiker, cend pirsen alfabeya kurdi, Stoockholm, 1996.

**3-کتێبە تورکییەکان**

- MEHMET BAYRAK, ACIK- GIZLI/RESMI – GAYRIRESMI KURDOLOJI BELGELERI, ANKARA: 1994.

**4-کتێبە ئیتالییەکان**

- DALP. MAURIZIO GARZONI, GRMMATICAE VOCABOLARIO DELLA LINGUA KURDA, ROMA, 1787.

**چوارەم : لێکۆڵینەوە و وتارەکان**

**1- بە زمانی عەرەبی**

أ اراس جودي، ألامير جلادت بدرخان والالفباء الكوردية اللاتينية، ترجمة ومداخلة: نوزت الدهوكي، مجلة الصوت الاخر، العدد (1) أربيل، 3 حزيران 2004.

ـ عادل گرمياني، دور الصحافة الكوردية في ازدهار الادب الكوردي، مجلة گولان العربي، العدد (60)، أربيل، 31 أيار 2001.

ـ عبدالله محمد حداد، الهدية الحميدية في اللغة الكوردية (عرض عام وملاحظات متفرقة)، جريدة التآخي، العدد (1207)، بغداد، 9 كانون الاول 1972.

ـ محمد الملا عبدالكريم، كان للكورد ايضاً حروفهم التي يكتبون بها، مجلة گولان العربي، العدد (41)، أربيل، تشرين الاول 1999.

### 2- بە زمانی کوردی

ـ حەمە ڕەش، جەلادەت بەدرخان و ڕۆژنامەگەرییا وی بکورتی، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە (5)، هاوینی 2001.

ـ قەناتی کوردۆ، ل بابەت نیڤسکار: زمان و ئەلفبایێ پەرتوکێت دینێ ئێزدیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، 1973.

ـ کوردێکی یەکرەنگ، دیاریی ژمارە، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە (9) هاوینی 2002.

ـ کونێ رەش، بیرانینا میر جەلادەت بدرخان، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە (5) هەولێر، هاوینی 2001.

ـ م. ئەمین بوز ئارسلان، زانیاری گشتی لەمەڕ گۆڤاری (ژین)، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە (6ـ7)، هەولێر، زستانی 2001.



ـ مارف خەزنەدار، ژیانی کوردناسی و زانایانی کوردی ئەورووپا: قەناتی کوردۆ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (2) تەمموزی 1971.

ـ مالمیسانژ، ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری گەورەی کورد عەبدولڕەحمان بەدرخان، وەرگێڕانی لەتورکییەوە: ئارام خدر قەلادزەیی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (17)، هەولێر، 1997.

مەحمود زامدار، ڕۆژنامەی (کورد) و شۆڕشێ سمکۆی شکاك، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (1)، هەولێر، 2004.

ـ محەمەد ئۆزۆن، جلادت ئالی بدرخان و خەباتێن وی یێن ل سەر زمان، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (5)، هەولێر، هاوینی 2001.

ـ محەمەد بکر، هاوار دەنگێ زانین و خوەناسینێ، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە (5)، هەولێر، هاوینی 2001.

ـ موسەدەق تۆڤی، گوڤارا هاوار یەکەمین خواندنگەها پیتێن لاتینی یێن کوردی، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە (4)، هەولێر، 22 نیسانی 2001.

ـ نورەدین زازا، هاوارو جاندا کوردی، گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە (5) هەولێر، هاوینی 2001.

ـ هێمن، ڕۆژنامەی کوردی لەکوردستانی ئێراندا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (1)، هەولێر، 2004.